# سیاسەتی ڕەگەزیی لەگەشەخستن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانەی فەلەستین و ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

ئەحمەد محەممەدپور و کەماڵ سولەیمانی*

و. کەماڵ حەسەنپوور

”

“

ئەو توێژینەوەیە لە پەیوەندیی سەربەخۆیی لەگەڵ گەشەکردن و شوناسی نەتەوەیی لە ئێرانی فرەنەتەوە، فرە ئایین و فرە زمانی بە زۆر هیرارشی کراو دەکۆڵێتەوە. بە سوود وەرگرتن لە نووسراوە زانستییەکان لەمەڕ لێکۆڵینەوە لە فەلەستین و بە تایبەت تیۆری "لەگەشەخستن"ی سارا ڕۆی، وەک خاڵی دەستپێک، لەو توێژنەوەیەدا لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن نەتەوەی حاکم لە ئێران گەشەسەندن دەکاتە ئامراز و بەلاڕێیدا دەبا تا نەتەوەی کوردی بە کەمینە کراو بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی. لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە تیۆری لەگەشەخستن لە چوارچێوەی بەربڵاوتری لێکۆڵینەوەکانی ئەو زانستە و تیشک خستنە سەر ئەکتەرەکانی لەگەشەخستن، ئێمە هەلومەرجە سیاسی-ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ئێران) لەگەڵ فەلەستین بەراورد دەکەین تا جەخت لە سەر وێکچوونە سەرەکییەکان و جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو دۆخە بکەین. توێژینەوەی ئێمە کەمایەسییەکانی لێکۆڵینەوەی گەشەسەندن بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی شاراوەی ئەتنیک/ڕەگەزی و ئایینی لەسەر جیاوازیی ئابووری پێشان دەدات و ئامانجە نائابوورییەکانی چەوساندنەوەی ئابووری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەر دەخات.

## پێشەکی

لەو توێژینەوەیەدا، ئێمە کەڵک لە بۆچوونی لەگەشەخستنی سارا ڕۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئابووریی سیاسیی ڕۆژهەڵات وەردەگرین. سارا ڕۆی (١٩٨٧) لەسەرەتادا چەمکی لەگەشەخستنی لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەمەڕ ئابووریی سیاسیی گەشەسەندن لە کەرتی غەززە داهێنا. وتارەکەمان بە پێشکەشکردنی پوختەیەکی گشتی لە بۆچوونە سەرەکییە جیاجیاکان لەمەڕ گەشەسەندن دەست پێ دەکات تا بتوانین ئەو چەمکە نوێیە (واتە لەگەشەخستن) لە چوارچێوە مێژوویی و ڕۆشنبیرییەکەی هاوێین. پاش گفتوگۆیەکی کورت لەمەڕ لەگەشەخستن لە بەشی دووهەمی توێژینەوەکەدا، بەشی سێهەم بۆ بەراورد کردنی دۆخی فەلەستین لەگەڵ ڕۆژهەڵات و جەختکردن لەسەر وێکچوون و جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوانیان تەرخان دەکەین. لە درێژەی وتارەکەدا جەخت لەسەر بزوێنەرە تاقانەکانی لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی دیسکۆرسی تاک ئەتنیک-تاک ئایینی کۆماری ئیسلامی دەکەین. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زانیارییەکانی ئێمە، بێجگە لە توێژینەوەی ئەتنیکناسیی ئێمە، پشتئەستوورە بە زانیاریی بەردەست وەکوو سەرچاوەکانی سەرهێڵ، ڕاپۆرتە دەوڵەتییەکانی ئێران و ئامار و زانیاریی بڵاو کراوە لە لایەن ڕێکخراوە کوردییە ناحکوومییەکان (ئێن جی ئۆکان). پێویستە جەخت بکەینەوە تەنانەت ئەو زانیارییەی هەنووکە لە بارەی ڕۆژهەڵات لەبەر دەستدایە فرە کەمە و لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، کە ئەوەش توێژینەوە لەسەر هەرێمەکە تووشی ئاڵنگاری لەرادەبەدەر دەکات. لێکۆڵینەوەکانی گەشەسەندن، چوارچێوەیەکی تیۆریکی هەمەزانستییانەیە کە لە ڕوانگەی سیاسی، فەرهەنگی، جوغرافیایی و ئابووری-کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە گەشەی کۆمەڵگاکان (ئاپتەر ١٩٨٧؛ ئێستێڤا ١٩٩٢؛ ئێسکۆبار ١٩٩٥). تیۆری هاوچەرخکردن، ئەگەر نەڵێین سەرەتاییترین ڕوانگە، بەڵکو گرینگترینیان لە لێکۆڵینەوەکانی لەگەشەخستنە کە هەوڵ دەدا گۆڕانە

مێژووییەکانی کۆمەڵگا نەریتی یان گەشە نەکردووەکان بەرەو هی پێشکەوتوو شی بکاتەوە. تیۆری هاوچەرخکردن (مۆدێرنیزە کردن) کە لە ڕوانگەی فکرییەوە ڕیشەی لە مشتومڕە فەلسەفییەکانی ڕۆشنگەری و لێکدانەوەی مودێرندایە، بانگەشەی ئەوە دەکات تیۆرییەکی تاقانە، گشتگیر و یەکلاکەرەوەی تیۆری کۆمەڵایەتی، گەشەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی دۆزیوەتەوە کە دەکرێ بۆ هەموو کۆمەڵگایەک، بە بێ لەبەر چاوگرتنی چوارچێوەی کات و شوێنی ئەوان، گونجاو بێ. بە پێشکەش کردنی تاقمێک یاسای گشتی بۆ پۆلێنکردنی کۆمەڵگاکان، تیۆری هاوچەرخکردن دووانەیەکی بۆ پێشتریبەتیدانی هێندێک تایبەتمەندی بەسەر ئەوانی دیکەدا ئافراندووە و کۆمەڵگاکانی بە گوێرەی خێرایی گەشەکردنی تەکنەلۆژیکی و ئابووری پلەبەندی کردووە. بۆ وێنە، ئەگەر بمانهەوێ ئاماژە بە چەند نێو بکەین، جۆرەکانی لای پەسندی ڕۆبەرت ڕێدفیلد (١٩٤٨)، نیل سمەلسەر (١٩٦٦)، ئێڤێرێت راجرز (١٩٦٩)، دانیەل لەرنەر (١٩٥٨) و واڵت ڕۆستۆو (١٩٦٠)، جەخت لەسەر جیاوازییەکانی کۆمەڵگاکانی نەریتی و مودێرن دەکەنەوە. ئەحمەد محەممەدپوور پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆمەڵناسی لە زانستگای بێنتلییە. کەماڵ سولەیمانی پرۆفیسۆری توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە زانستگای مەکزیکە. ئەو وتارە لە ١٦ی مارچ، ٢٠٢١ پێشکەش کرا، لە ٢٤ی فێبریوەری ٢٠٢١ پەسەند کرا و، لە ٢٥ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٤ بە شێوەی ئەلێکترۆنی بڵاو کرایەوە. لە سەرەتاکانی حەفتاکانی زایینییەوە، تیۆریی هاوچەرخکردن لە چەند ڕوانگەوە بەرەوڕووی ڕەخنە بووەتەوە کە توندترینیان بە تیۆریی بەستراوەیی ناسراوە و لە لایەن زانستوانانی ئەمریکای لاتینەوە پێشکەش کراوە. ئاندرێ گوندەر فرانک، دامەزرێنەری تیۆریی بەستراوەیی، دەیگوت تیۆرییە کلاسیکەکانی گەشەسەندن وەکوو مودێرنیتە ناتوانن پەیوەندیی ڕاستەقینەی نێوان وڵاتانی گەشەسەندوو و ناوچە هەژارەکانی دنیا شی بکەنەوە: ئەو پەیوەندییە چەوسێنەرانەیە و، وڵاتانی زلهێز ئەوە بە ستراتێژیی جۆراجۆر درێژەی پێ دەدەن (فرانک ١٩٦٦، ١٩٩٨؛ فرانک و جیڵز ١٩٩٢). تیۆریی سیستەمەکانی دنیا کە لە لایەن ئیمانوئێل والێرستەین پێشکەش کرا، بووە هۆی شەپۆلی دووهەمی ڕەخنە لە تیۆریی هاوچەرخکردن. بە گوێرەی ئەو تیۆرییە، ناوچەی ناوەند (واتە ڕۆژئاوا) ناوچە پەراوێزەکان بە مێکانیزمی جۆراجۆر بۆ ئاڵووێری نایەکسان دەچەوسێنێتەوە. بە پەرەدان بە تیۆریی بەستراوەیی، والێرستەین گوتی تاقە یەک ئابووریی جیهانیی سەرمایەداری هەیە؛ لە کاتێکدا کە سوود بە هێندێک وڵات دەگەیێنێ، ئەوانی دیکە دەچەوسێنێتەوە. ئەو لێرەدا سێ هەرێمی کرێکاری لێک جیا دەکاتەوە: ناوەند، پەراوێز و شێوەپەراوێز؛ ئەو هەرێمانە لە ڕوانگەی جوغرافیاییەوە لێک جیاوازن بەڵام لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە (والێرستەین ١٩٧٤، ١٩٨٠، ١٩٨٩). تیۆریی دیسکۆرسی فوکۆ (١٩٧٢) سەرنجڕاکێشترین هێرش بۆ سەر تەواوتی بیری کۆمەڵایەتیی مودێرن بوو. فوکۆ بە پێناسەکردنی دیسکۆرس وەک تاقمێک ڕێگا بۆ بەرهەمهێنانی زانست، گوتی مودێرنیتە دیسکۆرسێکە کە شێوازی تایبەتی ژێردەستەیی و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە (ئێسکۆبار ١٩٩٥). بۆ ناوبراو، مودێرنیتە پرۆژەیەکی

گوتارییە کە لە نێوەڕۆکدا سیاسییە و ڕاستەوخۆ لە خزمەت بایەخی دیاریکراو دایە و جیهانبینییەکە لە سەر حیسابی کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکان. پێش ڕەخنەی فوکۆ، کەسایەتییە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەکانی دژە کۆلۆنیاڵ و پاشکۆلۆنیاڵ باسی شێوازە جۆراجۆرەکانی دەستتێوەردانی ئیمپریالیستی، لە دەستدرێژیی ئابووری تا ناساندنی مێژوویی فەرهەنگەکانی دیکەیان کردبوو (عەبدولمالیک ١٩٦٣؛ سێزار ٢٠٠٠؛ دوبوا ١٩٤٥؛ سەعید ١٩٧٨). بۆ تێپەڕاندنی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال بۆ ئەوبەری سنوورەکانی، زانستوانانی هیندی وەکوو بابا (١٩٩٤)، سپیڤاک (١٩٨٨)، چاتەرجی (١٩٩٣، ١٩٨٦)، چاکرابارتی (٢٠٠٠) و گیوها (٢٠٠٢) لە خاڵی حەسانەوەی خۆیان تێپەڕین و چەمک و لۆژیکی نوێیان داهێنان. ئەو پێشەوچوونە هزرییانە نەخشەی ئەو شتانەیان دارشت کە دواتر وەک کۆمەڵناسیی ڕەسەن، یان باشووری لە ئەمریکای لاتین گەشەی کرد (گۆ ٢٠١٦). وەک لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیاڵ و لقوپۆپەکانی (وەکوو بیری کۆمەڵناسانی باشووری ئاسیا)، کۆمەڵناسیی باشووری، هەم وەک بیر و هەم وەک بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری، پێشنیاری کرد ئیدیعای ئانگلۆ-ئۆرووپاییی زانینی ڕاستی، گەشە و مودێرنیتەی وەک ناوچەگەرایی سەیر بکرێ. سەرەڕای هاوبەشبوون لە هێندێک بواری ڕۆشنبیریی وەک ڕخنەی مودێرنیتەی ئۆرووپایی، بەستراوەیی و، لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال، ئەوان لە چەند شوێن جیاوازیی بۆچوونیان هەیە. بنەڕەتیترین خاڵی جیاوازییان ئەوەیە کە تیۆریی بەستراوەیی ڕوانگەیەکی پێکهاتەیی و ئابووری-کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەگرێ و ئیمپریالیزم بە گەشەکردنی سەرمایەدارییەوە گرێ دەدا. بە بەراورد، لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال ڕوانگەیەکی پاشپێکهاتەیی و فەرهەنگییان هەیە، چونکە ئەوان ئیمپریالیزم و هێزی کردارنواندن بە دیسکۆرس و سیاسەتی نوێنەرایەتی دەبەستنەوە (هووگڤەلت ١٩٩٧؛ کاپوور ٢٠٠٢). خاڵێکی جیاوازیی دیکەش ئەوەیە کە بە گوێرەی بەستراوەیی، ئەوەی سیاسییە لە قۆرغی دەوڵەت و گەشەی سەرمایەداریی ژێر کۆنترۆڵی چینداییە، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال جەخت لەسەر بنکۆلکردنی شێوازی ناساندنی خۆرهەڵاتناسانی ڕۆژئاوایی لە لایەن کۆمەڵناسانی باشووری ئاسیاوە دەکەن. بێجگە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دنیای ئیسلام، زانایانی بەشەکانی دیکەی دنیا وێکچوونی هاوتەریبیان لە نێوان پەیوەندییە دەرەکییەکانی داسەپێنراو لە لایەن زلهێزانی کۆلۆنیالیستی بە سەر خەڵکانی کۆلۆنیکراو و پەیوەندییەکانی تاقمە ئەتنیکی، فەرهەنگی، نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان لە نێو کۆمەڵگاکانی ئەمریکای لاتین (ڕۆدریگێز ٢٠٠١)، وڵاتە یەکگرتووەکان (لایدۆن و ریزڤی ٢٠١٠) و، ئەفریقای باشوور (کووپەر ٢٠٠٢؛ مارکارد ١٩٥٧) دۆزیونەوە. ئەو بەراوردکردنانە بوونە هۆی داهێنانی چەمکی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی کە ئاماژەیەکە بە پەیوەندیی پێکهاتەیی سەرکوت و چەوساندنەوەی ئەتنیکە ژێردەستەکان لە لایەن ئەتنیکێکی دەسەڵاتداری نێو هەمان وڵات. پابلۆ گۆنزالێس کازانۆڤا (١٩٦٥) یەکێک لە یەکەم کەسەکان بوو کە کەڵکی لە دەستەواژەی "کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی" وەرگرت و ئەوی بۆ وەسفی دۆخی مەکزیک بەکار هێنا.

بە گوێرەی گۆنزالێس، کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بە دوو توخمی سەرەکییەوە دەناسرێتەوە: یەکەم، پەیوەندیی کۆلۆنیالیستی دەتوانێ لە نێوان وڵاتان، خەڵک، ڕەگەز یان فەرهەنگی جۆراجۆردا ڕوو بدا و، دووهەم، ئەو پەیوەندییە بریتییە لە ژێردەستە کردن، سەرکوت و چەوساندنەوە (ووڵپە ١٩٧٥:١٠٦). لە کۆتاییەکانی شەستەکانی زایینی، تیۆری کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە لێکۆڵینەوەکانی پرسی ڕەگەز لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە پانەوە پێشوازیی لێ کرا (هیند ١٩٨٤؛ پەکهام ٢٠٠٤؛ سغەییەر ٢٠١٦). بلاونەر (١٩٧٢)، کەسایەتییەکی دیاری لێکۆڵینەوەکانی کۆلۆنیالیزم، کە لە سەر کۆچبەر و کەمینە ئەتنیکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کاری دەکرد، هەوڵیدا کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە بەراوردکردنی گەڕەکە هەژارنشینەکانی ڕەشپێستان، دۆخی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییەکان و، "کەمینە کۆلۆنیزەکراوەکانی" دیکە لەگەڵ تاقمە سپیپێستەکان شی بکاتەوە. مایکڵ هەچەر (١٩٧٥)، لافۆنت (١٩٧١* و، بەیراس (١٩٨٢) بە هەمان شێوە هەوڵیاندا پێشان بدەن کە پەیوەندییەکانی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە تایبەتمەندییەکانی گەشەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئورووپا وەک بریتانیای مەزن، فەڕانسە و، ئیسپانیان، کە توانیویانە وێنەیەکی هاوچەشن و یەکگرتوو لە شوناسی نەتەوەیی دروست بکەن. لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، سەرهەڵدانی دەوڵەتانی نەتەوەپەرستی عەرەب، تورک و فارس کە سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی هاوچەشنکردنی فەرهەنگی، پاکتاوی ئەتنیکی و، ستراتێژیی شەڕانی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی هاوچەرخکردنیان ڕەچاو کرد، خاڵی نەدیتراوی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال پێک دەهێنن (بە زوان ٢٠٢١؛ کورت ٢٠١٩؛ محەممەدپوور و سولەیمانی ٢٠١٩). لە ڕاستیدا، لەبەر کۆنترۆڵی ورد و کرداری جۆراجۆری یاسایی، سیاسی و بەلاڕێبەرانە لە لایەن تاقمە ئەتنیکییە هێژەمۆنیخوازەکانی دەسەڵاتدار بە سەر ئاکادێمیای ئینگلیزیی زماندا، بەرهەمە نووسراوەکانی پەیوەندیدار بە پاشکۆلۆنیالیزم لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سوودی لە بۆچوونە ڕەخنەگرانەکانی هاوشێوە نەبینیوە. لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیا بە هەمان شێوە گوێیان نەداوەتە کۆلۆنیالیزمی "خۆرهەڵاتی"، کە لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆڕ و سەرکوتکەرەکان لە وڵاتانی وەکوو چین، ئێران، عێراق، سووریە، تورکیە و شوێنی دیکە بەڕێوە چووە. (بۆ بەراورد بڕوانە مامدانی ٢٠٢٠). ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆشنبیران لە ئێران، عێراق و تورکیە درێژەیان بە کەڵکوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پاشکۆلۆنیال بۆ بەرگری لە بەعەرەبکردن، بەفارسکردن و بەتورککردن وەک هەنگاوی بەرهەڵستکارانەی دژە کۆلۆنیال بەرانبەر بە دەستێوەردانە ئیمپریالیستییەکان و خۆرهەڵاتناسیی ڕۆژئاوا داوە. لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال، بە تایبەت خۆرهەڵاتناسیی سەعید، بە هەمان شێوە لە لایەن زانایانی وەک سەدیق جەلال ئەلعەزم (٢٠٠٠ [١٩٨١]، ئوسامە مەقدیسی (٢٠٠٢)، سەلیم دەریگیل (٢٠٠٣)، دێنیس پۆرتەر (١٩٩٤)، ئیعجاز ئەحمەد (١٩٩٢)، عەلی بێهداد (١٩٩٤)، عارف دیرلیک (١٩٩٧) و ئەمەل ڕەسام (١٩٨٠) و چەند کەسی دیکەوە تووشی بەرنگاری بوونەوە. ئەو زانایانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا لە ڕوانگەی جۆراجۆرەوە نارەزایەتییان

دژی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال دەربڕیوە. بۆ وێنە ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال لەبەر جیاوازی دانانیان لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە ئاستی تیۆریکدا گیراوە. ئەلعەزم (٢٠٠٠ [١٩٨١]:٢٠) باسی خۆرهەڵاتناسیی سەعیدی وەک "خۆرهەڵاتناسیی پێچەوانە" کردووە، چونکە ئەو پێی وابوو بۆچوونی سەعید ئەو گریمانەیە دەکات کە بیری بوونەوەرناسانەی مرۆڤی خۆرهەڵاتی (لەو دۆخەدا 'بیری عەرەب') لە هی مرۆڤی خۆرئاوایی مەزنترە." بە بوونەوەرناسی کردنی کۆلۆنیالیزم وەک دیاردەیەکی لە بنەڕەتدا خۆرئاوایی، ئەلعەزم پێی وابوو خۆرهەڵاتناسی، کۆلۆنیالیزمی ناخۆرئاوایی، بە تایبەتی هی دنیای موسڵمان، پاشگوێ دەخات. بەرگریی گەرموگوڕی سەعید لە دنیای عەرەب و ئیسلامی (سەعید ١٩٧٨) بووە هۆی ئەوە کە چاو لە ئاست ئەو دیاردەیەی پاوێڵ (٢٠٠٣) بە "کۆلۆنیالیزمی کۆلۆنیکراوەکان" باسی لێوە دەکات بنووقێنێ. بۆیە، ڕەخنەی خۆرهەڵاتناسی، ڕاگرتنی کۆیلە و کۆلۆنیالیزمی موسڵمانانی وەک عوسمانییەکان (دەرینگیل ٢٠٠٣؛ مەقدیسی ٢٠٠٢؛ تۆلێنادۆ ٢٠٠٧) و قاجارەکان (میرزایی ٢٠١٧) پاشگوێ دەخات. هێڵێکی توێژینەوە کە خەریکی سەرهەڵدانە، هەوڵ دەدا لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە لە سەر لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال لە چوارچێوەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، پێشکەش بکات. بۆ وێنە سارا ڕۆی (١٩٩٥)، بێ ئەوەی زۆر ئاماژە بە وێژەی نووسراو لەسەر (پاش) کۆلۆنیالیزم بکات، هەوڵ دەدا پەیوەندیی ئیسرائیل-فەلەستین بە داهێنانی چەمکی لەگەشەخستن شی بکاتەوە. بە ناساندنی ئەو تیۆرییە و ڕەخنەگرتن لە تیۆرییەکانی گەشەسەندن و بەستراوەیی، ڕۆی ئامرازێکی تاقانە و بەهێزتری هەڵسانگاندن بۆ تیشک خستنەسەر ئاڵۆزییەکانی دۆخی فەلەستینییەکان پێشکەش دەکات. بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری ڕۆی، ئێمە هیواداریـن بتوانین جەخت بکەینە سەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە وێکچوونێکی فرە بەرچاوی لەگەڵ دۆخی فەلەستینییەکان لە ڕوانگەی ئاڵۆزییەکەیەوە هەیە. بۆیە، بەر لەوەی دەست بە باسی سەرەکی بکەین، گفتوگۆیەکی کورت لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە.

## ڕۆژهەڵات لە کوێیە؟

ڕۆژهەڵات ئاماژەی کوردییە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێراندایە. ئێمە کەڵک لە دەستەواژەی "ڕۆژهەڵات" وەردەگرین تا نەکەوینە داوی کۆلۆنیالیستیی سەپاندنی سیستەماتیکی زانیاریی نارەسەن بۆ لە کورد داماڵینی کوردستانی مێژوویی. کوردەکان لە خۆرهەڵات، جوغرافیای مێژوویی خۆیان بە ڕۆژهەڵات پێناسە دەکەن.[١] لەگەڵ پەرە ئەستاندنی توێژینەوە زانستییە ڕەسەنەکان بە هۆی سەربەخۆیی، زانیاری و ئاماژە بەخۆکردنی خەڵکی ڕەسەنەوە، ئێمەش شێوەی ئاماژە بەخۆ کردنی کوردان و ئاماژە کردنیان بەو جوغرافیایەی لێی دەژین ڕەچاو دەکەین (ریفکین ٢٠١٧). ڕۆژهەڵات چوار پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (لێرە بەولاوە ئـ . ڕ.)، پارێزگای سنە (کوردستان)، کرماشان و ئیلام دەگرێتەوە. چونکە سەرژمێری لە ئێران تا ڕادەیەکی فرە زۆر بە سیاسی کراوە و دەوڵەت هیچ ژمارەیەکی دروست لەمەڕ پاشخانی زمانی ئەتنیکی و ئایینیی خەڵک بڵاو ناکاتەوە، تەنیا مەزنندە

کردنی نافەرمیی دابەشکردنی ڕێژەی دانیشتووانی فەلاتی ئێران هەیە. بەڵام، ڕێژەی دانیشتووانی کوردانی ڕۆژهەڵات نزیکەی ١٠ بۆ ١٢ میلیۆن کەسە. ڕۆژهەڵات ناوچەیەکی شاخاوییە بە کەشوهەوایەکی خۆش لە وەرزەکانی بەهار، هاوین و پاییز دا. کوردستان پلەیەکی بەرزی لە ڕوانگەی ڕێژەی باران بارین، پاشماوەی ئاو و دارستان هەیە. ئەگەرچی دە دوازدە ڕووبار لە ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن کە زایەندەڕوود بەنێوبانگترینیانە، کە بە نێو شاری ئیسفەهان لە ناوەندی ئێراندا تێدەپەڕێ و لە زۆربەی کاتەکانی ساڵدا ویشکە. بە هۆی دروست کرانی ژمارەیەکی زۆر بەنداو لە لایەن دەوڵەت و دامودەزگای سەربازییەوە، پاشماوەی ئاوی ڕۆژهەڵات کەوتووەتە بەر کاریگەریی بەرچاو و کەمی کردووە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، دەوڵەت ئاوی حەوزەکانی ناوچەی بۆ ئاوداشتن و گەشە پێدانی ناوچە ناکوردییەکان گواستووەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئابووریی ڕۆژهەڵات، کە بە هۆی لەگەشەخستنی دەوڵەت، تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە کشتوکاڵ و باغداریی نەریتییانە دەبەستێ، بە باران ئاو دەدرێ و گەشە نەکردوویە. سەرەڕای گواستنەوەی ئاو و تەنانەت خاکی بەپیت لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچە ناکوردییەکان،[٢] دوای پارێزگای فارس، ڕۆژهەڵات پلەی دووهەمی لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، لە ناویاندا گەنم، جۆ، نۆک و میوەی جۆراجۆر هەیە. بۆ وێنە شاری سەردەشت، ناوەندی بەرهەمهێنانی ترێیە و ترێ ڕەشەکەی نێوبانگی جیهانیی هەیە. بێجگە لە ناوچەیەکی فرە بەرتەسک، ئاوداشتنی ڕەزە مێوەکانی تا ڕادەیەکی زۆر پشتئەستوور بە سیستەمی گەلێک نەریتین: شێوازی کۆن وەکوو ئاوداشتن بە چاڵاو، لوولە، ئەستێر، گۆل، ڕووبار، بەنداو و جۆگەی ئاوداشتن، وەک چۆن سەدەیەک لەوەپێش باو بوو. بەرهەمی پێشەسازیی کوردستان بەخێو کردنی مەڕوماڵات، بەرهەمهێنانی زیخ (زیانی لە ڕادەبەدەری بۆ ژینگە هەیە)، یان یەکەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی بچووکە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە قەراخ شارە مەزنەکانی وەک سنە و کرماشان دەبینرێن. بۆیە بەشی بەرچاوی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی، کانزایی و مەڕوماڵاتی ناوچەکە بە بیانووی ئامادەکردن و هەناردە کردن دەنێردرێتە دەرەوە. ڕۆژهەڵات هەروەها لە ڕاونگەی سامانە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە. بۆ وێنە پارێزگای ئیلام خاوەنی مەزنترین ڕێژەی قیری سروشتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. بە هەمان شێوە، مەزنترین کانگاکانی زێڕ لە پارێزگای سنەن.

## لە گەشەسەندنەوەڕا بۆ لێکۆڵینەوەکانی لەگەشەخستن

تیۆری و مۆدێلی جۆراجۆر هەن کە لە چەمکی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی (یان لێ جیا نەکراوە، بە گوتەی بەزوان ٢٠٢١) سەرچاوەیان گرتووە. یەکێک لە پێشکەوتووترینیان تیۆریی لەگەشەخستنە. لە توێژینەوەکەیدا لە ساڵی ١٩٨٧، لە ژێر ناوی "کەرتی غەززە: دۆخێکی لەگەشەخستن،" سارا ڕۆی (١٩٩٥:٥٦) چەمکی لەگەشەخستنی داهێنا و ئەو شیکارییەی بۆ کرد: وەک پرۆسەیەکی بنکۆڵکردن و لاوازکردنی تواناییی گەشەکردن و پەرەگرتنی ئابوورییەک لە ڕێگای پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتن و بەکار هێنانی کەرەستەی پێویست بۆ هاندانی گەشەی نێوخۆیی بۆ ئەوبەری ئاستێکی پێکهاتەییی دیاریکراو. لە غەززە، گەشەکردنی

کەرتی ئابووری، لە ماوەی دوو دەیەی دەسەڵاتداریی ئیسرائیلدا، ئەو ئابوورییەی کردووەتە پاشکۆی دەوڵەتی ئیسرائیل. پێشمەرجێکی گرینگی لەگەشەخستن، تیۆریی پێداگری لە سەربەخۆییی نەتەوەکە، یان نەبوونیەتی، کە بناخەی بڕیاردەرە ئاخۆ کام گەشەکردن مومکینە. لەبەر ئەو هۆیە، لە تیۆریی لەگەشەخستندا ئابووری لە جیات بەستنەوەی تەنیا بە بردنە سەری ئاستی ستانداردی ژیان، بە تواناییەکانی گەشەی نەتەوەیی دەبەسترێتەوە. لە هەناوی تیۆریی ڕۆیدا، بیرۆکەی مەحاڵبوونی گەشەکردن بە بێ سەربەخۆیی هەیە. لێرەدا، لەگەشەخستن و داگیرکاریی کۆلۆنیال، ئەگەر نەڵێین لەیەکتردا ئاوێتە بوون، بەڵکوو پەیوەندییەکی چڕیان پێکەوە هەیە. لە دوایین چاپی کەرتی غەززە: ئابووریی سیاسیی لەگەشەخستن'ی ڕۆی (١٩٩٥:٤) دا هاتووە کە لەگەشەخستن "تێکدانی بە ئانقەست و سیستەماتیکی ئابووریی خەڵکی ڕەسەن لە لایەن دەسەڵاتی حاکمە ... تا دڵنیا بێ لە نەبوونی هیچ بناخەیەکی ئابووری، تەنانەت یەکی خراپیش، کە بتوانێ پشتیوانی بوونی سەربەخۆیانەی خەڵکی ڕەسەن بێ." ئەو ڕەخنە لە هەڵوێستە لیبراڵ و هەروەها مارکسیستییەکان (یان هاوچەرخکردن و بەستراوەیی) بەرانبەر بە گەشەکردن دەگرێ، چونکە ئەوان پێیان وایە پرۆسەی گەشەکردن گەردوونییە و ئەو گریمانەیە دەکەن کە گەشەکردن هەمیشە پێشکەوتنخوازانە و مومکینە. بۆیە، تیۆرییە لیبراڵ و مارکسیستییەکان لە تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە چۆن نەبوونی سەربەخۆیی، ئابوورییە ڕەسەنەکانی وەک هی غەززە بەلاڕێدا دەبا و بنکۆڵیان دەکات، ناسەرکەوتوون (ڕۆی ١٣٥-١١٧ :١٩٩٥). ڕۆی (٢٠١٤ – X) جیاوازی لە نێوان لەگەشەخستن و چەمکی کلاسیکی کەم گەشەکردن و گەشەی نایەکسان دادەنێ: لەگەشەخستن "بۆ پێشگرتن بە گەشەی واتاداری ئابووری (و سیاسی) دەسەپێنرێ (سەرەڕای هێندێک دەورەی گەشەی سنووردار) ... پرۆسەیەک کە من وەک یەکێک پێناسەی دەکەم کە بە ئەستاندنەوە یان پێشگرتن بە تواناییە ئابوورییەکان، گەشەکردن و وەرسووڕانی پێکهاتەییی لێ زەوت دەکەن [کە شێوازی سروشتیی گەشە و پێشکەوتنن] و پێش بە سەرهەڵدانی هەر جۆرە ڕێکاری خۆڕاستکردنەوە دەگرن." لەبەر ئەو هۆیە، ڕۆی لەگەشەخستنی غەززە وەک هاوشانی پرۆسەی بە ئیسرائیلی کردن یان (ئەشکەنازی تەوەر کردنی) جوولەکە بوونی ئەو ناچەیە سەیر دەکات (بڕوانە ییفتاچەل ٢٠٠٦). ئامانجە ئایدیۆلۆژیکی و سیاسییەکانی دەوڵەتە ئەتنیکییە سەربەخۆکان هاندەری سەرەکیی لەگەشەخستنی ئابوورییە. ئامانجی تەنیا بەتاڵانبردنی سامانە ئابوورییەکانی ئابووریی پەراوێزخراو نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا لە پەڕوپۆ خستنی ژێرخانی کۆمەڵگەی ژێردەستە بە تەواوییە. لەگەشەخستن وڵامێکی کۆلۆنیالیی بەهێز و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای ڕەسەنی وەکوو غەززەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێکارە کۆلۆنیالیستییەکانی وەدەرنان، بێبەش کردن و وێران کردن جێبەجێ دەکرێ. بە پێچەوانەی تیۆریی بەسترانەوە، کە ناوەند و پەراوێز تا ڕادەیەکی زۆر بۆ پرسی نایەکسانی لە نێوان ناوەند و پەراوێز دادەبەزینێ، پانتا و کاریگەریی لەگەشەخستن کە ئەتنیک-نەتەوە سەربەخۆکان بە سەر ئابووریی ئەتنیک-

نەتەوە ژێردەستەکاندا دەیسەپێنن گەلێک لە بەربەستە سەروو پێکهاتەییەکان بەولاوەترە. لەگەشەخستن، شیکاریی نوێ بۆ پەیوەندیی نایەکسانی نێوان ناوەند/پەراوێز و کۆلۆنیالیست/کۆلۆنیکراو و لە نێوان ئەتنیک-نەتەوەکانی حاکم و ئەوانی ژێر دەستە دەکات، نەوەکوو تەنیا وەک دوو ئابووری بیانبینێ کە یەکیان ئەوی دیکە تالان دەکات. ڕۆی پێداگرە کە فەلەستین باشترین نموونە بۆ پێشاندانی شکستی تیۆریی گەشەسەندن لە تێگەیشتنی کاریگەرییە ژێربەژێرە ئەتنیکی-ڕەگەزی و ئایینییەکان و، نایەکسانیی ئابوورییە کە لەوێدا ئامانجە نائابوورییەکان پاڵنەری چەوساندنەوەی ئابوورین. ئەگەرچی ئەو تا ڕادەیەکی زۆر جەخت لەسەر لایەنی ئابووریی ژیان دەکاتەوە، تیۆریی لەگەشەخستن دان بە پەیوەندیی نێوان لەگەشەخستن، دەسەڵات و ژیانی ڕۆژانەدا دەنێ. وەک ڕۆی (٢٠١٤:٢١) دەڵێ، "گشت کەس لە کەرتی غەززە بوونەوەرێکی سیاسییە. سیاسەت ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانە هەیە. هەموو کردارێک، بێ لەبەر چاو گرتنی ئاستی ساکاربوونی، گرینگیی سیاسیی هەیە." بە ئیلهام وەرگرتن لە کارەکانی ڕۆی و مایکڵ دی سەرتاو (١٩٨٨) و هێنری لێفێبرڤ (١٩٨٧)، شالهوب کەرکۆڤیان و باسبریج (٢٠١٤:٨٧) دەستەواژەی "داگیرکاریی ئاسایی"یان بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی زاڵبوونی [کۆلۆنیالیزم] بەسەر چواردەورەی مرۆڤی کۆلۆنیکراودا داهێنا. بە گوێرەی ئەو لێکدانەوەیە، ژیانی ڕۆژانە، "شوێنی بەیەک گەیشتنەوەی" سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکان، وەک "تۆێخی لێکگرێدەری" دنیای کۆمەڵایەتییە (شاهلوب-کەرکۆڤیان و باسبریج ٢٠١٤:٨٧).

بۆیە، ژیانی ڕۆژانە لە خۆیدا سیستەمێک نییە بەڵکوو هاوژێرەیەکە کە لێکگرێدەری سەرجەم ئەو سیستەمانەیە کە هەن. جا بۆیە، لەگەشەخستن لە ژیانی ڕۆژانەی فەلەستینیدا دەرخەری "هێزی لێکگرێدەری داگیرکاریی کۆلۆنیال و لەگەشەخستنە لە ئەزموونەکانی ژیانی خەڵکدا" (شالهوب-کەرکۆڤیان و باسبریج ٢٠١٤:٨٨). لەگەڵ ئەوەشدا خودی سروشتی ژیانی ڕۆژانە وەک دەزووی بەستنەوەی دنیای کۆمەڵایەتی، بە هەمان شێوە ئەوێ دەکاتە هەرێمی یەکلاکەرەوەی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان بۆ بەرخۆدان دژی بوونی کۆلۆنیالیست بە بەرهەڵستکاریی و کاردانەوەکانیان. سارا ڕۆی (١٩٨٧) سێ سیاسەت یان هێزی بزوێنەری سیاسی کە دەبنە هۆی لەگەشەخستن دەستنیشان دەکات: دەستبەسەرداگرتن و لێ ئەستاندنەوە، یەکخستن و بەدەرەکی کردن و لەپێکهاتەخستن. ڕۆی دەستبەسەرداگرتن و لێ ئەستاندنەوە بە پێشگرتن بە خەڵک بۆ ئەوپەڕی کەڵک وەرگرتن لە سامانە ئابوورییەکانی خۆیان مزانێ. ئەو سیاسەتە چوار بەش دەگرێتەوە: دەستبەسەر داگرتنی وەبەرهێنان لە سەر ئاو، زەوی، خانووبەرە و ژێرخانی ئابووری. یەکخستن و بە دەرەکی کردن بە سیاسەتی هاندانی ئابوورییە کۆلۆنیکراوەکان بۆ بە بەستراوەیی مانەوە بەو سەرچاوانەی لەدەرەوە دەئافرێندرێن، دەناسرێتەوە (ڕۆی ١٩٩٥:٢٠٩). ئەو سیاسەتانە بەو شێوەیە کار دەکەن: ئـ) پەرتەوازەکردنی هێزی کاری خەڵکی ڕەسەن لە ئابووریی هەرێمەکە بە ناچار کردنیان بۆ کار کردن لەو پیشەسازییانەی هێزی ماسولکەی زۆریان پێویستە و لەدەرەوەی ناوچەی خۆیان، ب) کەمکردنەوەی

توانســـتی بەرهەمهێنانی ئابووریی نێوخۆیی ج) کۆســـپی بەدامەزراوەییکرانی گەشـــەی ژێرخانی ئابـــووری، وەکـــوو دامەزراوەکانی پاشـــەکەوت و دانی قەرز، کەرتی ئابووریی تایبـــەت، بەڵێندەریـــی هەرێمـــی و، هەر تەوەرەیێکـــی دارایـــی کـــە ببێتـــە هۆی گەشـــەکردنی ئابـــووری. بێجگـــە لـــەوە، ســـنوور دەخاتە ســـەر چۆنایەتیی خوێندن، ســـتانداردەکانی ڕاهێنـــان و بەرنامەکانی پەیوەندیـــدار بە خوێندنەوە لـــە کۆمەڵگای ناســـەربەخۆ کـــە لـــە دروســـتکردنی گەشـــەی ئابـــووری و خۆشـــبژێویدا ناکارامـــە و ناکاریگـــەر دەمێنێتـــەوە.

## ڕۆژهەڵاتی گەمارۆدراو: لەگەشەخستن وەک شـــێوازێکی بێدەنگی داگیرکاری

پێناســـە کردنی لەگەشەخســـتن لە لایەن ڕۆی (١٩٨٧، ١٩٩٥، ٢٠١٤) و شێوازەکانی کار کردنەکـــەی تاقانەیـــە و بووەتە هۆی گفتوگـــۆی قووڵـــی تیۆریک لـــە بارەی گونجـــاو بوونی تیۆرییـــە ڕەخنەگرییەکانی گەشەســـەندن لە چوارچێوەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاســـتدا. پەرەپێدانەکانی ئەو دواییانەی تیۆریـــی لەگەشەخســـتن، لە ســـەرەتادا لـــە لایـــەن زانایانـــی لێکۆڵینەوەکانـــی فەلەســـتین، تـــا ڕادەیەکـــی زۆر لـــە چوارچێـــوە ســـەرەتاییەکەیدا قەتیـــس ماوەتـــەوە. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا، هەوڵـــی زانســـتوانانەی ســـاوا بەڵام گەشەئەستێن بـــۆ بەکارهێنانی تیۆریی لەگەشەخســـتن بـــۆ چوارچێوەی دیکـــەش لە ئـــارا دان (بڕوانە ســـولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٢). تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی لەگەشەخستن، پێداگرییەکەی لەسەر سەربەخۆیی وەک فاکتەری بنەڕەتی بۆ ئەگەری گەشەسەندن لە کۆمەڵگایەکدایە. پرسی سەربەخۆیی گرێدراوییەکی چڕی بە مافەکانی دیاریکردنی چارەنووس یان خۆبەڕێوەبەرییەوە هەیە. ڕۆی پێداگرە کە ئەوە تەنیا نەبوونی گەشەی ئابووری نییە کە پرۆژەی بوونی فەلەستین بەرەو نەمان دەبا بەڵکوو نەبوونی سەربەخۆییە. بە کەڵکوەرگرتن لە کارەکانی ڕۆی و یادیرجی (٢٠١٧:٥٩)، ئێمە دەڵێین ڕۆژهەڵات نموونەیەکی دیکەی پرۆژەی دەوڵەتی بۆ لەگەشەخستنە، چونکە مەرجە خراپەکانی ئابووریی ئەو ناوچەیە لەبەر نەبوونی سەربەخۆییی سیاسییە. لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە تەنیا جەخت لەسەر ڕۆژهەڵات دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە دەبێ پێداگر بین کە ڕۆژهەڵات تەنیا بەشی کوردستانی مەزن نییە کە سیاسەتی لەگەشەخستنی نەتەوە حاکمەکان تێیدا بەڕیوە دەچێ. یادیرجی (٢٠١٧:٥٩) ئاشکرای دەکات کە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەک باکووری کوردستان بە هەمان شێوە کەوتووەتە ژێر سیاسەتەکانی "کۆماری تورکیە [بۆ] لەباربردنی تواناییەکانی بوونێکی خۆبەڕێوەبەرانەی کوردان [و] سیاسەتی لەگەشەخستن، تەنیا بە شێوازی جیاواز، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی تورکەوە جێبەجێ کراوە." کـــورد مەزنتریـــن نەتەوەی بـــێ دەوڵەت لـــە خۆرهەڵاتی نێوەڕاســـتە، کـــە ڕێژەی دانیشـــتووانی پتر لە ٤٠ میلیۆنە و وڵاتێکی دابەشـــکراو لە نێـــوان تورکیـــە، عێراق، ئێران و ســـووریەیە. ئەوان لە گشـــت ئەو وڵاتانـــەدا بـــە کەمینە کـــراون و ئەو گەلە بە زمـــان، فەرهەنگ و شوناســـی کوردی لـــە نەتـــەوە ئەتنیکییـــە زاڵەکانیان لێک جیـــا دەکرێنەوە. بەر لـــە جەنگی جیهانیی یەکەم، کـــورد لە ژێـــر دەســـەڵاتەکانی عوســـمانی و قاجاردا دەژیـــان. لە ١٩٢٠ و دوای هەرەســـهێنانی ئیمپراتوریی عوسمانی، هاوپەیمانـــان لە ڕێککەوتننامەی ســـیڤەردا بەڵێنییـــان بە کوردانـــدا دەوڵەتێکی خۆیان هەبـــێ. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ســـەرهەڵدانی دەوڵەتانـــی نەتەوەپەرســـتی شـــەڕانی،

ئەوانیان بێ دەوڵەت هێشتەوە و کردیاننە ئامانجی سەرەکیی پاکتاوی ئەتنیکی و سیاسەتی تواندنەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتانێکدا کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا (بڕوانە بەزوان ٢٠٢١). کورد زیاتر لە سەدەیەک بۆ وەدەستهێنانی شێوازی جۆراجۆری خۆبەڕێوەبەری خەباتی کردووە و دڕندانە سەرکوت کراوە. ئەوان شاهیدی داگیرکرانی خاکیان و حاشا کردن لە زمانیان، شوناسیان و مافە بنەڕەتییەکانیان بوون. بێجگە لەوە، دەستڕاگەیشتنی ئەوان بە مودێرنیتەی سەرمایەداری، جموجۆڵی پەروەردە و بارهێنان و هەموو جۆرە شێوازێکی سیاسەتکردنی ئەوان بە توندی سنووردار کراوە. لەوەش زیاتر، کورد بەرەورووی لەنێوبردنی زمان و فەرهەنگ، ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی ئەوان لە توندوتیژیی دەوڵەتی لە لایەن دەوڵەتە ئەتنیکییەکانی عەرەب، فارس و تورکەوە تەواو هاوشێوە نەبووە. لێرە، لەبەر جەختکردن لەسەر لێکۆڵینەوەی بەردەست، ئێمە خۆمان لە باس کردن لە دۆخی کوردانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات (لە ژێر دەسەڵاتی فارس) دەبوێرین. کوردانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە کۆمەڵگا نافارس-شیعەکان پەراوێزخراون، ژێردەستە کراون و کەوتوونە ژێر تواندنەوەی سیستەماتیک و کوژرانی ڕۆژانە. لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەپەرستی فارسیدا، باس لە هەر جۆرە شێوازی خۆبەڕێوەبەریی کوردی لە لایەن دەوڵەت و دەنگدەرە فارسەکانییەوە بەرەورووی بێزاری دەبێتەوە (سولەیمانی و محەممەدبوور ٢٠١٩ب). بۆیە، دۆخی کورد نموونەیەکی دیاری ئەو شتەیە کە ئاگامبەن (٢٠٠٥) بە "دۆخی ڕیزپەڕ" پێناسەی دەکات. بە گوێرەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگای کوردی لە بەراورد لەگەڵ کەمینە ئەتنیکییەکانی دیکەدا، بەردەوام زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدرانی هەیە (ڕاپۆرتی ئێران ٢٠٢٠). بە هەمان شێوە "زیندانییە سیاسییەکانی کورد ... نزیکەی نیوەی کۆی زیندانییانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک دێنن" (کالدێرا ٢٠٢٠). لە ١٩٠٦ بەولاوە، هەڵاواردن دژی کوردانی سوننی چووەتە نێو یاسای بنەڕەتییەوە. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، زمان، مێژوو، داواکارییە سیاسییەکانی و فەرهەنگەکەی بە خێڵەکی دێنێتە ئەژمار. یاسا بنەڕەتییە فارس-ئیسلامییەکە ناڕاستەوخۆ تواندنەوەی کورد و نەتەوە ئەتنیکییە ژێر دەستەکانی دیکە مسۆگەر دەکات (سولەیمانی و عوسمانزادە ٢٠٢١). ئەو، فارسی وەک زمانی هەموو ئێرانییەک، بێ لەبەرچاو گرتنی پاشخانی زمانی-ئەتنیکیی ئەوان، دێنێتە ئەژمار (بڕگەی ١٥). لە کاتێکدا کە ئەوان لە چارەنووسی "نەتەوەی ناسەربەخۆ"بووندا هاوبەشن، ئێمە ناتوانین مافە فەرهەنگی و زمانییەکانی فەلەستینی و کوردان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین. بە پێچەوانەی کوردان، جیاوازییەکانی زمانی-ئەتنیکیی گەلی فەلەستین حاشای لێ نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پەیوەندی لەگەڵ مافی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆییدا وێکچوونی سەرسوڕهێنەر لە نێوان کورد و فەلەستینییەکاندا هەیە. بە هەمان شێوە جیاوازیی بەرچاویش لە نێو ئەو دووانەدا هەیە کە دۆخی کورد ئاڵۆزتریش دەکات. بە پێچەوانەی فەلەستینییەکان، سێ بەش لە چوار بەشی کوردستان هیچ پێگەیەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییان نییە. دیسان، بە پێچەوانەی فەلەستین، کوردستان وەک

ولاتێک پێناسە نەکراوە کە خاکەکەی لە لایەن دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستەوە داگیر کرابێ (بڕوانە سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٢). کە واتە، لە ڕوانگەی مێژووییەوە، حاشا کران لە مافە بنەڕەتییەکەی کوردان وەک پرسێکی نێوخۆیی چوار ولاتی سەربەخۆ سەیر کراوە. بۆ وێنە، دەوڵەتی ئێران هەر جۆرە ئاماژەیەکی پشتگیریکەرانە لە داواکانی کوردان وەک دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری نێوخۆیی خۆی سەیر دەکات. لەبەر ئەو هۆیە، خەباتی یەک سەدەی کوردی بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و خۆڕاگری لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە و ڕێکارە کۆمەڵکوژانەکەیدا لە ڕەوایی دەخات. نەبوونی دانپێدانانی نێودەوڵەتی، ڕەوایی دەدا بە سەرکوت دژی کوردان و حاشا کردن لە نەتەوە بوونیان، واتە هەر ئەو ڕاستییە کە زەمانەتی مافی ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەکات. وەکوو کۆمەڵگا بەکەمینەکراوەکانی دیکەی ئێران (عەرەبەکان، بەلووچەکان، لورەکان، تورکەکان و تورکمانەکان)، کوردیش هیچ دەورێکی لە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێراندا نەبووە، بە هەمان شێوە هیچکات داوای ڕەزامەندیی ئەوان بۆ چوونە نێو ئەو یەکیەتییە تازە دامەزراوە "فارس"تەوەرە نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێشێلکردنی مافی نافارسەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس وەک شتێکی سروشتی سەیر دەکرێ. هەر وەها دەسەڵاتی ئەتنیکی فارس بە سەر باقی ولاتدا. هیچ شتێک وەک ئەوەی دواتر، پێکهاتەیەکی کۆلۆنیال بوونی ئێرانی هاوچەرخ پشتڕاست ناکاتەوە. ڕۆشنبیرانی ئێرانی بەرگری لە ئێرانیبوونێکی بە فارس-شیعەکراوی وەها توندوتیژانە دەکەن و دارێژرانی لەسەر بنەمای زمانی ئەتنیکێک و هیرارشیی ئایینی وەک ئاکامی سروشتیی دروستکردنی نەتەوە سەیر دەکەن. ئەو دارشتنە توندوتیژانەی ئێرانیبوون، نافارسەکان لە دێموس (نەتەوە یان گەل بوون) دەرداوێ، مەگەر بە توانەوەیان لە فەرهەنگی حاکمدا نەبێ. لە ئێران، شارۆمەندیی نافارسەکان بە توانەوەیان و گۆڕینی ئایینیان بۆ شیعە (بڕوانە بڕگەکانی ١، ١١٥ و ١١٧ لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران)،[٣] دەبەستریتەوە و لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئەوان، لە باشترین دۆخدا، دەتوانن ئەگەری شارۆمەند بوونیان هەبێ. خۆڕاگریی کوردان لە بەرانبەر مەرجەکانی سەرەوەدا وەک نارەوا، جیاییخوازانە و ورووژاندن لەدەرەوە ڕا باسی لێوە دەکرێ. بە پێچەوانەی پرسی فەلەستینییەکان، داوا سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردان بە چاویلکەی ئەمنییەتی سەیری دەکرێ. بۆ وێنە، سەرەرای کۆمەڵکوژیی یەزیدییەکان لە ٢٠١٤،کە لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەڕێوە چوو و، هەوڵەکانی تورکیە و ئێران بۆ وێران کردنی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، بێ باسکردن لە بەنێو نیگەرانییە ئەمنییەتییەکانی تورکی و ئێرانی، کاربەدەستە ڕۆژئاواییەکان زۆر بەدەگمەن باسی کوردانیان دەکرد. ئەو کەشوهەوا دوژمنانەیە بووەتە هۆی هاندانی ئاکادێمیسیەنانی وەک مایکڵ ئە ڕەینۆڵدز، لە زانکۆی پرینستۆن، تا بە بیانووی "نارەزایەتیی ڕەوای تورکیە" ڕەوایی بدا بە داگیرکاریی سەربازیی تورکیە لە کوردستانی سووریە و پاکتاوە ڕەگەزییەکەی لە عەفرین (دۆران و ڕەینۆڵدز ٢٠١٩). مایکڵ گونتەر، کە خۆی بە پسپۆڕی لێکۆڵینەوەکانی پرسی کورد دەزانێ، ئیدیعای کرد هەرەشەی کوردی ڕۆژئاوا دژی دووهەمین زلهێزی

سەربازیی ناتۆ "بە تەواوی ئاکامی هۆنینەوەی مێشک (هی تورکیە) نییە."[5] لە کاتێکدا کە تورکیە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیدا کەیفخۆشانە خەڵکی مەدەنیی کوردی دەکردە ئامانجی بۆمبی فۆسفۆری. ئەوە ئاستی کاریگەر بوونی ڕوانگە تەماشاوانییەکانی لێکۆڵینەوە و زانایان بۆ ڕەواییدان بە هاویشتنی بۆمبی فۆسفۆری[6] بە سەر خەڵکێکی مەدەنیدا، کە دەوڵەتی خۆی نییە، ئاشکرا دەکات. ڕەواییدانی هەنووکەییی نێودەوڵەتی بە کۆلۆنیالیزم لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کوردی خستووەتە نێو دۆخی بێهیوایی تەواو و ئەوانی تووشی کوژرانی سیستەماتیک و ڕۆژانە، لەکیس چوونی سامانەکانیان و وێرانکرانی ژینگە و شوێنی ژیانیان و نێژرانی خاکە بەپیتەکەیان لە ژێر پڕۆژە ئەمنییەتییەکانی بەنداوەکانی دەوڵەتدا کردووە. باج ئەستێنی، تالان کردن و وێران کردنی سیستەماتیکی سامانەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، وەک گیروگرفتێکی نێوخۆیی سەیر دەکرێ کە ئاکامی خراپ بەڕێوەبردنی سامانە "نەتەوەیی"یەکان لە لایەن دەوڵەتەوەیە. بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیە، سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێ و کردنی کوردان بە هێزی کاری هەرزان و خەباتی ئەوان دژی ئەو چەقبەستوویە زۆرەملێیە، تایبەتمەندییەکی نەریتیی سیاسەتە شکستخواردووەکانی گەشەسەندن لە لایەن دەوڵەتەوەیە. بە پێچەوانەی فەلەستین، وێرانکردنی ڕۆژهەڵات، چاودێریی نێودەوڵەتیی بەسەرەوە نییە، کوردیش پشتگیریی سیاسی یان یارمەتیی ئابووری وەر ناگرێ. ئەوە مردنێکی لەسەرخۆیە کە بە شاراوەیی لە ئارا دایە. بێجگە لەوە، بە پێچەوانەی فەلەستین، لە ڕوانگەی نێوەدوڵەتییەوە ڕۆژهەڵات ناوچەیەکی داگیرکراوی دانپێدانراو نییە. بۆیە، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە بە میلیتاریزە کردن و بەئەمنییەتی کردنە بەردەوامەکانیان لە ڕۆژهەڵات دەدەن. بەئەمنییەتیکردن "سیاسەتی تۆقاندن لەگەڵ سەرپەرشتیکردنی هەڕەشە" تێکەڵ دەکات (بالزاک، لیۆنارد و ڕوزیکا ۲۰۱۶:۲). ستراتێژییەکانی بەئەمنییەتیکردنی دەوڵەت شوێنی ژیانی کوردانی کردووە بە هەرێمێکی ئەمنییەتی و زمان و شوناسی ئەوانی کردووە بە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتیی بەردەوام (محەممەدپوور و سولەیمانی ۲۰۲۰؛ سولەیمانی و محەممەدپوور ۲۰۱۹ب). وەکوو پرسی فەلەستینییەکان، کورد بوون لەخۆیدا پرسێکی ئەمنییەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا کوردبوون نابێتە هۆی ورووژاندنی هاوخەمی و پشتگیریی نێودەوڵەتی[7]. ئەوە جیاوازیی هەڵسوکەتەکانی بەئەمنییەتی کردنی ڕۆژهەڵات لە گەڵ هی فەلەستینە. لە کاتێکدا کە فەلەستینییەکان هێندێک ناوچەی خۆبەڕێوەبەریان هەن، کوردستان هەموو ڕۆژێک وێران دەکرێ. ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەی کوردان بە تۆرە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەت و بوونی سەربازیی ئەوان بەفیرۆ دەچێ و لێک هەڵدەتەکێنرێت. بە میلیتاریزە کردنی پەرەئەستێنی ڕۆژانە، دەوڵەتی ئێران هەوڵ دەدا زمان و فەرهەنگی کورد بکاتە فارسی و خاکەکەی لە کوردان داماڵێ. وەکوو پرسی فەلەستین، تیۆرییەکانی بەستراوەیی و گەشەسەندن لە شیکردنەوەی پرۆسەی لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵات شکست دێنن. دۆخەکەی نە لە ژێر ڕووناکاییی بۆچوونی تیۆریی بەسترانەوە لەمەڕ ناوەند-پەراوێز و نە بە بیرۆکەی گەشەی تاک ڕەهەندیی تیۆریی

هاوچەرخکردن (مۆدێرنیزاسیۆن) شی ناکرێتەوە. ئەو تیۆرییانە لە هەڵوێستە تاکڕەهەندی یان بەراوردکارانەکەیاندا، گریمانەی ئاستێکی دیاریکراوی گەشەسەندن دەکەن. تیۆریی هاوچەرخکردن لە شیکردنەوەی پاشکەوتوویی لە ڕۆژهەڵات ناسەرکەوتوویە، چونکە ناتوانێ هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی بروامەند بە تاک ئایین- تاک ئەتنیک بۆ سیاسەتی گەشەسەندن بێنێتە ئەژمار. سیاسەتی گەشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاک ئایینی- تاک ئەتنیکییە چونکە ئەو لە بەرژەوەندیی زاڵبوونی تاهەتاییی فارسی حاکمدا و جەخت کردن لەسەر وێران کردنی ناوچە نافارس- ناشیعەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فرە نەتەوەدایە. لە ئێران، کۆمەڵگای فارس- شیعە بە تەواوی پرۆسەکانی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی قۆرخ کردووە. لەو ڕوانگەیەوە، ئێمە هاوچەرخکردن لە ئێران وەک پرۆژەیەکی کۆلۆنیال لێک دەدەینەوە کە لە دەوری شەکەت کردن و بەلاڕێدابردنی شێوازە نەریتییەکانی بەرهەمهێنان و سەربەخۆییی فرە گرینگی ئابووریی ڕۆژهەڵات هەڵدەسووڕێ. لەو توێژینەوەیەدا، هاوتەریب لەگەڵ زانایانی پرسی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقا (کووپەر ٢٠٠٢؛ لوکاس ٢٠٠٤؛ مامدانی ٢٠٠٢)، ئاسیا (چاکرابارتی ١٩٩٧: چاکرابارتی ٢٠٠٠؛ چەتەرجی ١٩٩٣؛ میگوچی ٢٠١٠)، و ئەمریکای لاتین (بورکهۆڵدەر و جانسۆن ٢٠١٢؛ ڕۆدریگێز ٢٠٠١)، ئێمە پرۆژەی هاوچەرخکردن و "بەکۆلۆنیکردن"ی ناوچە نافارسەکان وەک دوو دیوی یەک سکە سەیر دەکەین (بڕوانە لیدۆن و ریزقی ٢٠١٠). گەشەی دەیان ساڵەی تاک ئەتنیکی-تاک ئایینی و بەئەمنییەتی کردن لە لایەن دەوڵەتانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییەوە، جیاوازییەکی قووڵی سیاسی و ئابووریی لە نێوان ناوەندی فارس و پەراوێزی نافارسدا دروست کردووە. بەڵام، وەک ئەوەی سارا ڕۆی (٢٠١٤) لە توێژینەوەکەی لەسەر کەرتی غەززە بینیویەتی، سیاسەتی لەگەشەخستن و بێدامەزراوەکردنی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، بە تایبەت لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیدا، نە تەنیا سەپاندنی بەستراوەیی یان چەوساندنەوەی قەوارە پەراوێزەکانە، بەڵکوو ئامانجی لەنێو بردنی ئەو پێکهاتانەشە کە ئەگەری بەرهەمدار بوونیان هەیە. لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕۆژهەڵات (لەگەڵ پارێزگای سیستان و بەلوچستان) کورترین ڕێژەی چاوەڕوانکراوی تەمەن لە نێو هەموو پارێزگاکانی ئێرانیان هەیە (ئێلینگ ٢٠١٣:٥٦). کوردەکان، کە وەک ڕووخێنەر سەیر دەکرێن، بوونە ئامانجی ڕێکاری ئەمنییەتی و، لەبەر ئەو هۆیە دەوڵەت پێشی بە وەبەرهێنانی ژێرخانی و پیشەسازی لە ناوچەکەداگرتووە. لە ئاکامدا، ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات کەرتی نافەرمیی وەک کۆڵبەریی[٨] (کاری سەر سنوور) و کار لە کوورەی خشتدان دەرفەتە باوەکانی کارن (سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٠).

## ئێران وەک دەوڵەت نەتەوەیەکی کۆلۆنیالیست

سەرچاوەی دیسکۆرسی نەتەوەپەرستی مودێرنی ئێرانی، وەک ئەوەی لە سەردەمی پەهلەویدا سەری هەڵدا، دەکرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دەوڵەتی قاجار (١٧٨٩-١٩٢٥) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم. لە دەیەی کۆتاییی قاجاردا، هێندێک شێوەی نەتەوەپەرستیی سێکولار لە نێو ڕۆشنبیرەکاندا پەرەی گرت. چەمکی وەک ئێران یان پارس، فارسی، وێژە و شیعری درێژ، کە قەرار بوو جەخت لەسەر بەردەوامیی

مێژوویی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی خەیاڵی بکاتەوە، دەرکەوت هەموویان شتی بنەڕەتی بۆ نەتەوپەرستیی فارس بن. بێجگە لەوە، ناسیۆنالیزمی فارس، دەستەوداوێنی شاهنامە (کتێبی شایەکان لە نووسینی شاعیر فیردەوسی)، ئەفسانەی زەردەشتی و بیرهێنانەوەی گولێبژێر کراوی سەردەمانی کەونارا بۆ دروستکردنی ڕابردوویەکی خەیاڵی بۆ ئێستا و پێداویستییە ناسیۆنالیستییە بەپەلەکان بوو (زیا-ئیبراهیمی ٢٠١٦). لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بڵاو بوونەوەی ئەفسانەی ئارییایی، کە لە لایەن تاقمێک نوخبەی ناسیۆنالیستی ئێرانی بە نێوی ئاڵقەی بەرلین[9] گەشەی پێ درا، ناسیۆنالیزمی فارسی لە قاڵب دا. لە سەردەمی ڕەزاشادا (١٩٢٥-١٩٤١)، بە پێشکەشکردنی ناسیۆنالیزمێکی فرە ناوەندگەراییانەی فارسی، ڕەوایی بە سەرەڕۆیی دەدرا و پشتگیریی لێ دەکرا. یەکگرتوویی نەتەوەیی و یەکشێوازی، هێمای سەرەکیی ئەو ناسیۆنالیزمە بوو. ڕۆشنبیریی فارس تەوەر سەرنجی دایە ڕزگاریدەرێک، کەسێکی دیکتاتۆر کە بتوانێ بەرنامەیەکی نەتەوەپەرستانە بە زۆر بسەپێنێ. ڕەزا خان پاشایەتییەکی دامەزراند کە مودێلێکی ڕەگەزپەرستانەی باڵادەستیی ڕەگەزی ئارییایی پێوە لکاند، ڕەگەزێک کە سەرچاوەکەی، بە گوێرەی دەوڵەتی پەهلەوی، گریمانە دەکرا لە هیچ شوێنێک نەبێ بێجگە لە ئێران و نەوەکانی بێ ئەملا و ئەولا کەس نەبوو بێجگە لە فارسان (محەممەدپوور ٢٠٢١، ٢٠٢٣). ڕەزاشا پەرەی بە دەوڵەتداریی یەکیەتیی ڕەگەزی دەدا و هەموو جۆرە جیاوازییەکی زمانی و ئەتنیکیی ڕەت دەکردەوە. لە ١٩٣٤، ڕەزا شا بە فەرمی نێوی وڵاتی لە 'ممالک محروسە' (وڵاتانی پارێزراو) بۆ "ئێران"، وەک "وڵاتی ئارییاییەکان" گۆڕی.[10]

ڕەزا شا ستراتیژییەکی دوو دەمی بۆ تواندنەوە و کۆمەڵکوژیی زمانی و هەروەها سڕینەوەی فەرهەنگی بۆ دارشتنی "یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت" هەڵبژارد (محەممەدپوور و سولەیمانی ٢٠٢٠:٣). بۆ ئەوەی تاقە شوناس و تاقە فەرهەنگە ئێرانییەکە وەڕاست گەڕێ، دەبوو هەموو شتێک بە ستاندارد بکرێ. هەموو کەس دەبوو پاشناو (شۆهرەت)ی هەبێ. فارسی وەک زمانی فەرمیی وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمان دیاری کرا. دوای سەدەیەک لە بانگەشەی دەوڵەتیی ڕەگەسپەرستی و تواندنەوەی زۆرەملێ، فارسەکان تەنیا ٣٧٪ لە دانیشتووانی ئێران پێک دێنن (ئەسغەرزادە ٢٠٠٧:٨٢). ڕەزا شا پاش پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆی، کەڵک وەرگرتن لە سەرجەم زمانە نافارسەکانی بە شێوازی نووسراوە قاچاخ کرد. زمانەکانی دیکە یان وەک شێوەزارێکی فارسی ( واتە کوردی و لوری) یان وەک زمانە بیانییەکانی نا هیندو-ئورووپایی (واتە تورکی و عەرەبی، ئەسغەرزادە ٢٠٠٧:٨٧) سەرکوت کران. لەوەش بەولاوە، ئەو بە شێوەی توندوتیژانە هەوڵی بەفارسیکردنی ناوچەکانی دا. بۆ وێنە، نێوی عەرەبستان بۆ خووزستان گۆڕدرا (ئەسغەرزادە ٢٠٠٧). نووسەران، ئاکادێمیسیەنان، نووسەران و شاعیرانی فارس دەستیان بە لایەنگری لە بەفارسیکردنی کۆلۆنیالیستی و پرینسیپەکانی ئایدۆلۆژییەکی ڕەگەزپەرستانە کرد کە تا ئەو کاتی لە ئێران نەناسراو بوو (ئەسغەرزادە ٢٠٠٧:١٨٨). تەنانەت ئەمرۆ، ئاکادێمیسیەنە فارسەکان زمانە نافارسییەکان یان وەک شێوەزارێکی زمانی خۆیان یان دواکەوتوو پۆلێن دەکەن.[11] ئاکادێمیسییەنە فارسەکان بێدەربەستانە بە خوێندکارەکانیان دەڵێن

"بێتوو بە هەر زمانێکی دیکە بدوێی، کە واتە تۆ ئێرانی نی. زمانی فارسی و ڕەگەزی ئاریایی ئەو شتەیە کە ئێمە تێیدا هاوبەشین" (ساڵح ۲۰۱۳:۱۲۹). لەسەر کار لابردنی ڕەزا شا بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی هێزی جۆراجۆری نەیاری بەفارسکردن، کە سەردەمێک تێک شکێنرابوون. وەک نموونەی ئاشکرای جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیی نافارس دەتوانین ئاماژە بە کۆماری کەمتەمەنی کوردستان و دەوڵەتی گەلیی ئازەربایجان لە ساڵی ۱۹۴۶ بکەین. کوڕی ڕەزا شا، محەممەد ڕەزا (۱۹۴۱-۱۹۷۹)، بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی ناسیۆنالیزمی شەڕانی، دەوڵەتی ناوەندگەرا و، بە ڕۆژئاوایی کردنی ڕووکەشیانە، خۆبەختکەرانە درێژەی بە بەرەوپێش بردنی خەونی باوکی بۆ دروست کردنی ئێرانێکی بە فارسکراو دا. پەرە پێدانی سیاسەتەکانی، محەممەد ڕەزا شا بووە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەک بەرخۆدانی سیاسی-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە لایەن نەتەوە ئەتنیکییە بەکەمینەکراوەکان. ڕێژیم سیاسەتێکی شاراوەی بە فارسی ئارییاییکردنی سەرجەم کۆمەڵگا ناعەرەب و ناتورکەکانی دەست پێ کرد، ئەگەرچی لەگەڵ حاشا کردنی ئاشکرای تورکیە جیاواز بوو (ئەسغەرزادە ۲۰۰۷:۱۵۳). لە دیسکۆرسی فەرمیی بەئارییاییکردندا کە بە چڕی زمان، فەرهەنگ و مێژووی فارس دەسەپێنرا، مێژوو، فەرهەنگ و شوناسی کوردی بوونە ئامانجی سەرەکیی تواندنەوەی سیستەماتیکی دەوڵەت. کوردەکان بۆ خێڵی جەنگاوەری مێژوویی کە شانازیی پاراستنی نیشتمانی ئاریاییان پێ ئەسپێردرابوو، دابەزێنران. بەڵێنیی ئارییاییبوون، کە تابلۆی دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی پەهلەوی بوو، دوای شۆڕشی ۱۹۷۹، دەوری سەرەکیی خۆی پاراست و بە پێوەلکاندنی شیعەگەری، بووە تایبەتمەندیی پێناسەکراوی کۆماری ئیسلامی (محەممەدپوور ۲۰۲۴ب؛ سولەیمانی و محەممەدپوور ۲۰۱۹ ئ). بە گشتی باس لەوە دەکرێ کە شۆڕشی ۱۹۷۹، بووە هۆی ئاڵوگۆڕی پارادایمی لە سیاسەت و بیری ڕۆشنبیرانەی ئێراندا، بە گۆڕان لە ناسیۆنالیزمی سێکولارەوە بەرەو ناسیۆنالیزمی ئایینی. بەشێک لە زانایانی ئێرانی پێیان خۆشە ئەو ئاڵوگۆڕە وەک وڵامێکی نێوخۆیی بە دەستتێوەردانەکانی ڕۆژئاوا لە کاروباری نێوخۆیی، کە لەسەردەمی قاجارەوە دەستی پێ کردبوو و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەویدا پەرەی ئەستاندبوو، شی بکەنەوە (بروجێردی ۱۹۹۶؛ میرسپاسی ۲۰۱۹). لەو بۆچوونەدا، شۆڕشەکە وەک هەنگاوێکی دژە کۆلۆنیالیستی و دژە ئیمپریالیستی بەرانبەر زلهێزانی ڕۆژئاوایی دەناسێندرێ (دەباشی ۲۰۰۸). شۆڕشەکە شای سێکۆلاری لە سەر کار لابرد و مەلای شیعەی لە جێگای دانا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆر بواردا، سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئایینیی ئەمڕۆ، شتێک نین بێجگە لە درێژەدان بە سیستەمی پێشوو و هاوتەریبیی لەگەڵ تایبەتمەندییە سەرەکییە کاولکەرەکانی. هەردووکیان ئیدیعایان کردووە کە ئێران خاوەن نەتەوەیەکی هاوتوخمە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام و لە سەردەمی فرە کۆنەوە هەبووە. کۆماری ئیسلامی قورساییەکی ئایدۆلۆژیکی تاقانە دەدا بە سەردەمی ئیسلامی، بە تایبەت سەرهەڵدانی شیعەگەری. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە شێوازێکی نوێی پێشکەشکردنی سەرجەم ئیدیعاکانی ناسیۆنالیزمی فارس لە پەیوەندی لەگەڵ بەنێو بەردەوامیی مێژوویی شوناسی ئێرانییە.

وەک فارسە ناسیۆنالیستە سێکولارەکان، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیدیعا دەکات شێوەی کارکردی شوناس و فەرهەنگی ئێرانی هەزاران ساڵە نەگۆڕدراوە (رام ۲۰۰۰؛ سولەیمانی و عوسمانزادە ۲۰۲۱). سیستەمەکانی پەروەردە و بارهێنانی هەر دوو دەوڵەت، بانگەشەی تیۆرییەکانی رەگەزی ئارییان کردووە و دەڵێن ئارییەکان لە گشت رەگەزەکانی دیکە سەرووترن (رام ۲۰۰۰، سولەیمانی و عوسمانزادە ۲۰۲۱). بە دروستکردنی پەیوەندیی مێژوویی و رەگەزی لەگەڵ ئوروپاییەکان، ئەوان لە بەرانبەر فەرهەنگی سامی و زمانی عەرەبیدا، باڵادەستییەکی تاقانەی رەگەزی دەدەنە پاڵ شوناسی ئێرانی. بروا بە نایابیی رەگەزی ئێرانی (بڵێ هی فارس) بە هێندێک دەستکارییەوە لە دیسکۆرسی ئایینیی کۆماری ئیسلامیدا وەرگیرا و تێکەڵ کرا. بۆ وێنە، کتێبە دەرسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران منداڵانی ئێرانی فێر دەکەن کە "هۆیەک هەیە بۆچی نێوی ولاتی ئێمە ئێرانە، ولاتی ئازاد و لە دایکبووانی ئازاد [خەڵک]. مەزنترین و بەنرخترین دیاریی ئێران بۆ ولاتانی دیکە، بیرە داهێنەرەکەی، هۆدان و فەرهەنگە ... رۆڵەکەم، من دەزانم ... کە تۆ ئەویندار ئێرانی ...چونکە تۆ ... لە رەگەزی نایابی ئێرانیی" (کتێبی فارسی پۆلی هەشتەم ۳۱-۳۰: ۲۰۱۸، جەختکردنەوەکان زیاد کراون). هەر دوو سیستەمەکە زمانی فارسی و شوناسی فارسییان وەها ناساندووە کە ئەوە هی سەرجەم ئێرانییەکانە، بۆیە فارس بوونیان لەگەڵ ئێرانیبوون یەکسان داناوە (محەممەدپوور ۲۰۲۴ب). ئەوان ئەو ئیمتیازەیان داوە بە ئەتنیکی فارس کە تاکە نووسەری مێژووی نەتەوەکە بن، بەو گریمانەیەوە کە سێ هەزار ساڵە بەردەوامە. بە شۆڕشی ۱۹۷۹، شیعەگەرییش بوو بە ستوونێکی سەربەخۆیی و نیشانەی ئێرانیبوون. فارسیزم و شیعەگەری بوونە بناغەی مەعریفەیی و سیاسی بۆ دیسکۆرسی گەشەی ئێرانێکی تاک ئایین-تاک ئەتنیکی. هەر دوو سیستەمەکە سیاسەتی تواندنەوەی زۆرەملێی نافارسەکانیان جێبەجێ کردووە، لە کاتێکدا کۆمەڵکوژبوونی ئەو سیاسەتە سەلمێنراوە (بەیات ۲۰۰۳؛ کاتوزیان ۲۰۰۳). بۆ وێنە، یەکەم سوپای دەوڵەتیی پەهلەوی بە شێوەی دڕندانە کورد، تورکی ئازەری، عەرەب، بەلووچ و تورکمانەکانی سەرکوت کردووە. بە هەمان شێوە، لە سەردەمی دوای ۱۹۷۹، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵمەتی سەربازیی دژی کوردان دەست پێ کرد، کە زۆر جار بووە هۆی کوشتار و ئاوارەیی.

## لەگەشەخستن و کۆنترۆڵی دەوڵەت لە رۆژهەلات

لەو بەشەدا باسی بەشێک لە سیاسەتە سەرەکییەکانی گەشەسەندن دەکەین کە دەوڵەتی ئێران بە مەبەستی ئیفلیجکردنی پێکهاتەی ئابووری-کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی رۆژهەلات دایهێناوە و جێبەجێیی دەکات. یەکەم ستراتێژی، میلیتاریزە کردن، قووڵترین کاریگەریی بەردەوامی لەسەر سیستەمی ئابووری و ژیانی سیاسی-کۆمەلایەتیی رۆژهەلات هەبووە. مەبەستی ئەو سیاسەتە بەچۆکداهێنانی کوردان و تێکشکاندنی دێمۆگرافیی جوغرافیای رۆژهەلاتە. میلیتاریزە کردن بە شێوەی سەرەکی گەلی کورد لە شارۆچکە و گوندەکان بە ئامانج دەگرێ. پرۆژەی میلیتاریزە کردن لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە

گەشـــەی بە بەنێو دامەزراوە شۆڕشـــگێڕ و ســـەربازییەکانی داوە، بە تایبەت ســـوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیســـلامی و یەکەکانی بەسـیج. ئـەو دوو ڕێکخراوانـە گەلێک لـق، پـادگان، خاڵی پشـکنین و بنکەی ســـەربازییان لە سەرانســـەری ڕۆژهەلات دامەزرانـدوون و ئەوێیـان کردووەتـە ئۆردووگایەکی ســـەربازیی زەبەلاح. لە هەر گوندێکـی کـوردان، بنکەیەکی سـوپای پاسـداران، لقی بەسیج و سـیخوڕی هەیە. هەروەهـا، دەوڵـەت هەزاران کـوردی لە شـار و گونـدەکان ناچار کـردووە چەک هەڵگـرن و هاوکاریـی دەوڵـەت بکەن. بسـیج مرزبان (بەسـیجی سـنوورپارێز)، لقێکی بەسـیجە کە لە شـار و گوندەکانی کوردسـتان چالاکە و زەخـت دەهێنێ تا پیر و لاوی کورد لە دەسـتەکانی بەسیجدا کە لـە قوتابخانـەکان، شـارەوانییەکان و نەخۆشـخانەکاندا چالاکن، ببنـە ئەندام. نموونەیەکی دیکـەی کاریگەریی میلیتاریزە کردنـی ڕۆژهـەلات، بوونـی هێـزی چەکـداری مووچەخـۆری دەوڵەتە کە بە کـوردی پێیـان دەڵێن جاش. پرۆسـەی بەجاشـکردن (واتـە کردنی کـوردان بە جاش یـان هاوکار) بووەتە هـۆی ڕکابەری لـە نێـوان کۆمەڵگاکانـدا و پەیوەندیی بنەماڵەییی بەرفراوانی لێـک هەڵتەکاندووە (محەممەدپوور و سـولەیمانی ٢٠٢٠). لەبەر ئـەو هۆیـە، سـتراتێژیی میلیتاریزەکردن لـە پارچەپارچە کردنی خەڵکی ڕەسـەن، بەرزکردنی ئەگەری کێشـەی نێوخۆیی و، گرژیی لـە ڕۆژهەلاتـدا دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە: ئـەوە یەکێک لە سـتراتێژییەکانی دەوڵـەت بـۆ هەلایسـاندنەوەی ئاگری ناتەباییـە کۆنـەکان لـە نێـو تاقم و کۆمەڵگـە جۆراجۆرەکاندایـە. بـەو کارە، دەوڵـەت ڕێگای بـۆ کێشـەی ئەتنیکی قـەت چارەسـەر نەکراو خـۆش کردووە کـە یارمەتیدەر دەبێ تا خـۆی وەک تاکە لایەنـی نێوبژیوان، ڕزگاریـدەر و پارێزەری خەڵـک و هاوپەیوەندیـی نەتەوەیـی بنوێنـێ. بۆیـە، دەتوانێ دەسـەلاتەکەی وەک ئافرێنـەری ئاشـتی و ئەمنییـەت بـە ڕۆچوونی قـووڵ لە ژیانـی ڕۆژانەی دانیشـتووانی گونـدە دوورەدەسـتەکانی ڕۆژهـەلات درێـژە پێ بدا. لـە هێندێک دۆخدا، دەوڵـەت توانیویەتی ئەندامانی یەک بنەماڵـە دژی یەکتر بورووژێنـێ و ئەوانی ناچـار کردووە بۆ وەدەسـتهێنانی ئەوپەڕی دەسـەلات بەسـەر خەڵکەوە، بچنە پاڵ ڕێکخـراوە جۆراجـۆرە ئەمنییەتییـەکان. میلیتاریزە کردن، ئاسـەواری ماڵوێرانکەری بۆ سـەر کەرتی نەریتیی ئابـووری وەکوو کشـتوکاڵ و بەخێوکردنـی مەڕومـالات هەبـووە. هەروەهـا، بەشـێکی بەرچاو لە خاکـی بەپیـت بووەتـە مەیدانـی مین یـان بنکـەی سـەربازی و، لە بـەر ئەو هۆیە، مەترسـیدارە و بەکەڵکی کشـتوکاڵ نایە. پـڕۆژەی میلیتاریزە کـردن، ناوچەی کوردەواریـی لـە بنـەڕەت ڕا گۆڕیوە و ناوچەکەی کردووەتە هەرێمێکی سـەربازی. ئەو ئیزنی بە دەوڵەت داوە دەسـەلاتی خۆی پتەو بکات و بە شـێوەی سیسـتەماتیک لە نێـو کوردانـدا تـۆوی دووبەرەکی و بێمتمانەیی بەرانبەر بـە یەکتری چاندووە. میلیتاریـزە کردنـی ڕۆژهـەلات چالاکانە لـە ١٩٧٩ بەولاوە بـەردەوام بـوو و لە کۆتایی نەوەدەکانی زایینیـدا تەکمیل کرا. بـە کۆتاییهاتنـی جەنگـی ئێران-عێراق و جێبەجێکرانـی سیاسـەتی میلیتاریـزە کردن، ڕاکێشـانی کـوردان بـۆ پێکهاتە سـەربازییەکان هێواش کرایەوە. ئەو کاتی، بە هـۆی زەختـی کۆماری ئیسـلامی بۆ سـەر حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان لە باشـوور، ئۆپۆزیسـیۆنی چەکـداری کورد ناچـار بـە پاشەکشـە و هەڵبژاردنی ژیان

له تاراوگە کرابوو. ئەگەر میلیتاریزەکردنی چڕی ناوچە کوردییەکان تایبەتمەندیی یەکەم دەیەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، دەیەی دووهەم سیاسەتی بەئەمنییەتیکردنی لە رادە بەدەر و درێژەدان میلیتاریزە کردن بەڵام بە شێوەی کەمتر ئاشکرا بوو. لە کاتێکدا کە میلیتاریزەکردنی دەوڵەت زۆرتر دارشتنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی و ئابووریی رۆژهەڵاتی دەگرتەوە، ئامانجی ستراتێژیی بەئەمنییەتیکردن، سنووردارکردنی ئەمنییەتی کوردبوون و وەستاندنی ژیانی رۆژانەی دانیشتووانی رۆژهەڵات بە چاندنی هەستی لە ژێر راوەدوونران و چاودێرییدابوون لە دەروونی کوردی بە ئەمنییەتی کراودا بوو. بۆیە، دەوڵەت بوونی سەربازیی خۆی بە رەچاوکردنی جۆرێک بەئەمنییەتی کردنی بوونەوەر ناسانە، ئاسایی پێشان دەدا. ئانتۆنی گیدەنز (١٩٩١) بەئەمنییەتیکردنی بوونەوەرناسانە وەک هەست بە نەزم کردن و بەردەوامییەکەی بە شێوەیەک کە لە ئاستی تاکدا هەستی پێ دەکرێ، پێناسە دەکات. سیاسەتی بەئەمنییەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، رۆژهەڵاتی وەک هەرێمێکی نائەمنی دەستنیشان کردووە و سەرجەم کوردانی کردووەتە شارۆمەندانی بەئەمنییەتیکراو، پرۆسەیەک کە بە کەڵکوەرگرتن لە دامودەزگای پرۆپاگاندای دەوڵەت، رۆژهەڵاتی وەک ناوەندی خراپەکارانی دژە ئیسلام و دژە ئێران (اشرار) ناساندووە، لەبەر ئەو هۆیە بۆ هەر جۆرە وەبەرهێنانی ژێرخانی، ناوچەیەکی نائەمینە. پرۆژەی بەئەمنییەتیکردنی تاکی کورد بە فەتوا بەدناوەکەی خومەینی لەمەر جیهاد دەستی پێ کرد کە لەودا داوای کرد "رێکاری توند دژی کافران رەچاو بکرێ" (گێرانەوە و جێبەجێ کردنی ئایەتی ٢٩ لە سوورەی ٤٨ی قورئان).[١٢] لە ئاکامدا، بۆ وێنا کردنی کوردان وەک ناشارستانی و رەواییدان بە هەڵمەتی کۆمەڵکوژی، دەوڵەت دەنگۆی بڵاو کردەوە کە کورد سەری هێزە سەربازییەکان دەبڕن.[١٣] لە ئاکامدا، لە هەشتاکان و نەوەدەکانی زاییندا نزیکەی هەر کوردێک کە سەفەری کردبا بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران، بەرەورووی ئەو پرسیارە دەبووە کە "بۆچی کوردەکان سەری مرۆڤان دەبڕن."[١٤] بێجگە لەوە، بەرهەمەکانی سینەمایی و هونەریی دەوڵەتی، کورد وەک نێرینە، ئێرۆتیک، شەڕانی، هەستیار و، لە نواندی توندوتیژییدا پێشبینی نەکراو دەناسێنن.[١٥] ئەگەر سیاسەتی میلیتاریزە کردنی رێژیم بە دەسەڵاتی رەق و ئاشکراتر بەرێوە چووە، بەئەمنییەتیکردنی رۆژهەڵات بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی نەرم و هێنانە کایەی چاودێریی پێشکەوتوو و نیوەشاراوەی رێژیم جێبەجێ کراوە. بێجگە لە بەکار هێنانی سیستەمی پەروەردە و بارهێنان، مێدیا، هونەر و سینەما بۆ دڵنیا بوون لە بەئەمنییەتیکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی رۆژانە، دەوڵەت رایەڵەیەکی پێشکەوتووی هەواڵگریی هاریکارانی هەرێمی، سیخوڕان و بەکرێگیراوانی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا دروست کردووە. ئەو "دوژمنە نزیکانە" وەک هاوکاری ئاسایی راکێشراون: مامۆستایەکی خوێندنگە، خوێندکارێک، دەرگاوانێک یان ئیمامێکی جومعە. بە کەڵک وەرگرتن لە سیاسەتی بەئەمنییەتیکردن، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەستی متمانە و هاوسۆزیی لەنێو دانیشتوواندا بە توندی بنکۆڵ کردووە. بە کەڵکوەرگرتن لە روانگەی گیدەنز (٣٧:١٩٩١) دەکرێ

بڵێین، سیاسەتی بەئەمنییەتیکردن "هەستی بنەڕەتیی ئەمنییەت لە دنیادا و متمانە کردنی بنچینەیی بە خەڵکی دیکە"ی لە مەترسی هاویشتووە. لە دوای جەنگی ئێران-عێراق، ژیانی ڕۆژانەی کوردان کەوتە ژێر چاودێریی هەمەلایەنە. دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی وەک سوپای پاسداران، بەسیج و ئیتلاعات (دەزگای هەواڵگریی دەوڵەت) بە دامەزراندنی ژمارەیەک ڕێکخراوی ئەمنییەتی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا دەستیان بە پەرەپێدانی کۆنترۆڵی چڕی ڕۆژهەڵات کرد. دوای ٢٠٠٩، دەوڵەت کتێبی کوردیی قاچاخ کرد، نزیکەی هەموو جۆرێک بەرهەمهێنانی فەرهەنگیی کوردیی سنووردار کرد، خوێندکارە کوردەکانی لە پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە شوێنی گشتیی دیاریکراو وەک زانستگاکان قەدەغە کرد و، تەنانەت پۆشینی جلوبەرگێک کە بیرهێنەرەوەی جەنگاوەرانی کورد لە لایەن پیاوانەوە بێ، سنووردار کرا. سنوورداربیەکی زۆریش بۆ هەڵبژاردنی نێوی کوردی لە لایەن کوردانەوە بۆ منداڵەکانیان سەپێنراوە. بۆ وێنە، دەوڵەت بەڵگەی لەدایکبوون نادا بە کۆرپەیەک، بێتوو نێوەکەی لە لیستەی نێوەکانی پەسەند کراو لە لایەن دەوڵەتدا نەبێ کە لە فەرمانگەکانی کۆلکەدا هەن.[١٦] ئەو ڕێکارە میلیتاریزەکردن و بەئەمنییەتیکردنانە هێزی کاری کوردیی پەراوێز خست و، زۆر جار، ئەوانی لە کار لە نێو دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا وەلا نا و بووە هۆی سنووردار کردنی دەستڕاگەیشتنیان بە سامانی ئابووری و ئامرازی بەرهەمهێنان. بێجگە لەوە، ئەو پرۆسەیە ڕەوتی بەردەوامی لە ڕەسەنایەتی خستنی هێزی کاری کوردی، تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر دامەزراندنی پەرەئەستێنی هێزی کاری دەرەکی لە نێو سوپا و هێزە ئەمنییەتییەکاندا لە پارێزگا کوردییەکان، چڕتر کردەوە. ڕووتاندنەوەی هێزی کار لە خەڵکی ڕەسەن بە شێوازی جۆراجۆ و پلەی جیاوازەوە جێبەجێ کراوە. ئەگەرچی گەلێک لە کوردانی سوننی، بە تایبەت گوندییەکان و جووتیاران، ناچار کراون چەک بۆ ڕێژیم هەڵگرن و بچنە پاڵ بەنێو دامەزراوە شۆڕشگێرییەکانی وەک سوپای پاسداران و بەسیج، هیچکامیان وەها سەیر ناکرێن کە شایانی وەرگرتنی پلە باڵا سەربازییە فەرمییەکان بن. کوردەکان تەنیا وەک چاوساغ، شۆفارەی هەرێمی، یان پێشڕەوی هێزەکانی دەوڵەتی لە کاتی شەڕ دژی جەنگاوەرانی کورد بوون. بە هەمان شێوە، شوێنە فەرهەنگی و پەروەردەییەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن خەڵکانی ناکوردەوە بەڕێوە چوون. بۆ وێنە، سەرۆکی خوێندنگەکان، زانستگاکان و دامەزراوە فەرهەنگییەکان یان نابێ کورد بن یان ئەگەر کورد بن، دەبێ وەفاداریی ڕۆحی و بەکردەوەی خۆیانیان بە دەوڵەتەوە سەلماندبێ. تەنانەت دەستنیشان کردنە بەردەوامەکان بۆ کار کردن لە هەر شوێنێک یان ڕێکخراوێکی دەوڵەتی بەدواداچوونی چڕ و پشکنینی پێشینەی بەدواوەیە. بۆیە، چەند ڕێکخراوی ئەمنییەتی و هەواڵگریی زانیاریی دەیانساڵەیان کۆ کردووەتەوە تا دڵنیا بن کە خەڵکی دڵسۆزی خۆیان لە شوێنە کارگێڕییەکان دابمەزرێنن. خوێندنگاکان بوونە ئامانجی سەرەکی بۆ پەسەندکردنی نوێی دەوڵەت و دەزگا چاودێریکەرەکان کە بە 'گزینش'، یان دایرەی پەسەند کردن ناسراون. 'گزینش' کە لە لایەن وەزارەتی هەواڵگریی

ڕێژیمـــەوە چاودێری دەکرێ، لە ســـەرجەم ڕێکخراوەکانـــدا لـــە خوێندنگەکانـــەوە تا شـــارەوانییەکان لقی هەیە. لە خوێندنگەکان، خوێندکاران دەبێ ســـۆزداریی بەکردەوەی خۆیـــان بـــۆ ئایدیۆلۆژیـــی سیاســـی و ئایینیی دەوڵـــەت بە تێـــوەگلان لە بەنێو چالاکییە شۆڕشـــگێڕانەکاندا، بەشـــداری لە بۆنە سیاســـییە دەوڵەتییەکانـــدا و لەوەش گرینگتـــر خۆ بورادن لە هـــەر کردەوەیەک کـــە پەیوەندیی بـــە چالاکیی سیاســـی و فەرهەنگیی کوردییەوە هەبێ، بســـەلمێنن. لـــە هەشـــتاکان و نەوەدەکانـــی زایینی، ئامانجـــی ســـەرەکیی هەوڵەکانی بەشـــی پەســـند کـــردن، نەهێشـــتنی بەنێـــو خوێندکاران و مامۆســـتایانی نەشیاو، (واتە ئەوانـــەی نەیاندەتوانی یان نەیاندەویســـت خۆیـــان لەگـــەڵ ئایدیۆلۆژیـــی دەوڵەتی ڕێـــک بخەن) بـــوو. سیاســـەتی پاڵاوتنی دەوڵـــەت، کاریگەرییەکـــی وێرانکەری لە ســـەر ســـیمای فەرهەنگی و پەروەردەی ڕۆژهـــەڵات، بە تایبـــەت ناوچەکانی خاوەن دانیشـــتووانی کـــوردی ســـوننی هەبوو. گەلێک لـــە خوێندکارانی پێش زانســـتگا پێشـــیان پێ گیـــرا بچنە زانســـتگا یان لە دامـــەزراوە پەروەردەیـــی، بەڕیوەبەری و دەوڵەتییەکانـــی ئەو ناوچانـــە دامەزرێنرێن. سیاســـەتی پاڵاوتن لـــە ناوچەکانی کوردی ســـوننی توندتر لـــە ناوچەکانـــی خاوەن دانیشـــتووانی کوردی شـــیعە بەڕێوە چوو. لـــە ناوچەکانـــی دواتـــر، تەنیـــا جەخت لەســـەر شوناســـی ئەتنیکیی ئەوان دەکرا. لە ئاکامی ســـێ دەیە پاڵاوتـــن، دەوڵەتی ئێـــران توانی لـــە بوارەکانی پـــەروەردە و فەرهەنگیـــدا ئەندازیاری، دەســـتێوەردان و ســـنووردانان بکات. بەشـــی پەسندکردن بـــە وردی خوێندکارانی لـــە خوێندنگاکان، زانستگاکان و شەقامەکان چاودێریی دەکرد. دەوڵەت لـــە ناوچەکانی کوردی ســـوننیدا هەســـتیارتر بـــوو، چونکە ئەو شـــوێنانە وەک مەکـــۆی بەرگریـــی کـــوردی و ســـەرچاوەی ئەو بەرگرییە ســـەیر دەکران. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ســـتراتێژییەکانی میلیتاریـــزە کـــردن و بەئەمنییەتیکردن فرەچەشـــن کراون و تەنیا کـــوردان وەک ئامانجی پشـــکنین ناکەنە ئامانـــج بەڵکوو ژینگـــەی کوردیـــش دەکەنـــە شـــوێنی بەئەمنییەتیکـــردن. ئـــەو ڕێکارانـــە تـــا ڕادەیەکی زۆر پێشـــیان بە ئەگەری گەشە و کۆ کردنەوەی ســـامان لە ڕۆژهەڵات گرتووە و، هێندێـــک جار، بەســـتراوەیی ناوچەکە بـــە وەبەرهێنانەکانـــی زینـــدوو ڕاگرتن و ســـنووورداری دەوڵەتیـــان زیاتر کـــردووە.

## تێکدان و لە دامەزراوەیی خســـتنی شـــێوازی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی

"لە دامەزراوەیی خســـتن" یەکێکی دیکە لە ســـتوونەکانی سیاســـەتی دەوڵەتی ئێران بۆ لەگەشەخســـتنی ڕۆژهەڵاتە. لە دامەزراویی خســـتن لە ڕۆژهەڵات دەکرێ وەک ئاکامی چـــوار دەیە سیاســـەتی سیســـتەماتیکی کۆماری ئیســـلامیی ئێران بـــۆ تالانکردن و ناچـــار بە کۆچ کـــردن ســـەیر بکرێ. تالانکردنی ســـامانە بنەڕەتییەکانی ئابووری، فاکتـــەرە ژینەکییەکانـــی بەرهەمهێنانـــی لە ڕۆژهـــەڵات ئەســـتاندووە. نموونەیەکی زەقـــی تالانکردنی ڕۆژهەڵات لە شـــێوەی بەڕێوەبەریی دابینکردنی ئـــاو لەو ناچەیەدا دیارە. لـــە دوو دەیەی ڕابـــردوودا، دەوڵەت ســـەرچاوە ســـەرەکییەکانی ئاوی ناوچەی بۆ ناوچـــە ناکوردییـــەکان ڕاگواســـتووە. ئەگەرچـــی کۆماری ئیســـلامیی ئێران زۆر بەنـــداوی لە ڕۆژهەڵات دروســـت کردوون، بەڵام خـــۆی لـــە دابینکردنـــی ژێرخانی ئاودێـــری بـــۆ کێڵگەکانـــی دانەوێڵـــەی جووتیارانـــی کـــورد بواردووە. لـــە ئاکامدا، کشـــتوکاڵ کە هێشـــتا بڕبڕەی پشـــتی

ئابووریی ڕۆژهەڵاتە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی قووڵەوە. ئاکامەکەی بووەتە کۆچی بەربڵاوی هێزی کاری کورد بۆ شارەکان بە هیوای گونجێنران لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و پێشەسازیدا و توانەوەیان لە فەرهەنگی فارسیدا. گونجان لەنێو کەرتەکانی سەرەوەدا بوونی پێشینەی "دروستی" ئەتنیکی-ئایینی و ئایدیۆلۆژیکی دەخوازێ، چونکە مەزنترین کەرتەکان لە دامەزراوە ئەمنییەتی/ سەربازی و بەرێوەبەرییەکان وەک خوێندنگاکان، ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و فەرمانگە دەوڵەتییەکان پێکهاتوون. بێجگە لە تێپەڕبوون لە پشکنینی ئەمنییەتیی چڕی بەردەوام، دامەزران لەو شوێنانە بە مەرجی جێبەجێکردنی هێندێک پابەندبوونە، لە نێویاندا شیعەبوون. بێجگە لەوە، سیستەمی پەروەردەیی دەوڵەت (و تەنیا سیستەمی پەروەردەیی یاسایی) لە ڕۆژهەڵات وەک دامەزراوەیەکی تواندنەوە و سڕینەوەی فەرهەنگییە. بۆیە، ئەو دامەزراوانەی فێرکردن وبارهێنان، لە خوێندگاکانەوە تا زانستگاکان، شتی بە تەواوی بێکەڵک بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ناوچەکە پێشکەش دەکەن. تەنانەت بێتوو خوێندکارەکان ڕاهێنانیان لە چەند بواری لێهاتووییەوە پێ کرابێ، ئەوان ناتوانن لە ڕۆژهەڵات هەلی کار بدۆزنەوە. لەوەش زیاتر، سیستەمی خوێندن بە دەست شوێنی نەشیاو بۆ خوێندن، کەمایەسیی بودجە و ستانداردی لە بنەڕەتدا هەڵەی ئاسایشییەوە دەناڵێنن. بەشی دووهەمی کەرتی خزمەتگوزاری بەشی خزمەتگوزاریی گشتییە کە لەناویاندا، بازرگانیی نادەوڵەتی وەک گواستنەوە، بیناسازی و پیشە بەشکارەکان دەگرێتەوە. لە ئاستێکی بەربڵاوتردا، ئەو کەرتەش لە چوارچێوەی دیاریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە و بە تایبەت لە لایەن سوپای پاسدارانەوە کار دەکات.

سیاسەتی لە دامەزراوەیی خستنی دەوڵەت، گەشەی کەرتی کشتوکاڵی ڕۆژهەڵاتی لەڕادەبەدەر سنووردار کردووە. پارێزگای سنە یەکێک لە چوار پارێزگای خاوەن مەزنترین ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییە. ڕاپۆرتەکانی ڕادەستکراو لە لایەن دەوڵەتەوە لە ٢٠٢٠ ئاشکرای دەکەن کە پارێزگای سنە خاوەن پلەی یەکەمی بەرهەمهێنانی گەنم، چوارەمی بەرهەمهێنانی نۆک و شەشەمی بەرهەمهێنانی پەتاتەیە.[١٧] هەروەها، هێندێک بەرهەمی میوە و باغداری، وەک تووە فەرەنگی، بە شێوەی سەرەکی لە پارێزگای سنە بەرهەم دێن. بە هەمان شێوە، کرماشان پلەی دووهەمی بەرهەمهێنانی نۆک، سێهەمی گەنمەشامی، چوارەمی چەوەندەر، پێنجەمی جۆ، شەشەمی گەنم، هەشتەمی گوێزی هەموو ئێران و پلەی نۆهەم لە دار تووی جۆراجۆری هەیە. سەرەڕای توانایی شاراوەی مەزن، کشتوکاڵی ڕۆژهەڵات لەبەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەورووی مەترسیی مەزن بووەتەوە؛ لەبەر ئەو هۆیە جووتیارانی کورد بە دەست بەرزترین ئاستی هەژاری و بێکارییەوە دەناڵێنن. بێجگە لەوە، کەڵک وەرگرتنی زۆر کەمی ئاودێری لە ناوچەکە و بەسترانەوەی بەرچاو بە کشتوکاڵی دێمەکار، ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دابینکردنی ئاو لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەیە. نموونەیەکی زەقی سیاسەتێکی ئەوتۆ، دەکرێ لە گواستنەوەی ئاوی ڕۆژهەڵات بۆ ئاوداشتنی خاکی بێ پیتی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و هەمەدان خۆی دەرخات. ئەو پلانە مەزنە جووتیارانی

ڕۆژهەڵات تاڵان دەکات، دیمۆگرافیی ناوچەکە دەگۆڕێ و تۆوی کێشە لە نێوان کۆمەڵگا ئەتنیکییەکانی دراوسێدا دەچێنێ. نموونەی ئاشکرای لە دامەزراوەیی خستن و لەگەشەخستنی پیشەسازیی ڕۆژهەڵات. نزیکەی ١٥٪ ی یەدەگی قیری سروشتیی دنیا لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشانە کە دوو لە چوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتن. لە پارێزگای کرماشان ٣٠ کانگای چالاکی دەرهێنانی قیری سروشتی هەن کە لە شارەکانی گیلان، شائاباد (ئیسلامئاوای غەرب)، قەسری شیرین و سومار هەڵکەوتوون و ٧٠٪ی قیری سروشتی لەو پارێزگایە بەهەم دێت.[18] ئیلام، پارێزگایەکی ڕۆژهەڵات و نموونەیەکی دیکەیە کە چۆن کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوچەیەکی دەوڵەمەند لە بواری سامانە سروشتییەکانی کردووەتە هەژارترین ناوچە. بە گوێرەی کاربەدەستان، شاری ئەیوان لە ئیلام خاوەنی مەزنترین کانگای قیری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ٧ لە ١٧ کانگای قیر چالاک کراون. یەدەگی قیری ئیلام مەزەندە دەکرێ بگاتە ٤٦٥٠٠٠ تۆن. بە گوتەی پسپۆڕان، نرخەکەی بە شێوەی بەرهەمی ئامادە ١٠٠ قات زیاد دەکات. سەرەڕای ئەوە، نەبوونی وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریی ئەو کەرتەدا ئەوی کردووەتە بچووکترین و گەشە نەکردووترین کەرتی ئابووریی پارێزگای ئیلام کە ڕێژەیەکی فرە نزمی ٧٪-٥٪ ی کۆی هێزی کار لەو کەرتەدا چالاکن.[19] هێڵی هەژاری لە ئیلام لە خراپترین دۆخی خۆیدایە. بە گوێرەی ئاماری بڵاو کراوە لە لایەن وەزارەتی پیشە سازی، ٢٧،٥٪ی پیشە سازییەکانی پارێزگاکە بەتەواوی داخراون و ٣٠٪ی ئەوان بە نیوەی توانست کار دەکەن.[20] پارێزگای سنەش زۆرترین ئاستی یەدەگی زێڕی لە ئێراندا هەیە. مەزنترین کانگای زێڕ لە ناوچەکە کانگای ساریگۆنییە، بە ٧٠ میلیۆن تۆن یەدەگی زێڕ و کانزا. بە گوتەی کاربەدەستانی دەوڵەتی، گریمانە دەکرێ ئەو یەدەگانە ١٠٠ میلیۆن تۆن بن ، کە لە ٢٠١٧ لە ١١٪ بۆ ٣٠٪ ی کۆی یەدەگی زێڕ و کانزای ئێران بەرز بووەوە.[21] تەنیا لە ٢٠١٧دا، ٦٠٪ی زێڕ و کانزای دەرهێنراو لە ئێران هی ساریگۆنی قوروە، لە پارێزگای سنە بوو. لەگەڵ لە دامەزراوەیی خستنی ڕۆژهەڵات، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان دامەزراوەی ئەمنییەتیی دروست کردوون کە لە ژێر دەمامکی ڕێکخراوی خێرخوازیدا کار دەکەن. چالاکییە ئابوورییەکانی ئەو ڕێکخراوانە کەرتی جۆراجۆر دەگرنەوە، لە کشتوکاڵ تا پیشەسازی. بۆ وێنە "جهاد سازندگی"، "ستاد اجرایی"، "کمیته امداد" (یارمەتی)، "بنیاد شهید"، "بنیاد مستضعفان و جانبازان" و چەند دانەی دیکەشن، کە بۆ کرینی ڕەوایی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دانی پشتگیریی دارایی سنووردار بە تاقمی هەژارن، تا تێوە گلان لە پڕۆژەی بە نێو گەشەپێدەر و هەروەها بڵاو کردنەوەی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت و پتەو کردنی دەسەڵاتەکەی و هێنانەژێر چاودێریی هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناوچە پەراوێزخراوەکان، کار دەکەن. تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ئەو دامەزراوانە هێزی زەبەلاحی دارایی و نەبوونی هیچ ڕکابەرێکە کە ئەوان دەکاتە قۆرخکاری بەکارهێنان و بەشینەوەی دارایی تا بریار دان لە سەر پڕۆژە گەشەپێدەرەکانی دەوڵەت.

## ڕەگەز پەرستیی ژینگەیی و ژینگەکوژی

لە دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ١٩٧٩، ستراتێژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە ژینگەی کوردستان کاولکاری بووە. لە سایەی سۆسیال مێدیاوە، ستراتێژییە دژە ژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات لەو دواییانەدا سەرنجی جەماوەری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. زیاتر لە ٤٠ ساڵ، کاولکاریی ژینگەیی هەمیشە بەشێک لە سیاسەتی گشتیی لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەوڵەتەوە بووە. بەڵام، لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرج، ئەو سیاسەتە شێوازی جۆراجۆری هەبووە و بە ئامرازی جۆراجۆرەوە جێبەجێ کراوە. میلیتاریزە کردنی ڕۆژهەڵات و گومانداریی دەوڵەت لە پارێزگاری لە سیستەمی ژینگەییی ناوچەکە بووەتە هۆی دابەزینی بەرچاوی فرەچەشنیی زیندەوەری لە ڕۆژهەڵات.[22] ئەوە تەنانەت ناوچە بە نێو پارێزراوەکانی وەک کۆسالان و بەرزاییەکانی شاهۆ لە پارێزگای کوردستان (سنە)یشی گرتووەتەوە.[23] لە ماوەی چاند ساڵدا، مانۆڕی سەربازی، ئاگر تێبەردان و دروستکردنی ڕێگاوبان، گەلێک زیندەوەری لەنێو بردوون کە لە چیا و دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەژین. لێدانی جادەی سەربازی، کە کەمترین ستانداردی دڵنیاییان تێدا ڕەچاو دەکرێ، فاکتەری سەرەکیی وێرانکردنی ژینگەی ڕۆژهەڵاتن. ئەو ڕێگا پڕ پێچ و گەوانە، کە بە دەشت و چیادا بڵاو بوونەوە زەرەری فرە مەزنیان لە دیمەنی سروشتی داوە، خاکەکەیان سوواندووە و سیستەمی ژینگەیان پیس کردووە. ئاسەواری میلیتاریزە کردنی هەرێمی ڕۆژهەڵات تەنیا لێدانی جادەی سەربازی، سەربازخانە و بینای سەربازی ناگرێتەوە کە بوونە پەڵەی ڕەش بە دیمەنی کوردستانەوە. گەلێک ناوچە لە ڕۆژهەڵات بۆ پێداڕۆیشتن نابن، چونکە گریمانە دەکرێ ١٦ میلیۆن مینی ژێر زوێ لەو شوێنانە نێژرابن.[24] دەوڵەت لە هەشتاکانی زایینیدا، بە کەڵکوەرگرتن لە جەنگی ئێران-عێراق چەند بەشی گرینگی کشتوکاڵ یان لەوەرگەی کوردی مینرێژ کردووە. ئەو مینانە تەنیا لە ناوچە سنوورییەکان نین، ئەوان تەنانەت دەگەنە خانووبەرەکانیش. بە گوێرەی یادداشتە فەرمییەکان،[25] گریمانە دەکرێ مینەکان ٤ میلیۆن هێکتار زەوییان داگیر کردبێ، کە لەو ڕووبەرە ٢،٣ میلیۆن هێکتار لە ناوچە کوردییەکانە و ئەوانی دیکە لە پارێزگای عەرەبیی خوزستانن. مینی ژێر زەوی کاریگەرییان لەسەر سامانی سروشتی، خاک، ڕووەک، هەیە و بە گیرۆدەکردنی خاک و نەهێشتنی سەقامگیرییەکەی، زەرەری بەرچاویان بۆ سەر سیستەمی ژینگە هەیە. زۆربەی ناوچە گیرۆدە بووەکان لە ڕابردوودا کێڵگە بوون، بەڵام بەشێکی بەرچاوی چۆڵ کراوە؛ لە ئاکامدا، ئەو خاکە بەپیتە بووەتە زەوی ویشک. ڕێژەی قوربانییانی مین لە ئێران لە هی سەرجەم وڵاتانی دنیا زۆرترە.[26] لە دوو دەیەی ڕابردوودا، چەند هەڵمەتی تاکوتەرای هەڵگرتنەوەی مین بەڕێوە چوون، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی ئەو هەڵمەتانە نزمترین ئاستی ستانداردی پێویستیان تێدا ڕەچاو نەکراوە. بۆ وێنە، لە ٢٠١٢، وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایانگەیاند پارێزگای کرماشان لە مین خاوێن کراوەتەوە. سەرەڕای ئەوە، چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕاگەیەنراوە، چەند کەس لە ئاکامی تەقینەوەی میندا کوژران و بریندار بوون. هۆیەکەی

ئەوە بوو ئەو هەڵمەتەی هەڵگرتنەوەی مین، تەنیا بۆ قووڵایی ٣٠ سانتیمیتر بەڕێوە چووبوو. بە گوێرەی ئەندامێکی پارلەمانی ئێران، فەتحوڵڵا حوسەینی، بۆ ئیدیعای خاوێنبوونەوەی ناوچەیەک لە مین، دەبێ هەڵگرتنەوەی مین "تا قووڵاییی ٨٠ سانتیمیتر بەڕێوە بچێ".[٢٧] دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق، دەوڵەت بە خێرایی و بە وردی ناوچە خاوەن نەوتەکانی پارێزگای خوزستانی بە هۆی بەستراوییەکەی بە پیشەسازیی نەوت لە مین خاوێن کردەوە. دەوڵەت ناوچە ستراتێژیک و سوودبەخشەکان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، وەک فەککە، شەلەمچە، حەمیدییە، چەزابە و سوسەنگردی، بە ئەوپەڕی وردبینییەوە خاوێن کردەوە. دەوڵەت تەنانەت کۆمپانیا نەوتییەکانی نۆروێژی و چینیشی لە ئۆپەراسیۆنەکانی خاوێنکردنەوەکاندا بەکار هێنا. بەڵام، لە ڕۆژهەڵات، دەوڵەت هێشتا شوێنی نزیک گوندەکان و ئەو ڕێگایانەی خەڵک بۆ هاتووچۆ بۆ سەر مووچە و مەزراکانیان کەڵکیان لێ وەردەگرن، مینڕێژ دەکات.[٢٨] کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەگرێ تا چاودێریی چالاکییەکانی بکەن. بە گوێرەی تەلەفزیۆنی ئیران ئینتەرناشناڵ، لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئێران پێی خۆش نییە کۆنوانسیۆنی ئۆتاوا پەسەند بکات.[٢٩] دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات کەڵکی لە مەیدانەکانی مین وەرگرتووە تا سیاسەتی لەگەشەخستنەکەی بەڕێوە بەرێ. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، مەیدانەکانی مین دەبنە هۆی دابەزینی بەرهەمهێنانی ئابووری و، پیشەسازیی خواردەمەنی لە ناوچە مینڕێژکراوەکان کەم دەکەنەوە کە دەبێتەوە هۆی چۆڵکردنی گوندەکان لە لایەن دانیشتووانەوە. کاتێک زەوییە کشتوکاڵییەکان و شوێنی گرینگی دیکە لە بەرهەمهێنان دەسڕێنەوە، خەڵکی گوندەکان، کە سەردەمێک لە ڕوانگەی ئابوورییەوە خۆبژیو بوون، ناچار دەکرێن بۆ شارەکان کۆچ بکەن، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پەراوێز دەخرێن، وەک هاوکاری ڕێژیم کار دەکەن، دەچنە نێو هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکانەوە یان بە مانەوە لە گوندەکان داهاتووی خۆیان لە مەترسی داوێن. دوو بژاردەی یەکەم، دانیشتووان زۆرتر بە دەوڵەتەوە دەبەستنەوە و ئەوی سێیەم لە درێژخایەندا بژاردەیەکی خۆگر نییە. ژیان لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات، تا ڕادەیەکی زۆر پشتئەستوور بە کشتوکاڵ و بەخێو کردنی مەڕومالاّت بووە. کردنی مەزرا و لەوەڕگەکان بە مەیدانی مین، ئابووریی ناوچە گوندییەکانی لێک هەڵتەکاندووە و گیانی سەدان کەسی گوندیی ئەستاندووە. لەوەش زیاتر، بەئەمنییەتیکردنی ناوچەی جوگرافیای ڕۆژهەڵات، دانیشتووانی لەمەڕ داهاتوویان نادڵنیا کردووە، سامانە ئابوورییەکان و دەرفەتەکانی لێیان ئەستاندووە و ئەوانی بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان بە هەمان دامودەزگا ئەمنییەتییەکانەوە بەستووەتەوە. هەڵمەتی دژە کوردی دەوڵەت هەروەها سیستەمی ژینگەی ڕۆژهەڵات وێران دەکات کە نموونەکانی ڕووتاندنەوەی هەرێمەکە لە دارستان و بەئانقەست بەئامانجگرتنی بوونەوەرە کێوییەکانە. پلانی سیستەماتیکی دەوڵەت بۆ لەنێوبردنی دارستانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠ی زایینی (بڕوانە حەسەنیان ٢٠٢١). نەهێشتنی دارستان لە ڕۆژهەڵات بەشێک لە پڕۆژەیەکی کۆتایینەهاتوو لە داگیرکاریی ڕۆژهەڵاتە کە لە ١٩٧٩ دەستی پێ کرد کاولکردنی دارستانەکان و کوشتنی

بوونــــەوەرە کێوییـــەکان بـــە ڕاگەیاندنی جیهاد لە لایـــەن خومەینییەوە دژی گەلی کـــورد لە ١٩٧٩ دەســـتی پێ کـــرد.[٣٠] بۆ وێنە، دارســـتانەکانی دەوروبەری شاری پاوە کەوتە بـــەر پەلاماری بەربـــڵاوی تۆپباران و هێرشـــی ئاســـمانی، کە لەو پەلامارانەدا بەشـــێکی بەرچاوی ئەو دارســـتانانە لە نێو چـــوون. لەگەڵ پەلهاویشـــتنی داگیرکاریی دەوڵـــەت بـــۆ ناوچەکانی دیکـــە، ژینگەی ڕۆژهـــەڵات کەوتـــە ژێـــر کاولکاریی فرە مەزنتـــر، بە تایبـــەت ڕۆژئـــاوا و باکووری ڕۆژئـــاوای ڕۆژهەڵات، واتە ئەو شـــوێنانەی بـــە دارســـتانی چغـــوور داپۆشـــرابوون. بۆمبارانـــە هەرەمەکییەکانـــی دەوڵەت دژی دارســـتانەکانی ڕۆژهەڵات بـــە بیانووی ئەوە کە دارســـتانەکان شـــوێنی خۆحەشاردانی جەنگاوەرانی کوردە، بەڕێـــوە چووە. کەڵک وەرگرتنی خراپ لە جەنگـــی ئێران-عێراق لـــە لایەن کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێرانەوە، بوو بـــە دەرفەتێک کە ڕۆژهـــەڵات بکرێتە هەرێمێکـــی یەکپارچـــەی ســـەربازی کە زەرەری قەرەبـــوو نەکراوەی لـــە بوونەوەرە کێوییەکان و فرەچەشـــنیی بوونەوەرانی دا. دوای جەنگی ئێران-عێراق و ســـەرهەڵدانی بەنێو ســـەردەمی ئاوەدانکردنـــەوە لە کاتی ســـەرکۆماریی ڕەفســـەنجانیدا، تێکدانـــی ژینگـــەی ڕۆژهـــەڵات شانبەشـــانی پڕۆژە ســـەربازییەکان، بە بێ لەبـــەر چاو گرتنی زەرەرەکانیـــان بـــۆ ســـەر ژینگـــە بەڕێوە دەچـــوون. ئـــەو پڕۆژانە لە لایـــەن هێزە دەوڵەتییەکانی وەک ســـوپای پاســـدارانەوە جێبەجـــێ دەکران و ئامانجی ســـەربازی و ئەمنییەتییان لەپشـــت بوو. دروســـتکردنی بەنـــداو، کانـــاڵ و تونێل بـــۆ کاولکردنی ســـامانە ئاوییەکانی ڕۆژهـــەڵات، دەورێکی ویرانکارانەیان لە تێکدانی دیمەنی سروشـــتی و ڕووتاندنەوەی ڕۆژهەڵات لە دارســـتانەکانی هەبـــوو. بێجگـــە لـــەوە، بەنـــداوەکان بۆ گواســـتنەوەی ئاو لـــە ڕۆژهەڵاتـــەوە بۆ ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی ئەتنیکەکانی دیکـــە، بە مەبەســـتی ورووژاندنـــی تاقمە ئەتنیکییـــەکان دژی یەکتـــر، بەڕێوە چوو. لەگـــەڵ پـــەرە گرتنـــی هەنـــگاوە دژە ژینگەییەکانـــی دەوڵـــەت، هۆشـــیاریی ژینگەییـــش بەهێزتر بـــوو و، چالاکییەکانی پەیوەندیـــدار بـــەو بـــوارەوە لایەنگریـــی بەربەرینـــی لە نێـــو کوردانـــدا پەیدا کرد. لە ئێســـتادا، نزیکـــەی هەموو شـــارێکی کـــوردی کۆمەڵـــەی ژینگەپارێـــزی خۆی هەیە. ئەنجومەنی ژینگەپارێزی کوردســـتان، ژینگەپارێزانـــی وڵات، ئەنجومەنی ســـەوزی چیـــا و ئەنجومەنـــی بیرمەندانی ســـەوز چەنـــد نموونـــەی ڕێکخـــراوی ناحکوومی و ئەنجومەنـــن کە چالاکانە بۆ پاراســـتنی ژینگـــەی ڕۆژهـــەڵات خەبـــات دەکـــەن (ســـولەیمانی ٢٠٢٠). لـــە ســـایەی ئەو ڕێکخـــراوە گەلییە ژینگەپارێزانـــەوە، ڕۆژانە ئاگر کەوتنەوە لـــە ڕۆژهەڵات تۆمار دەکرێ. بە گوێـــرەی بەشـــێک لـــەو ڕێکخراوانە، ڕێژەیەکـــی بەرچـــاو لـــەو ئاگرکەوتنانە لە کوردســـتان بە هـــۆی مانۆڕی ســـەربازی و ســـووتاندنی بـــە ئانقەســـتی ســـوپای پاســـدارانەوە دەقەومێن (سولەیمانی ٢٠٢٠). دوای دارســـتانەکانی باکـــووری کەنارەکانی کاســـپیەن، دارســـتانەکانی پارێزگای سنە دووهەمیـــن دارســـتانە مەزنەکانـــی ئێران بوون. دارســـتانەکانی پارێزگای سنە بەشێک لە دارســـتانە سروشـــتییەکانی زاگرۆســـن کە ناوچەیـــەک بە ڕووبـــەری ١٦٤٣٤٦٧ هێکتـــار دەگرێتـــەوە. چونکـــە زۆربـــەی دارەکان لە جۆرەکانی داربەڕوون، دارســـتانە بەڕووەکانی ڕۆژئاواشـــیان پێ دەگوترێ. لە هاوینی ٢٠١٠، بەشـــێک لە دارستانانەکانی دەوروبەری شـــارەکانی مەریوان و ســـەوڵاوا شـــاهیدی کاولکارترین ئاگـــر کەوتنەوەی چـــوار دەیەی ڕابردوو بوو، کـــە بە "هاوینی

ڕەش"[٣١] ناودێر کرا. تەنیا لە ساڵی ٢٠١٠، ئەنجومەنی سەوزی چیا ژمارەی پێشووتر نەبیستراوی ٩٣٥ ئاگر کەوتنەوەی لە پارێزگای سنە ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکی ناوچە و ئەندامانی چیا، کە هیچ جۆرە یارمەتییەکیان لە لایەن دەوڵەتەوە پێ نەکرا، ناچار بوون بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانە خەبات بکەن، کە ئەوەش نیشانەیەکی دیکە لە سیاسەتی دەوڵەت بۆ کاولکردنی ژینگەی ڕۆژهەڵاتە. لە ٢٠٠٩ تا ٢٠١٥، چیا زیاتر لە ٢٠٠٠ ئاگری تەنیا لە مەریوان و سەولاوا کوژاندبوونەوە. نموونەیەکی ئەو جۆرە ئاگرکەوتنە بەربڵاوانەلە ٢٠١٩ لە ئیلام ڕووی دا. بەڵام، هەمدیس، دەوڵەت هیچ هەنگاوێکی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ناوچە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە، کە ٩ ڕۆژ لە چیاکانی زاگرۆس درێژەی هەبوو و ڕووەکەکانی ناوچەی سووتاند، هەڵنەهێنا. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان، زیاتر لە ١٥٠٠٠ داربەڕوو، ١٠٠٠ دار کەوت، ١٠٠٠ دار گوێز و سەدان زیندەوەر و ئاژەڵ کە مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە بوونە خۆڵەمێش.[٣٢] ئامارە فەرمییەکان ئەوە دەر دەخەن کە لە ٢٠٢٤ بە تەنیا، ١٨٠٠٠ هێکتار لە داربەڕووەکانی زاگرۆس ویشک بوون.[٣٣] لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا و کەمئاوییەکەی ئاکامی ئەو دیاردەیە ڕەنگبێ هۆی نیوەی ئەو لەکیس چوونە بێ، ئەوی دیکە ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە سامانە سروشتییەکانی ڕۆژهەڵاتە. بە گوێرەی سەرپەرشتی گشتیی سامانە سروشتییەکان و بەڕێوەبەریی ئاوی سنە، لە ٢٠١٩، ژمارەی ڕووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە گەیشتە ٢٧١، کە لە ئاکامدا ٢٦٥٥ هێکتار دارستانی ئەو پارێزگایە لەنێو چوو. ئاگرکەوتنەوەکان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاواش ئاساییین. بە هەمان شێوە، لە شارە کوردییەکانی وەک سەردەشت و پیرانشار (ئـ ڕ.)، ئاگر کەوتنەوە بوونە دیاردەی ئاسایی. لە ٢٠١٩، لە ئاگرکەوتنەوەیەکی دوو ڕۆژەدا، نزیکەی ٢٠٠ هێکتار دارستان سووتا. کاربەدەستە دەوڵەتییەکانی هەرێمەکە دانیان بەوەدا نا کە بێتوو دەوڵەت خێرا کارێکی کردبا و ڕێگاچارەی گونجاوی گرتبا بەر، ئاگرەکە دەکوژاوە و ئاستی زەرەر و زیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر دەبوو.[٣٤] شاری سەردەشت ٩٠ هەزار هێکتار دارستان و ٣٠ هەزار هێکتار لەوەڕگای هەیە کە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا مەزنترینن. بەڵام، ئەو هەرێمە سروشتییە لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەندە، لە دەیەی ڕابردوودا بە هۆی ئاگر کەوتنەوە و پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداو تێکچووە. بە گوێرەی کاربەدەستانی دەوڵەتی، لە ٢٠٢٠، نزیکەی ١٤٧ ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە لە پارێزگای سنە ڕوویان داوە. ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی لەنێو چوونی ١٢١٦ هێکتار، کە لەو ڕێژەیە ٢٥٦ هێکتار دارستانی سروشتی، ٨٧٣ هێکتار لەوەڕگا و ٧٧ هێکتار زەویی دارستانی بووە.[٣٥] گەلی کورد چەند یەکەی جەماوەریی پاراستنی ژینگەی لە وڵامی خۆبواردنی بە ئانقەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاراستنی دارستانەکانی کوردستان دامەزراندووە. بەڵام، دەوڵەت ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانە دەخاتە ژێر چاودێریی چڕەوە و بەردەوام ئەندامەکانی هەراسان و زیندانی دەکات و تەنانەت دەشیانکوژێ. لە ٢٠١٨، هێزە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەت لە پارێزگای سنە، پێنج چالاکی کوردیان دەستبەسەر کرد، چونکە دژی فڕێدانی پاشماوە و سووتاندنی لە نزیک

مـــاڵان نارەزایەتییـــان دەربڕیبـــوو. هێزە ئەمنییەتییەکان، زانیـــار ئیبراهیمی، عەزیز ســـاڵحی، محەممەد مـــوراد کەریمی، عەلی ســـولەیمانی و فایـــەق محەممەدییان، کە هەموویـــان خەڵکی شـــاری مەریوان بوون، دەستبەســـەر کرد.[٣٦] ڕەشـــیدی لەبەر کارە خۆبەخشـــانەکەی گەلێـــک ناســـراو بوو و چەنـــد مانـــگ خەریکـــی یارمەتیدانی قوربانییانـــی بوومەلەرزەی ســـەرپێڵی زەهاو و ناوچەکانـــی دەوروبەری بـــوو. لە ٢٥ی ئاگوســـت، ٢٠١٨، چوار ژینگەپارێزی کورد لـــە ڕووداوێکی دیکـــەی بەربەرەکانی دژی ئاگرکەوتنـــەوەی دارســـتانەکان لە ئاکامی تۆپبارانـــی ســـوپای پاســـداران، گیانیان بەخـــت کـــرد. لـــە ٢٠١٩، ژینگەپارێزی کـــورد، عیرفـــان ڕەشـــیدی، ئەندامێکی ڕێکخـــراوی ژینگەپارێـــزی ژیوا لـــە پاوە، لەبەر "پڕۆپاگەنـــدە دژی دەوڵەت" حوکمی ســـاڵێک بەندکرانی بەسەردا ســـەپێنرا.[٣٧] بـــەو بیانوویـــە کـــە گوایـــە جەنگاوەرانی کـــورد لـــە ناوچەکـــەدا خۆیان حەشـــار داوە، ســـوپای پاســـداران تۆپ و خومپارەی بـــە دارســـتانە چیاییەکان لە ســـیلاس و پیلای دەوروبـــەری شـــاری مەریوانەوە نا. لایەنێکی دیکەی سیاســـەتی دژە ژینگەی کۆماری ئیســـلامیی ئێران لـــە ڕۆژهەڵات، تاڵانکردنـــی ســـامانە سروشـــتییەکانە. بە کەڵکوەرگرتن لە دەســـەڵاتە یاسـاییەکانی وەک یاســـای بەنێـــو بەنەتەوەییکردنـــی دارســـتانەکانی وڵات، کە لە ســـاڵی ١٩٦٢ پەســـەند کـــراوە و، بەنەتەوەییکردنی ئاو، کە لـــە ١٩٦٧ پەســـەند کـــراوە، کۆماری ئیســـلامیی ئێران دەســـتی بە پڕۆژەیەکی تاڵانکردنـــی ســـامانە سروشـــتییەکانی ڕۆژهـــەڵات کـــردووە و ئەو ســـامانانە بۆ دەرەوەی ناوچەکـــە دەگوازێتـــەوە. کۆماری ئیســـلامیی ئێـــران بەرنامەکـــەی لە ژێر دەمامکـــی پڕۆژەکانـــی گەشەســـەندن و دامەزراندنـــدا دەباتـــە پێـــش، ئێســـتای ڕۆژهەڵات دەشـــێوێنێ و گەشەســـەندنی داهاتـــووی بنکـــۆڵ دەکات. کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێران لە دەســـەڵاتی بەســـەر گەشـــەی ئابووریدا، وەک مێکانیزمی سزادان و ئامرازێـــک بـــۆ ئەندازیاریـــی پێکهاتەی دێموگرافـــی کۆمەڵایەتیـــی ڕۆژهـــەڵات کەڵـــک وەردەگـــرێ. نموونەیەکـــی زەق دروســـتکردنی ژمارەیەک بەنـــداو لە لایەن دوڵەتەوە لە ســـەر ڕووبارەکانـــی ڕۆژهەڵاتە تا ســـەرچاوە ئاوییەکانی کـــوردان، کە بۆ ئاودێریـــی مووچـــە و مەزراکانـــی خەڵکی خۆجێیی پێویســـتە، بدزێ. گواســـتنەوەی ئـــاوی ڕۆژهـــەڵات بـــۆ دەرەوەی ناوچەکە لـــە کۆتاییەکانـــی نەوەدەکانـــی زایینی دەســـتی پێ کـــرد (ســـولەیمانی ٢٠٢٠). لە ١٩٩٩، دەوڵەت دەســـتی بـــە پڕۆژەی گواســـتنەوەی ئاوی زەرینە ڕود لە بۆکانەوە بۆ تەورێز کرد، کە مەزنەشـــارێکی تورکان و ناوەندی پارێـــزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتە. ئەوە هەروەها ئاکارێکی سیاســـی و بەشێک لە ســـتراتێژیی کۆماری ئیســـلامیی ئێران بـــۆ چاندنی تـــۆوی کێشـــەی ئەتنیکی لە نێـــوان تورکی ئـــازەری و کوردانـــدا بوو و ڕێخۆشکەری کێشـــەی بێکۆتایی و نواندنی کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێـــران وەک تاکە زامنـــی یەکپارچەییـــی خاکـــی ئێرانە. بە گوێرەی ئامـــاری فەرمی، ئـــەو پڕۆژەیە ٥ میتر ســـێ جـــا ئاو لـــە چرکەیەکـــدا بۆ تەورێـــز دەگوازێتەوە و ئـــاوی خواردنەوەی ٢،٥ میلیـــۆن کـــەس، ئاودێریـــی زەوییە کشـــتوکاڵییەکان و پڕۆژە پیشەسازییەکانی دەوروبـــەری تەورێـــز دابیـــن دەکات. لەو ئـــاوە، ٪٤٠ی وەک ئـــاوی خواردنـــەوە دەدرێتـــە ئازەرشـــەهر، ئیلکچـــی، بناو، و میاونـــدواو و، ئـــەوەی دیکـــەش دەدرێتە گەورەشـــاری تەورێز. بێجگە لەوە، هێندێک زانیاریـــی نافەرمـــی لەمـــەڕ بوونی پلان

بۆ گواستنەوەی ئاوی بەنداوی ئازادی مەریوان بۆ هەمەدان لە ئارا دان (ئابادیان ٢٠١٤). کاربەدەستان، بوونی وەها پلانێک نە پشتڕاست دەکەنەوە و نە ڕەتی دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کە فازی سەرەتایی ئەو پرۆژەیە هەر ئێستا دەستی پێ کردووە. ئەو هەواڵانە بە کۆبوونەوەیەکی پارێزگاری کە لە سنە بەڕێوە چوو و لەویدا نوێنەرانی پارلەمانی ئەو پارێزگایە نیگەرانییان دەربڕی، پشتڕاست دەکرێنەوە. بێجگە لەوە، هێندێک هەواڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوڵەت خەریکی پلاندانان بۆ گواستنەوەی ئاوی بەنداوی داریانی پارێزگای سنە بۆ قومە، کە سەدان کیلۆمیتر لە ڕۆژهەڵات دوورە. هیچ زانیارییەکی ورد لەبارەی ئەو پرۆژانە بڵاو نەکراونەوە، چونکە ئەو بڕیارانە لە پلەبەرزترین ئاستی سیاسی و ئەمنییەتییەوە دەدرێن و لەبەر ئەو هۆیە زانیاریی پەیوەندیدار نهێنییە. هەر تاک یان تاقمێک نارەزایەتی دژی ئەو جۆرە پرۆژانە دەربڕێ، بەرەورووی توورەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێتەوە. سەرچاوەی سروشتیی کانی بڵ، مەزنترین کانیی ناوچەکە، بە هۆی بەنداوی داریانەوە تووشی مەترسیی لەنێو چوون دەبێتەوە. دروستکردنی بەنداوی داریان هەر ئێستا لە هەورامان بووەتە هۆی گواستنەوەی ٢٠ گوند و سەدان کەس. لە دێسەمبەری ٢٠١٥، زیاتر لە ٣٠٠٠ چالاک و کەسایەتیی دیاری کۆمەڵگا نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆک کۆمار ڕوحانی کرد، لەویدا گوتیان "ئەو شوێنە سیمبۆلیکە و سەرچاوەی بەنرخی ئاوی کانزایی بە هۆی دروستکردنی بەنداوەکە، بڕیارێک کە بە هۆی زانیاریی هەڵەی وەزارەتی وزە دراوە، بەرەورووی هەڕەشەی دەستبەجێ بووەتەوە."[38] واژۆکەرانی نامەکە جەختیان کردووە کە کانیی بڵ دەتوانی ئاوی ٢ میلیۆن کەس دابین بکات کە لە نەوت بەنرخترە. چالاکانی ناوچەکە هەروەها کۆبوونەوەی نارەزایەتییان پێکهێنا و داوایان لە دەوڵەت کرد پرۆژەکە بوەستێنێ؛ بەشێکیان تەنانەت بۆ ماوەی چەند ڕۆژ مانیان لە خواردن گرت. لە کۆتاییدا، ڕژیم، پەنای بۆ توندوتیژی برد و ئەو کەسانەی دەستبەسەر کرد کە لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی کانی بڵدا بەشدار بوون.[39] هەڵبەستنی بەنداو لە سەر ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵات هەڕەشە لە دابینکردنی ئاو بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران زەخت دەخاتە سەر کوردانی ئەوبەری سنوور و لە ئاو وەک ئیمتیازێکی ژیۆپۆلیتیک لە دژی ئەوان کەڵک وەر دەگرێ. ڕووباری سیروان، کە بەنداوی داریان (چۆمانی و بیجنەنس ٢٠١٦) لە سەری هەڵبەستراوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ و بە باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێ، کە لەوێ بە ڕووباری دیالە ناسراوە. ڕووباری دیالە، تێکەڵی ڕووباری ئەڵوەن، لقێک کە ئەویش لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەقوڵێ، دەبێ و نێوان ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ی ئاوی ساڵانەی دیجلە دابین دەکات. ڕووبارەکانی دیالە و ئەڵوەن سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاو لە پارێزگای دیالەی عێراقن، بە تایبەت بۆ کشتوکاڵ. نەبوونی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵات، دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دروست کردنی بەنداوی ئاوەڵا کردووە و هەروەها کاریگەریی نەرێنیی لەسەر چارەنووسی باشووری کوردستان هەبووە و تا ڕادەیەکی زۆر چوونی ئاو بۆ ئەو بەشەی کوردستانی سنووردار کردووە.

## تێبینییەکانی کۆتایی

ئەو وتارە هەوڵ دەدا هێندێک تایبەتمەندیی سیاسەتی لەگەشەخستنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بنکوڵکردنی مانەوەی پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ئابووریی ڕەسەن لە ڕۆژهەڵات شی بکاتەوە. بە سوود وەرگرتن لە پێشەچوونەکانی ئەو دواییانەی ئەو لێکۆڵینەوانەی بە دەستپێشخەریی پسپۆڕانی لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین بەڕێوە چووە، توێژینەوەی ئێمە هەوڵێک بوو بۆ جەختکردنەوە لەسەر نامومکین بوونی گەشەسەندنی ڕۆژهەڵات بە هۆی نەبوونی جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی. بەراوردکاریی ئێمە هاوتەریبییی بەرچاوی لە نێوان سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ لە دامەزراوەیی خستن، لێکهەڵتەکاندنی ئابووری و بێبەش کردن لە ڕۆژهەڵات و پرۆژە نیشتەجێکردنە کۆلۆنیالیستییەکانی ئیسراییل لە فەلەستین ئاشکرا کرد. هەر دوو دەوڵەت پرۆژەی کۆلۆنیالیستییان جێبەجێ کردوون کە پشتئەستوورن بە دیسکۆرسی تاک ئەتنیکی-تاک ئایینیی دروستکردنی دەوڵەت، بە مەبەستی جوولەکە کردنی خاک و هەرێم لە ئیسراییل و فارس-شیعە کردن لە ئێران. بەڵام، لە کاتێکدا کە ئیسراییل خەریکی سیاسەتی گۆڕینی شوناسی هەرێم و خاک بە گواستنەوەی فەلەستینییانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا هەرێمی کوردستان بکاتە فارس-شیعە، ناوچە کوردییەکان لە دانیشتووانی داماڵێ، ئەوان ناچار بە کۆچ بۆ شارە ناوەندییە فارس نشینەکان، وەک هێزی کاری هەرزان بکات، کێشەی کۆمەڵایەتیی بێکۆتایی لەگەڵ ناکوردەکان دروست بکات و، ڕۆژهەڵات بۆ کوردان بکاتە شوێنێک کە ژیان تێیدا نامومکین بێ. لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گەشەسەندنی ناوچە پەراوێزەکان بە ئاستی بەرهەڵستکاریی کۆمەڵگا نافارسەکان یان قبووڵکردنی سیاسەتی تواندنەوەی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە. لە کاتێکدا کە ئیسراییل هەوڵ دەدا دەست بە سەر سامانەکانی فەلەستینییاندا بگرێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە لەنێو بردنی دارستانەکان و کاولکردنی ژینگەی ڕۆژهەڵات، هەوڵ دەدا ڕۆژهەڵات وەک جوغرافیایەکی سیاسی لەنێو بەرێ. توێژینەوەی ئێمە هێندێک هێزی جووڵێنەری لەگەشەخستن ئاشکرا دەکەن کە تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و نیشانەکانی سیاسەتی تێرۆریزمی ژینگەیی، سڕینەوەی سیستەماتیکی دارستانەکان، مینڕێژ کردن و بەتاڵکردن یان گواستنەوەی سامانە سروشتییەکانی ناوچەی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. توێژینەوەی ئێمە خۆشکردنی بوار بۆ لێکهەڵوەشاندنی تێگەیشتنی ئاسایی لەمەڕ ناوچەکەیە کە حەز دەکات ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە پێش هەموو شتێکدا لە ڕوانگەیەکی چەقبەستووەوە سەیر بکات. ئەگەرچی ئەو پارادایمە لە لایەن پسپۆڕانی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال، لە ناویاندا ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر فەلەستین دەکەن، بە توندی ڕەخنەی لێ گیراوە، هێشتا لە پەیوەندی لەگەڵ پێناسەکردنی ئەوە کە کێ کۆلۆنیکراوە و کێ کۆلۆنیالیستە، گوڵبژێرانە و بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە. بێجگە لەوە، ڕەخنەی پاشکۆلۆنیالیستی بە شێوەیەکی بەرچاو سەرقاڵی نواندنی کۆلۆنیالیزم وەک دیاردەیەکی تەواو ڕۆژئاواییە؛ بۆیە، لە بیر کردنەوە لە بوونی پرۆژەی کۆلۆنیالیستی

لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بێتوانایە، یان بێمەیلە. لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین، توانایی پێداچوونەوە و لەسەر ڕا پێناسە کردنەوەی کۆلۆنیالیزمی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ، (وەک دیاردەیەک کە تەنیا پرۆژەیەکی ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکو نەریتێکی گەردوونییە کە هەر ئێستا ڕەچاو دەکرێ) هەیە. لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین، ئەم وتارە هەوڵ دەدا دەمامکی دیسکۆرسی کۆلۆنیالیستی، ڕێکارەکان و سیاسەتی ژێردەستەکردنی کۆمەڵگای ناسەربەخۆی بەکەمینەکراوی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لادا، کە سیاسەتەکەی وێکچوونی بنچینەیی لەگەڵ سیاسەتی ئیسرائیل دژی فەلەستینییان هەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵگای حاکم هەڵوێستێکی خۆپەرستانە و چاوبەستوویان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەرییەوە هەیە، بۆ وێنە، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی و ڕۆشنبیرانی فارس (بە تایبەت لە پێکهاتە و پلاتفۆرمە ئاکادێمیکەکانی ڕۆژئاوا) کەڵک لە ڕەوانبێژییە چەپییە دژە ئیمپریالیستییەکان وەر دەگرن و خۆیان وەک پاڵەوانی داکۆکی لە مافەکانی فەلەستینییان دەنوێنن، لە کاتێکدا سیاسەتی خۆیان بەرانبەر بە کوردان کۆمەڵکوژانەیە (بڕوانە داباشی ٢٠١٧). لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕۆشنبیرانی فارسی لایەنگری دەوڵەت، دووروویانە ئیدیعایان کردووە ئەوان ڕێبەری ”هێمنیی دنیان“ لە کاتێکدا خەریکی بەڕیوەبردنی توندئاژۆترین شێوازی کۆلۆنیالیزم لە ڕۆژهەڵات بوون. بەڵام، بە پێچەوانەی ئیسرائیل، تا ئەو دواییانە، گریمانە ڕۆشنبیرانە وسیاسییەکانی دیسکۆرسی کۆلۆنیالیستیی فارس تا ڕادەیەکی زۆر پاشگوێ دەخرا (بڕوانە مەتین-عەسگەری ٢٠٢٠). شەیدایی لێکۆڵینەوەکانی دژەکۆلۆنیال و پاشکۆلۆنیالەکان بۆ بەچەمککردنی مێژوویی ئیمپریالیزم وەک دیاردەیەکی جوغرافیایی چەقبەستوو کە زۆرتر ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، ئەوانی ڕاهێناوە کە لە سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی ڕەچاو کراو بۆ ژێردەستە کردنی نەتەوە ئەتنیکییە ناسەربەخۆکانی وەک کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، چاوپۆشی بکەن.

## ئەمەگناسی

ئێمە سوپاسی دوکتۆر ئانجێلا داوتارتاس، پرۆفیسۆری مرۆڤناسی لە زانستگای ترۆی، لەبەر خوێندنەوەی وتارەکەمان و پێشکەش کردنی بۆچوونە ژیرانەکانی، دەکەین. ئێمە هەروەها پێمان خۆشە سوپاسی هەڵسەنگێنەرانی نەناسراو و پرۆفیسۆر لارێنس ڕالف (سەرنووسەر) بۆ تێبینییە بنیاتنەرەکانیان لەسەر نوسخەکانی پێشووی ئەو وتارە بکەین. پێزانینی خۆمان هەروەها پێشکەشی لیسا مەککەی، بەرپرسی بڵاو کردنەوە، بۆ پەیوەندییەکانی و بەرۆژ کردنەوەکانی وتارەکە، دەکەین.

## شرۆڤەکان

### هاشم ئەحمەدزادە

**بەشی زمانناسی و فەلسەفە، زانستگای ئۆپسالا، سوید**
(hashem.ahmadzadeh@lingfil.uu.se)

لە کۆتاییی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا کوردییەکانی ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و قاجار کۆتاییان پێ هاتبوو. سەردەمی دەوڵەتشار و میرنشینە

کوردییەکان، کە لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم و لە هێندێک شوێن تەنانەت زووتریش هەبوون، نەیانتوانی لە بەرانبەر سیاسەتی ناوەندگەرایی ئیمپراتورییەکان بەرگری لە خۆیان بکەن. وەڵامی کوردان بۆ ئەو سیاسەتە بە پاراستنی دامەزراوە ئاینییەکانیان، کە وەک پارێزەری دەسەڵاتیان سەیر دەکرا، سنووردار کرا (ڤان برونسێن ۱۹۹۲؛ ئۆلسۆن ۱۹۸۹). دامەزرانی ئەنجومەنە کوردییەکان لە ئەستەنبوڵ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەشێک لە پرۆسەی هاوچەرخکردنی ئیمپراتوورییەکە بوو. لاسەنگیی نێوان جووڵانەوە ناسیۆنالیستییەکانی ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و قاجار و پەراوێزخرانی کۆمەڵگا کوردییەکان، پێشیان بە وەدەستهێنانی مافە دێموکراتیکەکان لە کاتی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەکان گرت و دەوڵەتی نوێی مودێرن دامەزران. نەخشەی دوای شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بێجگە لە دەوڵەتانی دیکتاتۆر، لە سەر حیسابی بنکۆڵکردنی دەسەڵاتی تاقمی ئەتنیکیی وەک کوردان، هیچ شتێکی دیکەی ئاشکرا نەکرد. کوردستان بە جوغرافیای دابەشکراو کراو و شوناسی پارچە پارچە کراو، لە خەباتی بۆ مافە دێموکراتیکەکانی، بەرەورووی چارەنووسێکی جیاواز بووەوە. بە سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژی جەماوەری کە ئیلهامدەری ئازادی و دادپەروەری بۆ گەلان بوو نەیتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات کە وردە وردە وەک پرسی کورد نێودێر کرا. لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی شوناسی ئەتنیکە ناسەربەخۆکانن، لە ناویاندا کورد، لە دەیە سەرەتاییەکانی سەدەی ڕابردوو بەولاوە بە گەرمی مشتومڕی لەسەر کراوە. سیاسەتەکانی یەکدەستکردنی دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانی ناوچەکە لەگەڵ شوناسی ئەتنیکە پەراوێزخراوەکان، وەک شوناسی کوردی، تووشی پێکدادان بووە و لە ئاکامدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەولاوە بووەتە هۆی کێشەیەکی بەردەوام. بە لەبەر چاو گرتنی گرینگییەکەیەوە، کارێکی لە ڕادە بەدەر کەمی تیۆریک لە سەر سروشتی پرسی کورد کراوە. چۆن دەتوانین لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەراست، لە پرسی کورد تێبگەین؟ ئاخۆ ئەوە پرسێکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانەیە، یان پرسی نەتەوەیەکی دابەشکراو بە سەر چەند دەوڵەت-نەتەوەیە؟ ئاخۆ کۆمەڵگا کوردییەکان لە لایەن دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانەوە کراونە کۆلۆنی؟ دەتوانین کەڵک لە هەمان پێوەرانە وەرگرین کە بۆ پێناسەکردنی کۆلۆنیالیزمی کلاسیک لە لایەن زلهێزانی ڕۆژئاوایی لە ئەفریقا کەڵکیان لێ وەردەگرین؟ وتاری محەممەدپوور و سولەیمانی لەبەر ئەو هۆیە سەرنجڕاکێشە چونکە گفتوگۆیەکی نوێ لە سەر ئەو پرسانە دێنێتە ئاراوە و تیشک دەخاتە سەر لایەنە لەبیر کراو و گۆشە تاریکەکانی. من دەستخۆشی لە نووسەرەکان دەکەم بۆ هەوڵەکانیان بۆ بە تیۆریکردنی پرسی کورد، بەڵام پێموایە پرسەکە فرە ئاڵۆز و چەندلایەنەیە کە بەبێ هەڵوێستێکی وردتر و فرەڕەهەندتر ناکرێ هەڵسوکەوتێکی گونجاوی لەگەڵدا بکرێ. کەڵکوەرگرتن لە چەمکی کۆلۆنیالیزم بۆ پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچە، کاریگەرییەکی ڕادیکاڵی لەسەر خەباتی کوردان بۆ مافە دێموکراتیکەکان دەبێ. گرینگە کە ئامانج و فاکتەرە بڕیاردەرەکانی کاریگەر لەسەر هەڵوێستەکانی جووڵانەوە ناسیۆنالیستییە کوردییەکانی پێشوو و هەنووکەیی لەبەر

چاو بگیرێت. ئاشکرایە کە نەبوونی زانیاریی تیۆریک نەبووەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەو ڕێبازانە کە جووڵانەوە ناسیۆنالیستییە کوردییەکان گرتوویانە بەر. کەڵکوەرگرتنی کلاسیک لە دەستەواژەی "کۆلۆنیالیزم" بە گشتی پەیوەندیی بە بوونی دەسەڵاتی دەرەکی لە سەر خاک و وڵاتی خەڵکانی دوور لە وڵاتی کۆلۆنیالیستییە. ئەوە لە سەرەتادا وڵاتانی ئورووپایی وەک کۆلۆنیالیست و وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی وەک کۆلۆنیکراومان بیر دێنێتەوە (کراودەر ٢٠٠٧؛ نکرومە ١٩٦٥). لە کاتێکدا کە دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانی حاکم بەسەر کوردانەوە کەڵک لە سیاسەتی هاوشێوەی کۆلۆنیالیستی وەردەگرن، هێشتا بەکارهێنانی دەستەواژەکە بۆ ئەو وڵاتانەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەریان هەڵدا، جێگای مشتومڕە. ئاسەوارە سیاسییەکانی بەکار هێنانی دەستەواژەکان لە هەرێمی ئاکادێمیک تێپەڕ دەبن و کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی نەتەوە و ئەتنیکە تێوەگلاوەکانی ناوچەکە هەیە. بۆیە، ئێمە دەبێ ئەزموونەکانی وەدەستهاتووی کوردان لە خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی مافە دێموکراتیکەکانیانمان لەبیر بێ. هەر جۆرە پێداچوونەوە بە ستراتێژییەکانی پێشووی کوردان بۆ وەدەستهێنانی ڕزگاری، توێژینەوەی هەمەلایەنە دەخوازێ. گونجاندنی دەستەواژەی هەنووکەیی و نوێ لەگەڵ دۆخی کوردان، ئەگەر باری کوردان قورستر نەکات، ناتوانێ سووکی بکات. پێمخۆشە سەرنجی نووسەران بۆ تۆنی نەگونجاویان لە کاتی ئاماژە کردنیان بە زانایانی دیکەی بوارە زانستییەکەیان ڕاکێشم. سەرجەم توێژینەوە نوێیەکان بناخەیان لەسەر کاری ئەو کەسانەی پێش خۆیان دامەزراوە و، ئەوە گرینگە کە بە ڕێزەوە دان بە یارمەتییەکاندا بنرێ. لە هێندێک دۆخدا، نووسەرانی ئەو وتارە زمانێکی زبر لە کاتی ئاماژە کردن بە زانای دیکە بەکار دێنن، وەک کاتێک کە بە مایکڵ گونتەر دەڵێن "خۆ بە پسپۆڕی لێکۆڵەنەوەکانی پرسی کورد زان." ئەوە وا دەگەیەنێ کە نووسەرەکان خۆیان لە سەرووی پسپۆڕانی ئەو بوارە سەیر دەکەن، کە هەڵەیەکی قبوول نەکراوە. بێجگە لەوە، هێندێک ئیدیعای سەرەکیی وتارەکە بە شێوەی پێویست پشتئەستوور بە سەرچاوەی جێگای متمانە نین. ئەوە ڕاستە کە مرۆڤ لە دۆزینەوەی زانیاریی جێگای متمانە لە سەر کوردانی ئێران دەتوان تووشی ئالنگاری بێ، بەڵام ئەوە ڕەوایی بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەی دەستی دوو نادا. بە هەمان شێوە بەراورد کردنی فەلەستین لەگەڵ کوردستان ئالنگاری دروست دەکات. پرسی فەلەستین لە کاتی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی زایۆنیزمەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، لە کاتێکدا پرسی کورد هێشتا بە باشی نەناسراوە. لە کاتێکدا هێندێک وێکچوون لە شێوەکانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ فەلەستینی و کوردان هەن، ئەوە نابێتە هۆی ڕەواییدان بە پۆلێنکردنی ئەو دووانە وەک نەتەوەی کۆلۆنیکراو. بۆیە، کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییەکانی لەگەشەخستن بۆ ئەو نەتەوانە دەبێ بە پارێزەوە بکرێ. بەکارهێنانی تێگەیشتنی سارا ڕۆی لەمەڕ لەگەشەخستن، دەتوانێ تەنیا شێوەیەک ڕوانین بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد بۆ زانایان دەستەبەر بکات. بۆ تێگەیشتنی تەواوی ئەو پرسە ئاڵۆزە، زانایان پێویستیان بە بیرکردنەوەی قووڵ

له مەرجە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردان لە کاتی سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانی ئەو ناوچەیە هەیە.


### ئان رۆڵز

**بەشی کۆمەڵناسیی، زانستگای بێنتلی، ولاتە یەکگرتووەکان**
(arawls@bentley.edu)


## بەکارهێنانی "چاوی" کۆمەڵناسانە بۆ دۆخی کورد لە ئێران

وتاری "سیاسەتی ڕەگەزیی لەگەشەخستن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانەی فەلەستین و ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)،" لە نووسینی ئەحمەد محەممەدپوور و کەمال سولەیمانی، دۆخێک شی دەکاتەوە کە لەودا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەورەدراو، پێش پێگیراو، لە ژێر چاودێریدا و بە شێوەی یاسایی، فیزیکی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە ناچار کراون خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی فەرهەنگیی خۆسەپێنی ئێران بگونجێنن کە هەوڵ دەدا بە تواندنەوەی زۆرەملی و چەقبەستوویی ئابووری، فەرهەنگێکی نەتەوەیی یەکچەشن دروست بکات. وتارەکە ئەو دۆخە بە سیاسەتی "لەگەشەخستن" کە وەردەکارییەکەی لە لایەن سارا ڕۆی (٢٠١٦ [١٩٩٥]) لە لێکۆڵینەوە کلاسیکەکەی لەسەر غەززە بەراورد دەکات، کە ئاکامی هەر دوو دۆخەکە کاولکاریی بە ئانقەستی ئابووری، سیاسی و مانەوەی کۆمەڵایەتیی شوێنێک و خەڵکەکەیەتی.

بەراورد کردنی دوو دۆخ لە ولاتە یەکگرتووەکانیش وێدەچێ بەجێ بێ، چونکە هەردووکیان تەوەری دیکە بە باسەکەوە زیاد دەکەن. ڕۆژهەڵات، بەو شێوەیە کە وەسف دەکرێ بیرهێنەرەوەی وەدەرنانی خەڵکی ڕەسەنی[٤٠] ولاتە یەکگرتووەکان لە ملک و ماڵیان و، هێنانیان بۆ ژێر سەرپەرشتی و چاودێری لە ئۆردووگاکان و تێکدانی ئاو و سامانەکانی دیکەیانە. هەروەها بیرهێنەرەوەی دۆخی ڕەشپێستە ئەمریکاییەکانە، چونکە مافە مەدەنییەکانی ئەوان بۆ جاری دووهەم لە ١٩٦٥ بە شێوەی یاسایی زەمانەت کرا، پاش دەستبەسەرکرانی بەکۆمەڵ تا دڵنیا بن کە ڕەشپێستە ئەمریکاییەکان نەتوانن کار بدۆزنەوە، دەنگ بدەن یان بە شێوازی دیکە کەڵک لە مافەکانیان بۆ بەشدار بوون لە کۆمەڵگادا وەرگرن (ئالێکساندەر ٢٠١١). ئەوەش لەگەشەخستنە. پێشپێگرتن، دەورە دان و لەژێر چاودێری گرتنی گەلێک، بە شێوەیەک کە مانەوەی ئابووریی هەرێمێک وێران دەبێ و خەڵکەکە نایاسایی دەکرێ و پاشان ئاماژە بە پێش نەکەوتنیان دەکرێ و دۆخی دەستکردی "تاوانکار بوونیان" وەک بەڵگەی بەنێو نەخۆشی بۆ ڕەوابیدان بە لەکار کردنی زەبروزەنگ (و تواندنەوەی زۆرە ملی) کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بەڵام هەوڵەکانی سەرکوتکردنی خەڵکی ڕەسەن و ڕەشپێستی ئەمریکایی، لە کاتێکدا کە لە دروستکردنی کۆمەڵگای هەژار، پێشگرتن بە دەرفەتی پەروەردەیی و کار سەرکەوتوو بوون، لە تواندنەوەی زۆرەملیی ئەو خەڵکانە یان ناچار کردنیان بە ڕێزگرتن لە فەرهەنگی سپی پێستی حاکم، کە ئەو سنوورانەیان دەسەپاند، ناسەرکەوتوو بوو. لە ڕاستیدا، سەرکوت بوو بە هۆی زیاتر کردنی هاوپشتی و یاخیبوونی کاریگەر لە هەر دوو دۆخدا، کە درێژە بە بەرەوپێشچوونی گەشەی کۆمەڵگای ولاتە یەکگرتووەکان بە ئاراستەیەکی دێموکراتیکدا دەدا کە ڕاستەوخۆ بۆچوون و ئامانجەکانی یەکچەشنی خولقێنیی سپی پێستە

بالادەستخوازەکان تووشی ئالنگاری دەکات.

ئەوە پرسێکی سەرنجراکێشی تیۆریکە کە بۆچی دەوڵەت-نەتەوەکان هەوڵی ئەو جۆرە سیاسەتانە دەدەن، ئەگەر تێیدا سەرکەوتوو نابن. وەڵامەکە تێکەڵاوێکە لە بیر کردنەوەی کورتخایەن و بیری هەڵە لەمەڕ شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگاکان، کە دیکتاتۆڕان هان دەدا وا بیر بکەنەوە کە کۆنتڕۆڵی تەواو بە سەر دانیشتوواندا (بە جۆرێک کە پێمان وایە لە ڕابردوودا هەبووە) مومکینە. دیکتاتۆرەکان ئەمەگداری ئەو بەرنامەیەن، کە وابوو هانا بردن بۆ ڕەوشت بێ سوودە. بەڵام تێگەیشتن لە هەوڵی ئەوتۆ، لە جیات لاواز کردنی یەکگرتوویی خەڵکی سەرکوتکراو دەبێتە هۆی بەهێز کردنی و ڕەنگبێ هەوڵەکانیان بۆ شێوازی دێموکراتیکی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی هەبێ. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، سیاسەتی تواندنەوە پشتئەستوور بە خەیاڵی بالادەستیی فەرهەنگێکی ئیدیعایی ”سپی بوون“ بوو (ئالێن ١٩٩٤؛ مەتزل ٢٠١٩؛ ڕۆدیگەر ٢٠١٨؛ ئاندێرسۆن ٢٠١٧).

دۆخی ئێران، بە گوێرەی محەممەدپوور و سولەیمانی، خۆ پێناسە کردن بە ڕگەز و فەرهەنگێکی بە هەمان شێوە ئەفسانەیی، واتە ”ئاریایی“ دەگرێتەوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێران و غەززەی ئەمڕۆ، سیاسەتی ئەوتۆ بووەتە هۆی ئافراندنی کەلێنی قووڵ و بەرهەڵستکاری کە هەڕەشە لە ئاشتی و هاوپشتیی وڵات دەکات. زۆر دوور لە ئاواتی تواندنەوەی زۆرەملیی ڕەشپێست و خەڵکی ڕەسەن لە فەرهەنگی ”سپی“ ئەمریکاییدا، سیاسەتی سەرکوتکەرانە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بووەتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاریی شوناسخوازانە لە نێو ئەمریکاییە ڕەشپێست و ڕەسەنەکان و چاوەڕوان دەکرێ کاریگەریی هاوشێوەی لە شوێنی دیکەش هەبێ. خۆشەویستی بەرانبەر بە سیاسەتی ئەوتۆ لە نێو دیکتاتۆڕاندا ئاماژە بەوە دەکات کە لانیکەم ئەو سیاسەتە هێندێک جار کاریگەرە. بەڵام بەڵگە مێژوویی و کۆمەڵناسییەکان ئاشکرای دەکەن کە ئەوان بە شێوەی نەریتی مەرجەکانی لەنێوچوونی خۆیان دروست دەکەن.

خاڵی سەرەکیی وتارەکەی محەممەدپوور و سولەیمانی دروستکردنی ئالنگاری بۆ تیۆریی هەنووکەیی گەشەسەندنە، بە بۆچوونی ئەوان گەلی کورد ناچار دەکرێ لە دۆخێکدا بژی کە لە لایەن ئەو تیۆرییانەوە پاشگوێ دەخرێ و پێیان وایە تیۆریی لەگەشەخستنی سارا ڕۆی تیۆرییەکی گونجاوترە. لە کاتێکدا کە ئەوە خاڵیکی گرینگە (کە منیش لەگەڵی هاوڕام)، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە ئەوەی سەرنجراکێشە دوو هێڵی هۆدانی کەمتر دیارن. یەکیان بە هەڵە تێگەیشتنێکی باو لە لێک جیا کردنەوەی نەریتی/ مودێڕن لە لایەن دورکهایمەوەیە کە شی دەکاتەوە بۆچی زۆربەی تیۆرییەکانی هەنووکەیی لە بەچەمککردنی گەشەسەندن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ناسەرکەوتوون.

ئەوەی دووهەم ئەو گرینگییەیە کە بە هەڵسوکەوتەکانی ”ژیانی ڕۆژانە“ دەدرێ، بە بێ سەرچاوە، بەڵام، ئەو هەڵسوکەوتە فەرهەنگسازییە بێدەنگەی کە بە ئاسایی وەردەگیرێت و چۆن سەربەخۆیی ئەوان، هەوڵە زۆرەملییەکانی دەوڵەت بۆ ئافراندنی یەکچەشنیی فەرهەنگی نەزۆک دەکات.

ئەوە ڕەنگبێ، وەک ڕۆی و محەممەدپوور و سولەیمانی دەڵێن، لەو چوارچێوەیەدا هەموو ئاکارێک دەبێتە کردەوەیەکی سیاسیی گرینگ. بەڵام خەڵکی ئەو جۆرە

شـــوێنانە هێشتا پێویســـتیانە لە کۆمەڵگادا ڕاســـتی، کردەوە، واتا، شـــت وشوناســـی مانـــاداری کۆمەڵایەتـــی لە هەڵســـوکەوتە هاوبەشـــەکانیان لەگەڵ یەکتردا دروســـت بکـــەن و دورکهایم گوتەنی، ڕێکخســـتنی ئـــەو جـــۆرە شـــتانە ســـەربەخۆ لـــە پێکهاتـــەی لـــە ســـەرەوەڕا بۆ خـــوارەوە داڕێـــژراو و ئایدیۆلۆژییەکانـــی دەوڵەتـــی ئەتنیکین (دورکهایـــم ١٨٩٣؛ ڕۆڵز ١٩٨٧؛ ١٩٩٦؛ ٢٠٠٩ [٢٠٠٤]، ٢٠٢١، ٢٠٢٢). دروســـت وەکوو چۆن ڕەش بـــوون لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە لایەن زۆر کەســـەوە وەک "نیگەرانییەکی ئەمنییەتی" ســـەیر دەکرێ کـــە کوژرانـــی ڕۆژانـــەی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵـــەک ئەفریقاییەکانی لێ دەکەوێتەوە، محەممەدپـــوور و ســـولەیمانییش ئاماژەیان پێ کـــردووە کە لـــە ڕۆژهـــەڵات "کورد بوون لە خۆیدا پرســـێکی ئەمنییەتییە." لە هەر دوو دۆخەکـــەدا ئایدیۆلۆژیی ڕەگەزیی حاکـــم (ســـپی پێســـت بوون لـــە وڵاتە یەکگرتـــووەکان، ئاریایی بـــوون لە ئێران) دەبێتە هۆی دروســـتکردنی ئـــەو ڕوانگەیە. لێـــرەدا بواری لەبـــار بۆ هاوکاریـــی نێوان کۆمەڵناســـی و مرۆڤناســـی هەیـــە، بـــە هۆدانی کۆمەڵناســـانە کە دەتوانێ تیشـــک بخاتە سەر پرســـی وەک، پەیوەندیداربوونی لێک جیـــا کردنەوەی کۆمەڵـــگای نەریتی و مودێڕن لە تیۆرییەکانی گەشەســـەندندا، ئاخـــۆ ســـەربەخۆیی بـــۆ ئافراندنـــی ژینگەیەکـــی گشـــتگیر بۆ گەلـــی کورد پێویســـتە، هەروەهـــا توانایی شـــاراوەی پێکهاتەکانی ژیانی ڕۆژانە بـــۆ بەربەرەکانی دژی هەوڵەکانی دەوڵەتانی ناسیۆنالیســـتی- ئەتنیکـــی بـــۆ دروســـتکردنی فەرهەنگی یەکچەشـــن لە ڕێگای تواندنەوەی زۆرەملی. (ئەو ڕســـتەیە یـــا ناتەواوە و یا بە باشـــی نەبەستراوەتەوە بە ڕســـتەی پێش خۆیەوە) مێـــژوو پێمـــان دەڵـــێ کە ئـــەو جۆرە ڕێژیمانـــە زۆر جار بـــە توندوتیژی کۆتاییان دێ و، کۆمەڵناســـیی هەڵســـوکەوت تەوەر پێمـــان دەڵـــێ زۆربـــەی هەوڵـــەکان بۆ ســـەپاندنی تواندنەوە لە بەر هۆی ئاشـــکرا و دەستنیشـــانکراو کە دەکرێ بە ئەزموون بســـەلمێنرێن، شکســـت دێنن. هەروەها، نەتـــەوە ڕۆژئاواییەکانـــی هەنووکەیـــی (دەوڵەتـــە کۆلۆنیالیســـتەکان کـــە کاتی خـــۆی تواندنـــەوەی زۆرەملییان بەســـەر خاک/خەڵکـــی ڕۆژهەڵاتـــی نێوەڕاســـتدا ســـەپاند) بـــە تواندنـــەوەی زۆرەملێ (یان یەکچەشـــن کردن) نەبوونـــە مودێڕن، نە لەو شـــوێنانەی کردبوویاننـــە کۆلۆنی و نە لە نێوە ســـنوورەکانی خۆشـــیاندا، بەڵکو بە پێچەوانـــە بە گـــۆڕان بەرەو ڕەخســـاندنی بـــوار بـــۆ فرەچەشـــنی بوونـــە مۆدێڕن. بێگومـــان، هەوڵـــی یەکگرتـــوو بۆ پێش گرتـــن بـــە فرەچەشـــنی، لـــە ناویاندا بە لێپرســـینەوە و ســـڕینەوەی توندوتیژانەی فەرهەنگـــی، لـــە ئورووپای پێـــش ١٧٠٠ بـــاو بوو. بـــەڵام هەوڵی ئەوتـــۆ بوونە هۆی بەرهەڵســـتکاری، شـــەڕی نێوخـــۆ و کۆچ بـــۆ دەرەوە، کە لـــە دەورەیەکـــدا کە بە ڕۆشـــنگەری ناســـراوە کۆتاییی هات و لەو دەورەیەدا فرەچەشـــنی و پرینسسیپەکانی "دادپـــەروەری" بۆ بناخەدانانـــی مودێڕنیتە پێویســـت بـــوون تـــا لـــە کۆتاییـــدا وەک پرینســـیپ لەوێـــدا یەکگرتوویـــی کۆمەڵایەتـــی پێشـــوازیی لـــێ کـــرا. لەوەی لـــە خـــوارەوەدا هاتـــووە، من لە بیرۆکـــەی ڕەســـەنی دورکهایـــم لەمەڕ لێـــک جیـــا کردنـــەوەی نەریتی/مودێڕن دەکۆڵمـــەوە، کـــە ئەگەرچـــی زۆر جـــار ئامـــاژەی پێ دەکـــرێ بەڵام چـــاک لێی تێنەگەیشـــتوون و، پاشـــان پەیوەندیـــدار بوونـــی هەڵســـوکەوتی کۆمەڵایەتـــی بۆ دۆخی ڕۆژهـــەڵات لەبەر چـــاو دەگرم (بە کەڵک وەرگرتـــن لە تیۆریـــی دورکهایم).

محەممەدپوور و سولەیمانی بە شێوازی ئەوتۆ ڕەخنە لە لێک جیا کردنەوەی نەریتی/مۆدێرن دەگرن کە من هاورایانم. نەریتی نابێ لەگەڵ "خێڵەکی" یان "سەرەتایی" یەکسان سەیر بکرێ، بە هەمان شێوە نابێ "مودێرن" لەگەڵ "ڕۆژئاوایی" وەک دوو شتی یەکسان لێک بدرێنەوە. بەڵام ئەوە لێک جیا کردنەوەی دورکهایم نەبوو. دورکهایم (١٨٩٣) پێشنیاری کرد کە ئاکامی تاقیکاریی هەر کۆمەڵگایەک کە بەرەورووی فرەچەشنی لەگەڵ پەرە گرتنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگاکان و فەرهەنگەکان دەبێتەوە، لە شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ فرەچەشنی دەردەکەوێ. ئەو باسی شێوەیەک لە کۆمەڵگا دەکات کە پێشوازی لە فرەچەشنی دەکات و ئەوە دەکاتە جۆرێک لە نەریتی کۆمەڵگا ("هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان") کە بە فرەچەشنی گەشە دەکات و شێوازێکی دیکە کە لە بەرانبەر فرەچەشنیدا ڕادەوەستێ و هەوڵ دەدا فەرهەنگە ڕەسەنەکە لە دەوڵەت و یەکچەشنیدا بپارێزێ. ئەو کۆمەڵگایانەی ناو نا مودێرن کە پێشوازی لە فرەچەشنیی دەکەن، چونکە بوار بۆ ئاڵوگۆڕ، پەرەپێدانی پەیوەندی، بازرگانیکردن لەمبەر ئەوبەری سنوورەکان و لە نێوان خەڵکاندا، دەڕەخسێنن. ئەو بە ئەو کۆمەڵگایانەی گوت نەریتی کە لە بەرانبەر فرەچەشنیدا ڕادەوەستن، چونکە لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕدا ڕادەوەستن و درێژە بە بەهێزکردنی ڕوانگە فەرهەنگییە یەکچەشنەکان دەدەن. جیاوازییەکە لە نێوان ئەو هەڵسوکەوتانەی بناخەیان لەسەر بیروبڕوا دارێژراوە کە ناوبراو بە "نەریتی" ناوی بردن و "هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان" کە لەسەر بنەمای بیروبڕوا دانەڕێژراون (ڕۆڵز ٢٠١٩، ٢٠٢٢).

سەرەڕای ئەوەش، زانایان لە یەکسان دانانی "نەریتی" لەگەڵ کۆمەڵگا خێڵەکییەکان و "مودێرن" لەگەڵ کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، پێداگرن. لە شێوازە بنەڕەتییەکاندا، دورکهایم (١٩١٢) بە ڕوونی نووسیی کە کۆمەڵگا خێڵەکییە سەرەتاییەکان کەڵکیان لە "هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان" وەردەگرت کە هێشتا بناخەیان لەسەر بیروبڕوا دانەڕێژرابوو (ڕۆڵز ٢٠٠٩ [٢٠٠٤]). چ لەگەڵ دورکهایم لە سەر ئەو خاڵە هاوڕا بین یان نا، ئەوە بۆچوونی ناوبراو ڕوون دەکاتەوە. مەبەستی ئەو لە "نەریتی"، کۆمەڵگا ئورووپاییەکانی سەدەکانی نێوەڕاست بوو کە یەکچەشنیی ئایینی/فەرهەنگییان دەسەپاند، نە وەکوو خەڵکی خێڵەکی. هەروەها، ئەو دەیگوت دەسەڵاتی لە سەرەوە ڕا بۆ خوارەوە پێش بە کۆمەڵگاکان دەگرێ تا گەشە بە زەمانەتەکانی ئەو دادپەروەرییە بدا کە بۆ بەردەوامیی هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنەری یەکگرتوویی لە چوارچێوەی کۆمەڵگا فرەچەشنەکانی مودێرنیتەدا پێویستن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمڕۆ دۆخێکی سەرنجڕاکێش بۆ ئەو شتەیە کە دورکهایم هۆشداریی لەبارەوە داوە، کە لەوێدا یەک لە سەر سێی دانیشتووان بە ئاشکرا وا بیر دەکەنەوە کە دەکرێ (و ئەقڵانیشە) دوو لە سەر سێێ خەڵکەکەی دیکە ناچار بکرێ بیروبڕوا/هەڵسوکەوتە نەریتییەکانی کەمینە وەخۆ بگرن. لە ڕوانگەی دورکهایمەوە، بەشی "کۆنەپارێز" یان "کۆماریخوازی" کۆمەڵگای وڵاتە یەکگرتووەکان نەریتییە، لە کاتێکدا کە دوو لەسەر سێی ئەو بەشەی پێشوازی لە فرەچەشنی و دادپەروەری دەکەن مودێرنن. (ڕۆڵز ٢٠٢١). ڕەخنە لە بەکارهێنانە باوەکانی دەستەواژەی

"نەریتــــی"، کـــە خێڵەکان بــــە کەمبایەخ ســـەیر دەکـــەن، لــــە کاتێکـــدا دەوڵەتە نەتەوەپەرســـتە ئەتنیکییەکانی وەک ئێران وەک مودێـــرن دەبینـــن، جیاکردنەوەیەکی دەســـتکرد لـــە نێـــوان ڕۆژهەڵات/ڕۆژئاوا دروســـت دەکات، لەو وتارەدا نابینرێ. ئێستا دەوڵەتـــی ئێرانـــە کە دەبینـــرێ کەڵک لە هەڵوێســـتی نەریتی بەرانبەر بـــە پەرگاڵی کۆمەڵایەتـــی بـــە تواندنـــەوەی زۆرەملی وەردەگـــرێ، لە کاتێکدا کە دانیشـــتووانی کـــورد خەریکی کار کـــردن لەگەڵ یەکتر و لەوبـــەری ســـنوورەکان و فەرهەنگەکانی چـــوار وڵاتـــی جیـــاواز بۆ مـــاوەی چەند جیلـــن، کـــە وابـــوو ئـــەوان مودێرنن. لـــە پەیوەندیـــدار بوونی هەڵســـوکەوتی کۆمەڵایەتییەوە: ئـــەو دۆخەی ڕۆژهەڵات کە محەممەدپوور و ســـولەیمانی باسی دەکەن، بـــە میلیتاریـــزە کـــردن، چاودێریکردن، تواندنەوەی زۆرەملـــێ و دیاریکردنی دەوری کۆمەڵایەتی، نێـــو، زمان وکاری شـــیاوی دەستنیشـــانکراو لـــە لایـــەن دەوڵەتەوە (لەگەڵ شـــتی دیکـــەش)، بیرهێنەرەوەی ئەو شـــتەیە کە ئێرڤینگ گافمەن (١٩٦١) نێوی نا "هێنانـــە ژێر چاودێریـــی تەواو." ئەوە شـــوێنی وەک بەندیخانە، دامەزراوەکانی پێراگەیشتن بە نەخۆشـــییە دەروونییەکان، دێـــرەکان و جێـــگای دیکە کـــە لەوێدا خەڵک، لـــە دۆخێکی بەســـتراوەیی تەواو و ژێـــر چاودێریبوونـــدا دەخرێنـــە ژێـــر کۆنترۆڵی تـــەواو، دەگرێتەوە. (ڕســـتەکە ناتـــەواوە و کرداری ڕســـتەکە دیـــار نییە) بە گوێرەی گافمەن، ئەو بەدامەزراوەییکردنە گشـــت لایەنەی ژیانی تاکـــەکان، هێندە زیانمەندە کـــە لەو دامەزراوانـــەدا ئەوانەی چاودێریکارن (پاســـەوانەکان، پۆلیســـەکان، تـــاد.) ناچـــارن ســـازش بکـــەن و ئیزن بـــە "بەندییـــەکان" بـــدەن هێندێک جار یاساشـــکێنی بکـــەن دەنـــا یـــان خۆ لە ملکەچبـــوون دەبوێرن یـــان لەنێو دەچن. ژیان یـــان کار لە ماوەیەکـــی بەرچاودا لە ژینگەیەکی ئەوتـــۆدا دەبێتە هۆی دۆخێک کـــە پێـــی دەڵێـــن "بەدامەزراوەییکران،" دۆخێکـــی کۆمەڵایەتی کە لـــەودا تاکەکان توانایی خۆیان بـــۆ جێبەجێکردنی ئاکاری ئاســـایی "لـــە دەرەوە" لەکیـــس دەدەن. محەممەدپوور و ســـولەیمانی هەروەها باس لە گرینگیی هەڵســـوکەوتەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکـــەن و هەوڵەکانی ڕێژیمـــی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو هەڵســـوکەوتانە وەســـف دەکەن. بەڵام هەڵســـوکەوتە ئاســـاییەکان ئیـــزن بـــە کونترۆڵکردنیان لەســـەرەوە ڕا نـــادەن. بـــە گوێـــرەی ئـــەوەی گافمەن (١٩٨٣؛ ڕۆڵـــز ١٩٨٧) نێوی نـــا پەرگالە هەڵســـوکەوتییەکان و گارفینـــکڵ (١٩٦٧) نێـــوی نـــا شـــێوازەکانی ئەندامـــان، کە ســـەربەخۆ لە پەرگالی لە ســـەرەوە ڕا-بۆ-خوارەوە کاردەکەن، خـــۆ ڕێکخەرن. تیۆریی مودێرنیتـــەی دورکهایـــم (١٨٩٣؛ ڕۆڵـــز ٢٠٢٢) باســـی گەشـــەکردنی ئـــەو ئاکارە خـــۆ ڕێکخەرانەی کرد کـــە دژی پەرگالی سەپێنراو لەســـەرەوە ڕا دەوەستنەوە و، گوتی دەوری دەوڵەت پێویســـتە لـــە بڕیاردەرێکی ســـەرەڕۆوە بـــۆ داوەرێک بگـــۆڕدرێ کە دادپەروەری لە نێوان بەشـــداراندا زەمانەت بـــکات. بەشـــێکی بەرچاو لـــە گیروگرفتە هەنووکەییـــەکان لـــە شکســـتهێنان لە تێگەیشـــتن لەو گۆڕانە ســـەرچاوە دەگرێ، چونکـــە زۆر ڕێژیم درێژە بـــە هەوڵەکانیان بـــۆ ســـەپاندنی پەرگالێکی یەکچەشـــن بە ســـەر ئـــەو کۆمەڵگایانـــەدا دەدەن کە لـــە خاڵـــی فرەچەشـــنی تێپەڕ بـــوون و چیدیکە ســـەپاندنی پەرگالی لە ســـەرەوە ڕا-بۆ-خوارەوە کاریگەریی لەســـەریان نییە. هۆدانە کۆمەڵناســـییەکان دوو توێن. یەکەم، لـــە کۆمەڵگایەکی فرەچەشـــندا کە لەویدا لـــە نێـــوان خەڵکـــی خـــاوەن بۆچوونی

جیاواز هەڵسوکەوت دێتە ئاراوە، دەبێ هەڵسوکەوتەکان بە ڕێژەی پێویست دوو لایەنە بن تا بەشداران بتوانن ئازادانە و بە ویستی خۆیان کەڵک لە "هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان" وەرگرن. بێتوو نۆرەکان بە زۆری بن، زنجیرە نۆرەکان دەبنە بۆنەیی و، خەڵک تواناییی خۆیان بۆ پەیوەندیگرتن سەرەڕای جیاوازییەکانیان لە کیس دەدەن. کاتێک ئەوە دەقەومێ، خەڵکی ئەمبەر ئەوبەری کەلێنی دەسەڵات ("سەپێنەرەکان" لە بەرانبەر "بەسەردا سەپێنراوەکان") چاوەڕوانیی دژواز هەم لەسەر چۆنیەتیی کردار و هەروەها ئەو شتانەی مەبەستیانە دروست دەکەن. لەو شوێنەی ئەوە ڕووی داوە، وەک لە پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان (ڕۆڵز و داک ٢٠٢٠)، تێکچوونی هەر جۆرە گفتوگۆیەک ئاسایی دەبێ و پەرە گرتنی جیاوازی لە نێوان چاوەڕوانییەکانی دوولایەن، کەلێنی نێوان دانیشتووان قووڵتر دەکات، تەنانەت لە کاتێکدا کە دامەزراوەکانی چاودێری و کۆنترۆڵکردن هەوڵ دەدەن ناچاریان بکەن زۆرتر ببنە هاوشێوە. ئەوە دژوازییەکی سەرنجڕاکێشە کە بۆ سەرکەوتنی کۆتاییی دێموکراسی هیوا خوڵقێنە. وتارەکە بۆ وێنە لە بەشێکدا کە باسی "لە دامەزراوەیی خستن" دەکرێ نزیکەی تەنیا جەخت لەسەر لەگەشەخستنی دامەزراوە فەرمییەکان دەکات. لێرەدا سەرنجدان بە کاریگەریی سیاسەتەکانی دەوڵەت لەسەر پێکهاتەکانی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان، کە بناخەی کارتێکردنە دوولایەنەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانن، دەتوانێ گرینگ بێ. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ هەوڵی لە دامەزروە خستنی گەلی کورد لەو پلەیەدا کاریگەر دەبێ. لەکاتێکدا کە ئەو هەوڵانە ڕەنگبێ لە دەستتێوەردان لە بەڕێوەبردنی لایەنەکانی فەرهەنگی نەریتی و دامەزراوە فەرمییەکاندا سەرکەوتوو بن، ئەگەرچی مێژوو پێمان دەڵێ خەڵک لە درێژەدان بە بەڕێوەبردنی نهێنیی نەریتەکانیان ئازان، لێکۆڵینەوەکان دەڵێن ئەو هەوڵانە دەبنە هۆی بەهێزتر بوونی لایەنە بنیاتنەرەکانی شێوازی هەڵسوکەتی هەرێمی. لەوەش زیاتر، بێتوو لایەنە نەریتییەکانی فەرهەنگ برووخێنرێن، هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان خێرا جێگایان دەگرنەوە، وەکوو لێکۆڵینەوەکانی بەندیبوون ئاشکرایان کردووە (جەیکۆبز ١٩٧٧؛ سایکس ١٩٥٨)، چونکە خەڵک پێویستییان بە پەیوەندیگرتنە تا بوونی خۆیان بناسێنن و بسەلمێنن. بێتوو ئامرازە نەریتییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەوانە لەنێو بچن، شێوازی نوێی هەڵسوکەوتکردن جێگایان دەگرنەوە. لێکۆڵینەوەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤان پێشانیان داوە کاتێک دۆخی هێنانە ژێر چاودێریی تەواو دەسەپێنرێت، نەریتی بەرهەڵستکارانە لە هەڵسوکەوت کردندا دەگاتە ئاستێک کە خەڵک بتوانن زیندوو بمێننەوە، لەگەڵ یەکتر پەیوەندی بگرن، شوناسی خۆیان بپارێزن و بەرگری بکەن. ئەگەر ئەو نەریتانە هاوشێوەی ئەوانە بن کە لە نێو ڕەشپێستەکانی ئەمریکادا سەریان هەڵدا، ئەوان دەبنە نموونە/ نوێنگەی هەڵسوکەوتی دێموکراتیک، ئەوی لە هەناوی ژیانی ڕۆژانەدا پتەو دەکات و توانای بەرخۆدانی زیاتر بەرانبەر بە ڕێژیمێکی نادێموکراتیک دەبەخشێت. ئەوە هەمدیس گەلی کورد وەک مودێرن پێناسە دەکات و بوار بۆ فرەچەشنی دەرەخسێنێ، دەیسەلمێنێ کە سەرکوت دیسان تووی دێموکراسیی چاندووە و ئامرازی لەگۆڕنانی خۆی دابین کردووە.

ئەوەی ئێمە لە سەرکوتی ڕەگەزی تێدەگەین ئەوەیە کە ئاستی هاوپشتی و نەریتە دێموکراتیکەکان کە ئاکامی ئەو جۆرە سەرکوتەن، وێدەچێ هەم بە ئاستی سەرکوت و هەروەها بەوەوە بەند بێ کە ئاخۆ پێناسەی ڕەگەزپەرستیی کەڵک لێ وەرگیراو ڕێگا بە تواندنەوەی بەرچاو دەدا. لەو شوێنانەی توانەوە ساکار بووە، زۆر کەس توانەوەیان هەڵبژاردووە و، لەو دۆخانەدا ئاستی هاوپشتی لەنێو سەرکوتکراوەکاندا لاوازە، هاوکات سەرسامبوون بەو تاقمەوە کە تێیدا تواونەوە پەرەی ئەستاندووە، وەکوو بابەتی نێو کتێبی پێستی ڕەش، دەمامکی سپی لە نووسینی فرانتز فانۆن (١٩٥٢). بەڵام، لەو شوێنانەی توانەوە دژوارە، وەک ئەمریکاییە ڕەشپێستەکان و خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتە، ئیتر زۆری وەدوا ناکەون. لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی ڕۆژهەڵات، پێویستە ئێمە بزانین توانەوە لە ئێران تا چ ئاستێک مومکینە و خەڵات دەکرێ و ئاخۆ تێچووی کۆمەڵایەتیی توانەوە هێندە لە سەرێیە کە پێش بە زۆربەی خەڵک بگرێ تا هەوڵی بۆ بدەن. بە گوتەی محەممەدپوور، گونجان لەنێو کەرتەکانی فەرهەنگی فارسیدا، "بوونی پێشینەی "دروستی" ئەتنیکی-ئایینی و ئایدیۆلۆژیکی دەخوازێ،" کە وێدەچێ بە مانای ئەوە بێ کە دەبێ بتوانی/بتهەوێ وەک کەسێکی خاوەن پێشینەی ئایینی/ ئەتنیکی و ئایدۆلۆژیکی دروست "دەرچی." ئەو جۆرە دەرچوونانە لە ئەمریکا و لە نێو ئەمریکاییە ڕەشپێستەکانیشدا ڕوو دەدا (ڕۆڵز ٢٠٢٣). لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ئەوانەی بتوانن دەرچن و تێچووی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی دەرچوون بە شێوەیەک بوو کە زۆرینەی ڕەشپێستە ئەمریکاییەکان، تەنانەت دەوڵەمەندەکان و خاوەن بڕوانامەی بەرزی خوێندنیش، پێیان وا نییە دەرچوون بژاردەیەکی کردەنی یان جێگای ڕێز/قبووڵکراو بێ. ئاکامەکەی گەشەکردنی ئەو شتە بوو کە و. ئی. ب. دوبوا (١٩٠٣) نێوی نا "هۆشیاریی دووقات،" شارەزاییی زیاتر لە نادادپەروەری کە ئەندامانی کۆمەڵگای ڕەشپێستانی ئەمریکای لێک گرێ دەدا و پێشی بەوە دەگرت بیانهەوێ ئاسیمیلە بکرێن. پرسیارێکی گرینگی توێژینەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئاخۆ چەند کەس هەوڵ دەدەن ئاسیمیلە بکرێن و ئاخۆ ئەوان بە ڕاستی ئاسیمیلە دەبن یان تەنیا لە شوێنە دەوڵەتییەکان وەک ئاسیمیلە کراو خۆ دەنوێنن، لە کاتێکدا لە ژیانی تاکە کەسیدا پەیوەندییە کوردییەکان و شوناسە کوردییەکەیان درێژە پێ دەدەن. وتارەکە باسی ژمارەیەک ڕێکخراوی کوردی دەکات کە دژی سەرکوتی دەوڵەتی ئێران خۆیان ڕێکخستووە، کە نیشانەی یەکگرتوویی و بەهێزبوونی ئاواتە دێموکراتیکەکانی کۆمەڵگایە. تا ئەو کاتەی گەلان/نەتەوەکان دان بە توانایی شاراوەی ڕێکخستنی کاریگەری کۆمەڵگا لە ڕێگای برەودان بە فرەچەشنی بۆ پاراستنی پەرگالی کۆمەڵگا دانەنێن، وێدەچێ سەربەخۆیی تەنیا ڕێگای پارێزگاری لە مافەکانی خەڵکانی بەکەمینە کراو بێ. بەڵام، بێتوو هەموو گەلێک سەربەخۆ بێ، فرەچەشنی لە نێو نەتەوەکاندا زیاد دەکات و شێوازەکانی ڕێکخستن لەنێو ئەو فرەچەشنییەدا هێشتا پێویست دەبێ. هەڵسوکەتی کۆمەڵایەتی و، دورکهایم ڕێگاچارە پێشنیار دەکەن. دانپێدانان بە جیاوازیی نێوان کۆمەڵگاکانی ڕێکخراو بە باوەڕ/نەریت و ئەو کۆمەڵگایانەی

بە گوێرەی هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان ڕێکخراون و پەیوەندییەکیان بە بڕواکانەوە نییە، دەرگا بۆ کۆمەڵگای ڕێکوپێکی فرەچەشن و لێبوردە دەکاتەوە کە لەودا خەڵک ئازادن وەدوای باوەڕیان بکەون (و بڕوایان بە شێوازە نەریتییەکان بێ) لە کاتێکدا دەوڵەت و شوێنە گشتییەکان بە شێوەیەک ڕێک خراون کە دژایەتیی بڕواکان ناکەن و، لە ڕاستیدا هیچ کارێکیان پێیان نەداوە. لە سەر ئەو بنەمایە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ پاشگوێ خستنی ئەو بژاردەیە، ڕەتکردنەوەی فرەچەشنی و، هەوڵدان بۆ لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵات لە لایەن ئێرانەوە، بە کردەوە دەبێتە هۆی لەگەشەخستن و دواکەوتوویی خۆی.


## دەیڤید ڕۆمانۆ

**بەشی زانستە سیاسییەکان، زانستگای ئەیالەتیی میزووری، وڵاتە یەکگرتووەکان**

(davidxromano@gmail.com)


لەو وتارەدا محەممەدپوور و سولەیمانی هەوڵ دەدەن لە تیۆرییەکانی "لەگەشەخستن" کە بە لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین نێوبانگی دەرکرد بۆ شیکردنەوەی دۆخی ڕۆژهەڵات، ناوچەی خاوەن زۆرینەی دانیشتووانی کورد لە ئێران، کەڵک وەرگرن. بە تایبەت بە دووپاتکردنەوەی لێکۆڵینەوەی سارا ڕۆی (١٩٩٥) لە مەڕ غەززە، ئەوان لەوە دەکۆڵنەوە "چۆن ئەتنیک-نەتەوەی حاکم لە ئێران لە ڕێگای بەئامراز کردن و شێواندنی گەشە، نەتەوەی بە کەمینە کراوی کورد ژێردەستە دەکەن." بەڵام، لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنەکە لە توێژینەوەی سارا ڕۆی لەمەڕ غەززە تێدەپەڕێ تا لە خولیای بەربڵاوی توێژینەوە پاشکۆلۆنیالەکان بڕوانێ کە چۆن تەنیا سەرنج دەدەنە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی. نووسەرەکان باسی پرسی ئێدوارد سەعید (١٩٧٨) لەمەڕ "بەرگریی گەرموگوڕی ئەو لە دنیای عەرەب و ئیسلامی" دەکەن و دەڵێن ئەوە "بەو مانایەیە کە ناوبراو مەرجەکانی "کۆلۆنیالیزمی کۆلۆنیکراوەکان"ی پاوڵ پاشگوێ دەخات. ئەوان ئاماژە دەکەن کە: لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، تورک و فارس کە سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی یەکچەشنکردنی فەرهەنگی، پاکتاوی ئەتنیکی و ستراتیژییە شەڕانییەکانی مودێرنیزە کردن لە سەرەوە ڕا بۆ خوارەوە ڕەچاو دەکەن، لە لێکۆڵینەوەکان لەمەڕ پاشکۆلۆنیالیزمدا بزرە ... لێکۆڵینەوەکانی ئاسیای ڕۆژئاواش بە هەمان شێوە گوێیان نەداوەتە کۆلۆنیالیزمی "ڕۆژهەڵاتی،" کە لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرە سەرکوتکارەکان لە وڵاتانی وەک چین، ئێران، عێراق، سووریە، تورکیە و شوێنی دیکە بەڕێوە چووە ... ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی، عێراقی و تورکیەیی درێژەیان بە کەڵکوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پاشکۆلۆنیالیستی بۆ بەرگریکردن لە بەعەرەبکردن، بەفارسکردن و بەتورککردن وەک ئاکاری بەرهەڵستکارانە دژی دەستێوەردانەکانی ئیمپریالیزم و ڕۆژهەڵاتناسیی ڕۆژئاوایی داوە. بە واتایەکی دیکە، لە هەمان کاتدا کە زۆرێک لە ئاکادێمیسییەنەکانی ڕۆژئاوایی لە بەرانبەر دیاردە کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستییە نارۆژئاواییەکاندا بێمەیلن، نوخبەکانی بەشێک لەو شوێنە نارۆژئاواییانە کەڵک لە بینا پاشکۆلۆنیالەکان بۆ بەرگری لە حکوومەتە ئەتنیکییەکانیان (یان وەک لە پرسی ئێران و ڕێژیمە ئایینی-

ئەتنیکییەکەیان) وەردەگرن، لە کاتێکدا کە بۆخۆیان خەریکی جێبەجێکردنی هەمان نەریتەکان، یان خراپتریش، لە دژی تاقمە بێدەسەڵاتەکانی وڵاتەکەیانن کە سنوورەکانی لە لایەن زلهێزانەوە دیاری کراون. نوخبەکان بە هەمان شێوە ڕوانگەی نوخبەکانیان بەرانبەر بە تاقمەکانی "ئەویدیکەکراو" بە شێوەی سەرسوڕهێنەر هاوشێوەی ئەوەیە کە سەعید ڕۆژئاوای تاوانبار دەکرد بەرانبەر بە خەڵکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیانە. ڕوانگەی محەممەدپوور و سولەیمانی لەمەڕ ئەوە سەرنجدان و بڵاو کردنەوە دەخوازێ. بە شێوازی جۆراجۆر، ئەوان نەهامەتییەکانی ئەتنیکی کورد و کوردە سوننییەکان (زۆرینەی کوردانی ئێران سوننین کە ئەوان دەکاتە جۆرێک لە کەمینەی دووقات، ئەگەرچی ژمارەیەکی بەرچاو لە باشوور، کوردی شیعەن) لە ئێران دەخەنە ڕوو. لە کاتێکدا کە مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەی ئەقڵانی بەرانبەر بە بەشێک لە زانیاری و ئیدیعای تایبەت کە لەو وتارەدا ئاماژەیان پێ کراوە وردە گومانی هەبێ، ئیدیعای بێ بەڵگە و پشتڕاست کردنەوەی پێویست، کە ئەوەش سروشتی کۆ کردنەوەی زانیاری لە ئێرانە و بە تایبەتی لە ناوچە کوردییەکانی ئێران، یەکێک لە "شوێنە پڕ نەهامەتییەکانی دنیا،" کە لەوێ ڕۆژنامەوانان و ڕێکخراوی مەدەنیی سەربەخۆ ناتوانن بە ئازادی چالاک بن و، شوێنێک کە دەوڵەتێکی سرکوتکار چاودێریی بە سەر هەمووانەوە هەیە و هەوڵ دەدا بە چڕی گێڕانەوەکان کۆنترۆڵ بکات. بۆ وێنە، لە لێدوانی وەک ئەوەدا ئاماژە بە سەرچاوەکەی نەکراوە "لە دوو دەیەی ڕابردوودا، دەوڵەت سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی بۆ ناوچە ناکوردییەکان گواستووەتەوە.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەنداوی لە ڕۆژهەڵات دروست کردوون، خۆی لە دابینکردنی ژێرخانی ئاودێریکردن بۆ جووتیارانی کورد و دانەوێڵەکانیان دەبوێرێ." ئیدیعای دیکەش وەک، ئەوە کە دەوڵەتی ئێران بە ئانقەست مین دەچێنێ و ناوچە کوردییەکان لە مین پاک ناکاتەوە تا "سیاسەتی لەگەشەخستن بسەپێنێ" و "ڕێژەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاسایشی خواردەمەنی دادەبەزێنێ" و گوندەکانی ڕۆژهەڵات لە دانیشتووانی چۆڵ دەکات، بە هەمان شیوە بەڵگەی بە ئانقەستبوونی پێشکەش نەکراوە و بێگومان دەبێتە هۆی وڵامی دەنگبەرزانە لە لایەن ئەوانەی زۆرتر لایەنگری دەوڵەتی ئێرانن. لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای هەر ڕەخنەیەک کە مرۆڤ ڕەنگبێ لە هێندێک تاوانبارکردن هەیبێ، بەشی هەرە زۆری گێڕانەوەکە وێدەچێ دروست بێ: کورد زیاتر لە سەدەیەک بۆ وەدەستهێنانی شێوازی جۆراجۆری خۆبەڕێوەبەری خەباتی کردووە و درندانە سەرکوت کراوە. ئەوان شاهیدی داگیرکرانی خاکیان و حاشا کردن لە زمانیان، شوناسیان و مافە بنەڕەتییەکانیان بوون. بێجگە لەوە، دەستڕاگەیشتنی ئەوان بە مودێرنیتەی سەرمایەداری، جموجۆڵی پەروەردە و بارهێنان و هەموو جۆرە شێوازێکی سیاسەت کردنی ئەوان بە توندی سنووردار کراوە. لەوەش زیاتر، کورد بەرەورووی لەنێوبردنی زمان و فەرهەنگ، ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی بووەتەوە. ئەوە زۆر وەک "لەگەشەخستنی"ی سارا ڕۆی یان "لێکهەڵوەشاندنی بە ئانقەست و سیستەماتیکی ئابوورییە ڕەسەنەکان لە لایەن دەسەڵاتی حاکم ... بۆ دڵنیا بوون لە نەبوونی هیچ بناخەیەکی ئابووری،

تەنانـــەت یەکێکـــی شـــێوێندراویش، کە بتوانێ پشـــتگیری لە بوونی سەربەخۆیانەی خەڵکی ڕەســـەن بکات.“ دەچێ کە دەبێتە هۆی ئەو لێدوانەی نووســـەرا نـــی وتارەکە. ڕەواییدانـــی هەنووکەیـــی نێودەوڵەتـــی بە کۆلۆنیالیـــزم لـــە خۆرهەڵاتی نێوەڕاســـت، کوردی خســـتووەتە نێو دۆخـــی بێهیوایی تـــەواو و ئەوانـــی تووشـــی کوژرانـــی سیســـتەماتیک و ڕۆژانـــە، لەکیســـچوونی ســـامانەکانیان و وێرانکرانی ژینگە و شوێنی ژیانیـــان و نێژرانی خاکـــە بەپیتەکەیان لە ژێر پـــرۆژە ئەمنییەتییەکانـــی بەنداوەکانی دەوڵەت کردووە. باج ئەســـتێنی، تاڵانکردن و وێرانکردنی سیســـتەماتیکی ســـامانەکانی ڕۆژهـــەڵات لە لایـــەن دەوڵەتـــی ئێرانەوە وەک گیروگرفتێکـــی نێوخۆیـــی ســـەیر دەکرێ کـــە ئاکامی خـــراپ بەڕێوەبردنی ســـامانە ”نەتەوەیی“یـــەکان لـــە لایـــەن دەوڵەتەوەیە. بـــە گوێرەی ئـــەو ڕوانگەیە، سیاســـەتی ڕاگواســـتنی زۆرەملێ و کردنی کوردان بە هێـــزی کاری هەرزان و خەباتی ئەوان دژی ئەو چەقبەســـتوویيە زۆرەملێیە، تایبەتمەندییەکـــی نەریتیـــی سیاســـەتە شکســـتخواردووەکانی گەشەسەندن لە لایەن دەوڵەتەوەیـــە. بە پێچەوانەی فەلەســـتین، وێرانکردنـــی ڕۆژهـــەڵات چاودێریـــی نێودەوڵەتیی بەســـەرەوە نییـــە، کوردیش پشـــتگیریی سیاســـی یـــان یارمەتیـــی ئابـــووری وەرناگرێ. ئەوە مردنێکی لەســـەر خۆیـــە کە بـــە شـــاراوەیی لـــە ئارادایە. بـــە ڕاســـتی، لـــە هێندێـــک ڕوانگەوە چارەنووســـی کوردان لە ئێـــران وێدەچێ تەنانـــەت لە هی فەلەســـتینییەکانی غەززە خراپتـــر بـــێ. ئیســـرائیل قـــەت هەوڵی نـــەداوە حاشـــا لـــە شوناســـی ئایینیی فەلەســـتینییەکان بـــکات یـــان زمان و فەرهەنگی عەرەبیی ئەوانی نەســـڕیوەتەوە، وەک ئەوەی ئێـــران بەرانبەر بـــە کوردان و ســـوننییەکان کردوویەتـــی. کوردانـــی ئێران هەروەهـــا ئەو جۆرە ســـەرنجدان و پشـــتیوانییە نێودەوڵەتییەشـــیان نییە کە ڕەنگبێ بتوانێ یارمەتییـــان بۆ دابین بکات. ئێمە هەروەهـــا ڕەنگبێ گریمانە لە ســـەر ئەوە بکەیـــن کە ئاخۆ کـــوردەکان چییان لەگەڵ ئـــەو شـــێوە خۆبەڕێوەبەرییە کردبا کـــە فەلەســـتینییەکان دوای ڕێککەوتنی ئۆســـلۆ لە ٢٠٠٥ و کشـــانەوەی ئیسرائیل لە غەززە، وەدەســـتیان هێنـــا. ڕەنگبێ ئەو وەک غـــەززەی ژێر دەســـەڵاتی حەماس نەچێ، کـــە زیاتر لە یـــەک میلیارد دۆلار یارمەتیـــی نێودەوڵەتی، بۆ دروســـتکردنی ســـەدان مایل تونێـــل و ســـەدان هەزار هـــاژەک و تۆپ بەرەورووی دراوســـێکانەوە خەرج کرا. ئێمـــە بە کردەوە، لـــە کۆمارە ســـاواکەی کوردســـتان لە مهاباد (١٩٤٦)، حکوومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان لـــە عێراق (١٩٩١ بـــەولاوە) و، بەڕێوبەرایەتیی خۆســـەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی ســـووریە (٢٠١٢ بـــەولاوە) نموونەمـــان هـــەن کە ئاخـــۆ کـــورد چیـــی دەکـــرد. لـــە هەر ســـێ نموونـــە کوردییەکانـــدا، گوندەکان ســـەرلەنوێ دروســـت کرانەوە، ژمارەیەک زمانـــی جۆراوجۆر بە تەواوی لـــە قوتابخانە هەرێمییەکاندا یاســـایی کران (لـــە ناویاندا عەرەبی، تورکی، ســـریانی و ئەوانی دیکە)، مافە مەدەنـــی و فەرهەنگییـــەکان ڕێزیان لـــێ گیـــرا و، ئابوورییـــە هەرێمییـــەکان بووژانـــەوە، تەنانەت لە کاتی ســـەپێنرانی گەمارۆی دووقـــات (ئەوانـــی نێودەوڵەتی بـــە ســـەر عێـــراق و ئەوانی ســـەدام بە ســـەر هەرێمی کوردســـتانیدا ســـەپاندن) کـــە لە کوردســـتانی عێراق لـــە ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ درێژەیـــان هەبـــوو. هەمـــوو ئەوانە لـــە کاتێکـــدا ڕوویـــان دا، بـــێ ئەوەی هیـــچ هەرێمێکی خۆبەڕێوەبـــەری کوردی هێرش بکاتە ســـەر دەوڵەتانی دراوســـێ تا

نادادپەروەرییەکان لەوێ ڕاست بکاتەوە.


## سارا ڕۆی

**ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، زانستگای هارڤارد، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**
(sroy@fas.harvard.edu)


من بە دەستخۆشییەکی بەهێز لە دکتۆران محەممەدپوور و سولەیمانی بۆ لێکۆڵینەویەکی دەوڵەمەند و جێگای باوەڕ لەمەڕ چۆنیەتیی بەکارهێنانی سیاسەتی لەگەشەخستن لە لایەن ئێرانەوە بۆ بەچۆکداهێنان و بێگومان سەرکەوتن بەسەر نەتەوەی بەکەمینە کراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست پێ دەکەم. سەرەڕای هێندێک جیاوازیی گرینگ لەگەڵ دۆخی فەلەستینییەکان، کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی لەگەشەخستن بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی ڕۆژهەڵات، هێندێک وێکچوونی فرە بەرچاو ئاشکرا دەکات و لە هەمان کاتدا دژواریی لێکۆڵینەوەکانی گەشەسەندن بۆ شیکردنەوەی پێویست یان ڕەواییدان بە فاکتەرە نائابوورییەکان بە شێوەی هەڵسوکەوتی ئابووریی لایەنە سەربەخۆکان پشتڕاست دەکاتەوە. نووسەرەکان دەڵێن، وەک من لە لێکۆڵینەوەکەم لە دۆخی غەززەدا ئاماژەم پێ کردووە، پەیوەندیی نێوان ئێران و کەمینە کوردییەکەی، ناکرێ بە ساکاری بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییە بەردەستەکانی گەشەسەندن، کە لە دەرەوەی پارادیمە چەمکییەکانی حاکم و گریمانەکانی پێکهێنەری بناخەکانی ئەودان، شی بکرێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، نووسەران پێشانی دەدەن کە هەر هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی گەشەکردنی کوردی (یان نەبوونی گەشە) لە ڕۆژهەڵات، نەتەنیا دەبێ پرسیار بکرێ چۆن تیۆرییە هەنووکەییەکان بورای لێکۆڵینەوە خۆش دەکەن؟ (ئەگەر بە ڕاستی ئەو کارە دەکەن)، بەڵکوو هەروەها و لەویش گرینگتر، بپرسن چۆن پێش بە توێژینەوە دەگرن؟ بۆیە، مرۆڤ دەبێ بروانێتە ئەو ئەگەرانەی حاشایان لێ دەکات، بە تایبەت ئەگەرە نەرێنییەکان و ئاسەوارەکانی بۆ قەرەبووکردنەوە. گەشەکردن پرۆسەیەکی ڕێژەییە کە دەبێ لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی خۆیدا لێی تێبگەی و ئەوە ئەو چوارچێوەیەیە کە محەممەدپوو ر وسولەیمانی وا بەهێز پێشانی دەدەن. نووسەرەکان لە وێکچوونە گرینگەکانی نێوان دۆخە کوردی و فەلەستینییەکان دەکۆڵنەوە کە لەگەشەخستن وەک چوارچێوەیەکی شیکارانە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەوەی یەکەمیان باسی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەکات کە ئەوە چینێکی ئابووری نییە کە سیاسییانە حکوومەت دەکات، بەڵکوو چینێکی سیاسییە کە ئابوورییانە حکومەت دەکات. لە نموونەیەکی ئەوتۆدا، پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبنە ئامرازی گەیشتن بە دۆخێکی هەنووکەییی سیاسیی دڵخواز بۆ مسۆگەرکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەت، بە شێوەیەک کە ئامانجە نائابوورییەکان دەبنە هۆی سەرکوتی ئابووری. ئەوەی دووهەم بە هەمان شێوە پرسی بێدەوڵەتی و دیار نەبوونی وەک چەمکێکی شیکاری لە تیۆرییە ئاساییەکانی گەشەسەندندا، دەوروژێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و فەلەستینییەکانی غەززە، بێدەوڵەتی بە شێوازی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی پێناسە دەکرێ. لەبەر ئەو هۆیە گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام و واتادار بێ سەربەخۆییی سیاسی مومکین نییە، بە بێ مافی

خۆبەڕێوەبەری، دانیشتووان لە کۆتاییدا تا سنووری لەنێو چوون ناسکن، وەک چۆن لە غەززەی ئەمڕۆدا دەقەومێ. لەوەش زیاتر، وەکوو نووسەرەکان ئاماژەی پێ دەکەن، ”پێشێلکاریی مافی نافارسەکان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەک شتێکی سروشتی سەیر دەکرێ،“ ڕاستییەک کە زۆر دەمێکە فەلەستینییەکانیش دەگرێتەوە. بە ڕاستی، لە هەر دوو ئێران و ئیسرائیل، دەوڵەت بە بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی نادادپەروەری، داکۆکیی لە مافی خۆی بۆ بێماف هێشتنەوەی ئەوانی دیکە کردووە. سێهەم، هەڵوێستە ئاساییەکان بەرانبەر بە گەشەسەندن گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئاستێکی دیاریکراو لە سوود یان گەشە لە نێو خەڵکی ”پەراوێز“دا دەتوانێ روو بدا، یان ڕوو دەدا (جا قەیدی نییە پرۆسەی گەشەسەندن چەندە شێواو یان پچڕ پچڕ بێ). بەو شێوەیە، ئەوان زۆر جار لە شیکردنەوەی ئەو ڕێکارانەی بە ئانقەست ئامانجیان پێشگرتن بە سەرهەڵدانی هێزی بەرهەمهێنەر و بێبەشکردنی کۆمەڵگایەک لە توانا شاراوەکانیەتی، ناسەرکەوتوون، واتە ئەو هێزانەی تایبەتمەندیی ڕاستییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و غەززەن. ئەو هێزانەش دەبێ وەک شێوازێک لە شەڕانگێزیی فەرهەنگی لێیان تێبگەی کە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە هەڵناقوڵن؛ لە جیاتان ئاکامی پرۆسەیەکی ڕووتاندنەوە لە ڕەسەنایەتین کە ڕەنگبێ بە شێوازی جۆراجۆر، بە گوێرەی چوارچێوە، خۆ دەنوێنن، بەڵام لە سیستەمێکەوە سەرچاوە دەگرن کە لەودا لەگەشەخستن و داگیرکاریی کۆلۆنیالیستی، شانبەشانی یەکتر لە ئارادان و، (لە باشترین دۆخدا) هاندەری جۆرێک سەقامگیریی سنووردار لە کورتخایەندا و گەرای لێکهەڵتەکان لە درێژخایەندان.

لە ڕوانگەی منەوە باسی نووسەرەکان لەمەڕ لەدامەزراوەیی‌خستن، بەشێکی سەرەکیی لەگەشەخستن، بە تایبەت سەرنجڕاکێش بوو. لە نێو هۆدانە جێی باوەڕەکاندا، ئەوان پێشانیان داوە چۆن سیاسەتی لە دامەزراوەیی خستن، کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کوردستانیان، کە پڕن لە سەرچاوەی سروشتی و کانزایی، کردووەتە کەرتی ئابووریی تاڵانکراو و لاواز، کە وێکچوونێکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ دۆخی هاوتا فەلەستینییەکانی هەیە. بەڵام، باسەکەیان لەمەڕ وێرانکردنی ژینگە وەک بەشێکی سیاسەتی لەگەشەخستن بەتایبەتی ڕۆشنگەرانەیە و یارمەتیدەرێکی گرینگ بە چوارچێوەی تیۆریی لەگەشەخستنە. لە بنەڕەتدا، ئەوان دەڵێن بێمەیلیی دەوڵەت بۆ پارێزگاریی گونجاو لە ئیکۆسیستەمی ناوچەکە لە هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی ژمارەیەک سیاسەتی وێرانکارانە، کە دروستکردنی جادە و بنکەی سەربازی و ڕووتاندەوەی ناوچەکە لە دارستان دەگرێتەوە، ئاکامەکەی بووەتە سووانی خاک، پیسکردن و زەرەری لە ڕادە بەدەر لە دیمەنی سروشتیی ناوچەکە. لەوەش زیاتر، ئەوان ئاماژە بە پرسی مینی ژێر زەوی و بوونی بەربڵاوی ئەوان لە سەر سنوور و ناوچەکانی شوێنی ژیانی دانیشتووان دەکەن. ئەو مینانە، کە لە قووڵاییی زەویدا نێژراون، نە تەنیا هەڕەشە لە گیانی مرۆڤ دەکەن، بەڵکوو هاوکات خاکەکە پیس دەکەن و ناوچەی بەپیت دەکەنە چۆڵگە، ، چالاکیی کشتوکاڵی کەم دەکەنەوە و، ئاسایشی خۆراکی دادەبەزێنن، دانیشتووانی ئەو ناوچانە کە سەردەمانێک خۆبژیو بوون ناچار دەکەن کۆچ بکەنە شارەکان کە

لەوێ بەرەورووی مەترسـیی پەراوێزخرانی ئابووری دەبنـەوە. بە هەمان شـێوە، زۆر لەمێژە کاولکاریـی ژینگەیی، گیروگرفتێکی جیددی لـە غەززەیـە. لـە کاتێکدا کە سـەرنجی زۆر دراوە بە پیسـبوونی ئاوی دابینکـراو بـۆ غـەززە، زانیاریـی کەم لەمـەڕ پیسـبوونی خاک یـان کاردانەوە گشـتگیرەکانی هاویشـتنی هەزاران تۆن تەقەمەنی لـە ماوەیەکـی دوور و درێژدا بۆ نێـو غەززە، لەبەر دەسـتدایە. ئێسـتا گیروگرفتـی تەقەمەنیی چـرووک و بۆمبە نێـژراوەکان، لـە ناویانـدا هاژەکەکانـی حەمـاس و تەقەمەنییە پێشـکەوتووەکانی ئیسـڕائیل، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بۆ غەززە لەرادەبـەدەر مەزن دەبێ و، نووسـەرەکانی ئەو وتـارەش لـە لێکۆڵینەوکەیانـدا، ئەو لایەنـە وەک فاکتەرێکـی ژینەکـی بۆ ئەگـەری بووژاندنـەوەی کۆمەڵـگا دێننە ئەژمـار. لە غەززەی دوای شـەڕ، هێندێک لـە بەشـەکانی غـەززە، ئەگـەر نەڵێین هەمـوو غـەززە، ڕەنگبێ قـەت نەکرێ نـۆژەن بکرێنەوە یان مـرۆڤ بتوانن لێیان بژین. بە گوتەی پسـپۆڕێکی سـڕینەوەی تەقەمەنیـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، "پیسـبوونەکە [لە غەززە] ئەسـتەم دەبێ، وەک شـتێکی هاوشـێوەی دۆخی دوای جەنگـی جیهانیی دووهەم،"[41] کە سـاڵانی زۆر دەخوازێ تا ناوچەکـە ئەمین بکرێتەوە. لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی ئێران و ئیسـڕائیل کەڵکیـان لە سیاسـەتی لەگەشەخسـتن بـۆ دەسـتەبەر کردنی ئاکامی هاوشـێوە بـەڵام جیاوازیـش وەرگرتـووە، ئەوان ئامانجێکی کارەسـاتباری هاوبەشیان هەیە، ئەویش شـێواندنی شـوێنی ژیانی کوردان و فەلەسـتینییەکان بە جۆرێکـە کە ژیان لـەوێ نامومکین بـێ. وەک محەممەدپوور و سـولەیمانی ڕوونیـان کردووەتـەوە، کۆلۆنیالیـزم ڕووداوێکـی بەردەوامـە کە بایەخی گەردوونیی هەیە. ئەگەر مەبەسـت دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ پێشـوەچوونە، دەبێ بە هەڵوێسـتێکی مرۆڤانە دەست پێ بکات: چۆن بیـر لەخۆمان دەکەینـە، بە هەمان شـێوە بیر لـە ئـەوی دیکـە بکەینەوە.

### وەڵام[42]

مـن، وەک نووسـەری سـەرەکی، سوپاسـگوزارییەکی قووڵـم بەرانبـەر بـە شـرۆڤەکارەکان هەیـە کـە بـە دڵئاواڵەییـەوە توێژینـەوەی ئێمەیـان خوێندووەتەوە و سـەرقاڵی بوون. نووسـین لە سـەر کـوردان سـاکار و لـە هەمان کاتـدا ئاڵۆزە. سـاکار چونکـە گێڕانەوەی کـوردی دەوڵەمەنـد و بەنرخـە. لەگەڵ ئەوەشـدا، لەبەر فرەلایەنییەکەی و خەباتە فـرە ڕەهەندەکـەی، کـە کەمتـر لێی کۆڵدراوەتەوە، ئاڵۆزیشـە. ئەزموونی کوردان لە حاشـا لێ کران و سـڕینەوە لە پانتاییی چـوار دەوڵەت-نەتـەوەی پەراوێزخـەر، سروشـتی بە ئەمنییەتیکـراو و لە لایەن دوڵەتـەوە بڕیاربـۆدراوی توێژینـەوە لە کوردانـی ناوچەکە و، نەبوونـی دانپێدانانی نێوەدەوڵەتی بە پرسـی کـورد، هەموویان توێـی دیکـە دەخەنـە سـەر دژواریی ئـەو گێڕانەوەیـە. لەگەڵ ئەوەشـدا، لەو سـاڵانەی دواییدا گەشـەیەکی بەرچاو لە توێژینەوە لەسـەر کوردسـتان، بە تایبەت لە چوارچێـوەی ئێـران و تورکیەدا ڕووی داوە، کـە بەشـێکیان جەختیان لەسـەر سیاسـەتی لەگەشەخسـتن کردووەتـەوە (بڕوانـە حەسـەنیان و سـوهرابی ٢٠٢٢؛ کـورت ٢٠١٨؛ محەممەدپـوور ٢٠٢٤ئ؛ یادیرجی ٢٠١٨). لـەو دێڕانەی خوارەوەدا، من بە شـرۆڤەکاندا دەچمەوە و تیشـک دەخەمـە سـەر تێبینییـە بەنرخەکانیان. کاری سـارا ڕۆی کاریگەرییەکـی قووڵی لەسـەر توێژینەوەکانی من لەسـەر پرسی

کورد لە سالانی ڕابردوودا هەبووە. من توێژینەوەی بەڕێزیان لە سەر غەززە گەلێک ڕۆشنگەرانە دەبینم، نە تەنیا بۆ تێگەیشتن لەوە کە چۆن دەوڵەتان سیاسەتی ئابووری وەک چەکێک بەکار دێنن، بەڵکوو هەروەها بۆ دەستەبەر کردنی ڕوانگەی نوێ کە لە هەڵوێستە باوەکانی توژێنەوەی گەشەسەندن بەولاوەتر دەچێ. لێکۆڵینەوەکانی ڕۆی بە تیشک خستنەسەر چۆنیەتیی گۆڕینی گەشەی ئابووری لە لایەن دەوڵەتە ئەتنیک تەوەرەکانەوە و کردنی بە ئامرازێکی کاولکاریی تەواو و سزادان، یەکلاکەرەوە بووە. ئەو لێکۆڵینەوەیە،کەڵکی لە توێژینەوەی ناوبراو لەمەڕ غەززە وەرگرت تا لە کەڵکوەرگرتنی دەوڵەتی ئێران لە سیاسەتی لەگەشەخستن دژی ڕۆژهەڵات بکۆڵیتەوە. ئەوەی سەرنجی منی لە یەکەم بەرەورووبوونەوەم لەگەڵ کتێبی ڕۆی (١٩٨٧) ڕاکێشا و بووە هۆی گفتوگۆکانی دواترمان، جەخت کردنی ناوبراو لەسەر ئەوە بوو کە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت-کەمینە ناکرێ بە تیۆرییە ئاساییەکانی گەشەسەندن وەک بەستراوەیی، گەشەی لاسەنگ، یان سیاسەتی ناکارامە، شی بکرێنەوە. هەموو ئەو تیۆرییانە لە تێگەیشتن لەوە کە چۆن سیاسەتی شوناس، بە نێوەندگیریی ئایدیۆلۆژییەکانی ڕەگەزپەرستیی زمانیی و ئایینی، دەتوانێ هاندەری سەرکوتی سیاسی و ئابووری بێ، ناسەرکەوتوون. سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت، وەک لە دۆخی کورددا پێشان داروە، تەنیا بۆ کۆنترۆڵی خاک و سامانەکان ئەندازیاری نەکراون، بەڵکوو بۆ بنکۆڵکردنی هەر جۆرە تواناییەک لە ئەگەری سەربەخۆییی لە داهاتوو دا بەڕێوە دەبرێن. تێگەیشتنەکانی ڕۆی لە چەمکی بێدەوڵەتی لە هەڵسەنگاندنەکەیدا، جارێکی دیکە لێکۆڵینەوەکەمان لەمەڕ پەیوەندیی نێوان سەربەخۆیی لەگەڵ گەشەسەندن و شوناسی نەتەوەیی پشتراست دەکاتەوە. لە کاتێکدا کە ئێمە بناخەی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر تیۆریی ڕۆی دامەزراند، بەکارهێنانەکەیمان پەرە پێدا و قووڵترمان کرد. توێژینەوەی ئێمە کەڵکی لە تەوەری دیکە وەک لە ڕەسەنایەتی خستن، میلیتاریزە کردن، بەئەمنییەتیکردن، لە دامەزراوەیی خستن و، لەویش گرینگتر، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی کە بە تالانکردنی سامانەکان، نەهێشتنی دارستانەکان و مینڕێژ کردن، بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا دەسەپێنرێ، وەرگرتووە. ئەو لایەنانە بۆ دەوڵەمەندتر کردن و بەرینترکردنی چوارچێوەی ڕۆی، ئاوێتەی توێژینەوەکەمان کران. لێکدانەوە بەراوردکارانەکەی ڕۆی لەمەڕ ڕۆژهەڵات و غەززە لە هەڵسەنگاندنەکەیدا شێکاریی زیاتر ناخوازێ و پێداگریی زیاترە لە سەر ئاسەوارە درێژخایەنەکانی سیاسەتی لەگەشەخستن لە چوارچێوە فرە نەتەوەیی و فرە فەرهەنگییەکاندا. وەک ئەو ئاماژەی پێ کردووە، تێبینییەکانی لە سەر پیسبوونی خاک و ئاوی غەززە، لەگەڵ بوونی تەقەمەنیی نەتەقێنراو، هاوشێوەی زەرەرەکانی سەر ژینگەی ڕۆژهەڵاتن کە ئێمە باسمان کردوون. هەر دوو دۆخەکە پێشان دەدەن چۆن دەوڵەت وەک ستراتێژییەکی بە ئانقەست کەڵک لە تێکدانی ژینگە وەردەگرێ تا ناوچە بە ئامانجگیراوەکان بکاتە شوێنێک کە ژیان لێیان نامومکین بێ، کە پرۆژە بەینترەکەی لەگەشەخستن و لە نێو بردن بەهێزتر دەکات. هەڵسەنگاندنی ڕۆی هۆدانی ئێمە کە کۆلۆنیالیزم بەردەوام و لە شێوازە جۆراجۆرەکانی

هەنووکەییی خۆیدا گرینگیی گشتگیری هەیە، پشتڕاست دەکاتەوە و چارەسەرکردنی خێرای پرسەکە دەخوازێ. هەڵسەنگاندنی ئان ڕۆڵز، بە چاویلکەی کۆمەڵناسی بۆ بەهێزکردنی تیۆرییەکە و شێوازی لێکۆڵینەوە لە پرسی کورد تەیارمان دەکات. بە تایبەت، ئەو لێکچوونانە سەرنجم ڕادەکێشن کە ڕۆڵز لە نێوان ئەزموونەکانی خەڵکی ڕەسەن و ڕەشپێستەکانی ئەمریکا لە سەرکوتی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستیی بە دامەزراوەییکراو لە ولاتە یەکگرتووەکان و هی کوردانی ئێران ئاماژەیان پێ دەکات، کە لایەنە جیهانییەکانی سەرکوتی ڕەگەزی و بەرخۆدان ئاشکرا دەکەن. وەک ڕۆڵز باسی دەکات، لە هەر دوو دۆخی ولاتە یەکگرتووەکان و ئێران، ئایدیۆلۆژییە ڕەگەزییەکانی حاکم، چ سپی بوون بێ یان ئاریایی بوون، درێژە بەو سیاسەتە دەدەن و یارمەتیی بەتاوانبارزانینی سەرجەم دانیشتووان دەکەن. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان کە ڕۆڵز باسی دەکات دژوازیی پشت بەستنی بەردەوامی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە ئاوێتەکردنی زۆرەملی و هەنگاوە سزادەرەکانە سەرەڕای ناکاریگەربوونیان لە درێژخایەندا. وەک ئەو ئاماژەی پێ دەکات، لە ولاتە یەکگرتووەکان ئەو سیاسەتە لە جیات دەستەبەر کردنی یەکچەشنیی دلخواز ، بە کردەوە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەرگریی جەماوەریی دانیشتووانی سەرکوتکراوی بەهێزتر کردووە. دۆخی کورد بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئەو ئەگەرەیە. نموونە هێنانەوەی ڕۆڵز لە خەڵکانی ڕەسەن و ڕەشپێستی ئەمریکا کە چۆن بەربەرەکانییان دژی تواندنەوە/سڕینەوەی فەرهەنگ، هەستی شوناسخوازیی ئەوانی قووڵتر و هاوپشتیی

نێوانیانی بەهێزتر کرد، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەدوێ. ڕۆڵز سەرنجی ئێمە بۆ پەیوەندیدار بوونی لێک جیاکردنەوەی نەریتی-خێڵەکی/مودێڕن لە لایەن دورکهایم ڕادەکێشێ کە تا ڕادەیەکی زۆر لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە و ناوبراو دەستەواژەی هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکانی (کە دژی نەریت دەوەستنەوە و پێشوازی لە فرەچەشنی دەکەن) وەک هێمای مودێڕنیتە، داهێنا. تێگەیشتنی هەڵە لە تیۆریی دورکهایم گەلێک بەربڵاوە و لە تورکیە و ئێران بۆ خزمەت بە بەرنامەی نەتەوەپەرستانە کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ وێنە، زیا گۆکئالپ (١٨٧٦-١٩٢٤)، کەسایەتییەکی سەرەکی لە ناسیۆنالیزمی تورکی، کەڵکی لە شوناسی هاوبەشی دورکهایم بۆ بڕەودان بە پێویستیی شوناسێکی نەتەوەییی یەکچەشن، یان تورک بوون وەرگرت. ئەو بە شێوەی گوڵبژێر کراو جەختی لەسەر هۆشیاریی هاوبەش و هاوپشتیی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەواییدان بە سیاسەتی بەتورککردنی ناتورکەکان و پاکتاوی ئەتینیکی لە تورکیەی هاوچەرخدا کردووە. ئەوە بەهەمان شێوە بۆ دۆخی ئێرانیش ڕاستە، لەوێ کۆمەڵناسی، شانبەشانی مرۆڤناسی و کەوناراناسی، وەک چەقبەستوو و نەتەوەپەرست لە دایک بوون تا ببنە ئامرازی ساختەکردنی شوناسێکی تاقانەی ئێرانی و ئێرانیبوون/فارسبوون (محەممەدپوور ٢٠٢٣، ٢٠٢٤ب). لە زانستی کۆمەڵناسیی باوی ئێرانیدا، نەتەوە نافارسەکان زۆر دەمێکە تەنیا وەک "خێڵ" و عەشایر ("کۆچەر" بە فارسی) سەیر دەکرێن. بە ڕەچاو کردنی هەڵوێستێکی پشتبەستوو بە ژمارە و ئامار، ئەرکی سەرەکیی کۆمەڵناسی ئەوە بووە تا ئاڵۆزیی شوناس و بەسەرهاتە

مێژووییەکانــی فەرهەنگەکانــی گەلانی نافارس بکاتە شــتێکی فۆلکلۆر و ســاکار، میراتــە فەرهەنگییــە دەوڵەمەندەکانیــان وەهــا دابەزێنــێ کــە لــە چوارچێوەی گێڕانــەوە فەرمییەکــەی دەوڵــەت نەتــەوەی ناوەندگەرای فارســدا بگونجێن. وەک ڕۆڵــز ئامــاژەی پــێ دەکات، لێکدانــەوەی دورکهایــم بــۆ جیاوازیی نێــوان مودێرن/خێڵەکــی زۆر جار تەنانەت لە تیۆریی کۆمەڵناســیی هاوچەرخیشــدا بە هەڵــە لێــک دراوەتەوە. بە یەکســان دانانــی "نەریتی" لەگــەڵ "خێڵەکی" یان "ســەرەتایی،" گەلێــک لــە زانایــان لە تێگەیشــتن لە جیاوازییە وردەکانی باســی دورکهایــم -کە لــە جیــات دووانەیەکی ســاکارکراوی ڕۆژئاوایی/ڕۆژهەڵاتــی یان مودێرن/ســەرەتایی، باسە ســەرەکییەکەی توانایــی کۆمەڵــگاکان بــۆ لــە ئامێز گرتنی فرەچەشــنی، بــە کەڵکوەرگرتن لە هەڵســوکەوتە بنەڕەتییە دوور لە نەریتەکان بۆ کارلێکەریی کۆمەڵایەتییە- ناســەرکەوتوو بوون. ئــەو لێکدانەوە هەڵەیــە بە تایبەت لە چوارچێــوەی خۆر هەڵاتی نێوەراســتدا کێشــە خولقێنــە، چونکە ئێرە شــوێنێکە کــە زۆر جــار دەوڵەتانــی وەک ئێــران، تەنیــا لەبــەر کەڵکوەرگرتن لــە ئامرازی هاوچەرخــی دەوڵەت-نەتــەوە، مودێــرن ســەیر دەکرێ، ئەگەرچی سیاســەتەکانیان ڕیشــەی قووڵی لە ڕوانگەیەکــی نەریتی و یەکچەشــنیی پەرگاڵی کۆمەڵگادا داکوتاوە. ڕۆڵز ئامــاژە بــە خاڵێکــی یەکلاکەرەوە بــۆ خوێندکارانی لێکۆڵینەوەکانی پرســی کــورد دەکات، کاتێــک دژی کەوتــن لە داوی تیۆریکی کورتکردنــەوەی فەرهەنگی کــوردی وەک تەنیــا شــتێکی نەریتی و خێڵەکــی، هۆشــداری دەدا. ڕۆڵــز پێمان دەڵــێ گەلی کورد، بە هەڵســوکەوتەکانیان لەمبــەر ئەوبــەری چەند ســنوور و چەند فەرهەنگــەوە، نوێنگــەی شــیوازێکی مودێرنتــر لــە ڕێکخســتنی کۆمەڵایەتی لــە چــاو هــی کۆلۆنیالیســتەکانیان. خاڵێکی دیکە کــە ڕۆلز دەیهێنێتە بەر باس، چەمکــی "هێنانە ژێــر چاودێریی تەواو"ی گافمەن و پەیوەندیــدار بوونی بە ئەزموونی کوردی لــە ڕۆژهەڵاتــە. میلیتاریزە کردن، چاودێــری و کۆلۆنیکردنــی ژیانی ڕۆژانەی کوردی لــە لایــەن دەوڵەتــی ئێرانەوە، وەک ڕۆڵــز زۆر بــاش ســەرنجی داوەتێ، بێگومان بیرهێنــەرەوەی دۆخــی هێنانە ژێر چاودێریی تــەواو و زەوتکرانی توانایی کردەوەیە. پرســی نواندی کــردەوە لێرەدا گرینگییەکی مەزنی هەیــە. وەک گافمەن دەڵێ، تەنانەت لە ژینگەی سنووردارێشــدا، تاکــەکان شــێوازی بەرهەڵســتکاری دەدۆزنەوە و پەرگالە ســەپێنراوەکە ژێر پێ دەنێن، شــوێنی نواندنــی خۆبەڕیوەبەری و دیاریکردنــی چارەنــووس دەئافرێنن و، پێویســتە ئــەو کارە بکــەن، دەنــا هەم دۆخــی چاودێریــی تــەواو و ئەوانی لە ژێر ئەو دۆخــەدا دەژین لــەکار دەکەون. لە ڕۆژهەڵات ئێمە ئەو ئــاکارە دژەکۆلۆنیالە لــە بەردەوامیــی بەڕێوەچوونــی نەریتە فەرهەنگییــەکان لە کــردەوە وەک جەژن گرتنی نەورۆز و فســتیواڵە فەرهەنگییەکانی دیکە، دامەزراندنــی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بۆ پاراســتنی ژینگــە و بەربەرەکانی لەگەڵ ئاگرکەوتنەکان، کردنــەوەی پەرتووکخانە لە گونــدە دوورەکان و دامەزراندنی ڕێکخراوی مەدەنــی بۆ فێر کــردن و بــرەو دان بە زمانی کوردی، ســەرەڕای ئەو ســەرکوتە توندــدەی خەڵــک بــەرەورووی دەبنەوە، دەبینیــن. ئــەو بەرخۆدانــە، وەک ڕۆڵز ئاماژەی پــێ دەکات، ئاکارە دێموکراتیکەکان و هاوپشــتی لەنێو کۆمەڵگادا پتەوتر دەکات و یارمەتی بە گەشــەکردنی شوناســێکی جەماوەریــی بەهێــز دەکات کــە دەبێتە

بەرهەڵستکاری سیاسەتە سەرکوتکارانەکەی دەوڵەت. ئەوە لێرەدایە کە رۆڵز تیۆریی گافمەن لەمەڕ لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵگا بچووکەکان بە پرۆسە کۆمەڵایەتییە مەزنترەکانەوە گرێ دەدا. ئەو جەخت لەسەر هێزی هەڵسوکەوتەکان و هەڤدیتنە رۆژانەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی دەکات. رۆڵز دەڵێ ئەو پەرگالە هەڵسوکەوتییانە وەک بناغەیەک بۆ گەشەپێدانی شێوازی گشتگیرتر و دێموکراتیکی ڕێکخستنی کۆمەڵگانە، کە دەتوانێ لە کۆتاییدا هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەتنۆناسیۆنالیست بۆ سەپاندنی یەکچەشنی پووچەل بکاتەوە. دوایین خاڵ کە کەمترینیان نییە، ئاماژە کردن بە چەمکی "هۆشیاریی دووقات"ی دوبوا (بە پێچەوانەی وێناکردنی ئاسەواری توانەوەی فرانتز فانۆن [١٩٥٢] لە کتێبی پێستی رەش، دەمامکی سپی) لە لایەن رۆڵزەوە و پەیوەندیدار بوونی بۆ دۆخی کوردییە. ئەو پرسیارە کە ئاخۆ کوردانی رۆژهەڵات ناچار بە توانەوە لەنێو فەرهەنگی فارسدا دەکرێن یان تەنیا لە ناوەندە فەرمییەکان وا دەنوێنن، لە کاتێکدا لە ماڵەوە شوناسە کوردییەکەیان دەپارێزن، پرسیارێکی گرینگە. بە رەچاو کردنی هەڵوێستێکی کارلێکەرانە، رۆڵز دەڵێ کاتێک سنووردار کردنە بەدامەزراوەییکراوەکان دەگەنە ئاستی چاودێریی تەواو، تێچووی کۆمەڵایەتیی تواندنەوە، فرە بەرز دەبێتەوە و دەبێتە هۆی بەربەرەکانێی خەڵک لە بەرانبەر توانەوەدا و لە جیاتیان دەبێتە هۆی پتەو کردنی پەیوەندییان بە کۆمەڵگاکەیانەوە. ئەو هێزە جووڵێنەرەی دوبوا لە چوارچێوەی ئەمریکاییە رەشپێستەکاندا باسی دەکات، رەنگبێ زۆر بە باشی لە رۆژهەڵاتیش خەریکی روودان بێ، چونکە هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەپاندنی توانەوە تەنیا بووەتە هۆی بەهێزتر بوونی هەستی شوناس و هاوپشتیی گەلی کورد.

شرۆڤەی دەیڤید رۆمانۆ هەم ژیرانە بوو و هەمیش داکۆکیکارانە. بەر لەوە بپەرژێمە سەر وڵامی ناوبراو، دەبێ ئەو روونکردنەوەیە بدەم کە ئەو وتارە لە ٢٠٢٢ قبووڵ کرا، زۆر پێش کێشەی هەنووکەیی ئیسرائیل-حەماس. ئەو جەخت لەسەر بەکار هێنانی تیۆریی لەگەشەخستن بۆ دۆخی کوردی لە رۆژهەڵات دەکات، بە ئاماژەی جاروبار بە فەلەستین تا بەڵگە بۆ پەیوەندیدار بوونی تیۆریی لەگەشەخستنی رۆی بێنێتەوە. بێجگە لەو پرسە، رۆمانۆ دان بەوەدا دەنێ کە بەکارهێنانی تیۆریی لەگەشەخستنی رۆی لە لایەن ئێمەوە رۆشنگەرانەیە. بە گوێرەی هۆدانە سەرەکییەکەمان، سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر بە نەتەوەی کورد، ستراتیژیی بەئانقەستی لەگەشەخستنە، لە کاتێکدا هاوتەریبیی گرینگی لەگەڵ دۆخی فەلەستین هەیە، دۆخێکی تاقانەشە. بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی رۆی، مەبەستی ئێمە تیشک خستنەسەر نەریتە کاولکارانەکانی دەوڵەتی ئێرانە، کە ئەو دۆخانە بیر مرۆڤ دێننەوە کە لە چوارچێوە پاشکۆلۆنیالەکانی دیکەدا دیتراون. رۆمانۆ بە دروستی ئاماژە بە رەخنەی ئێمە دەکات کە بە ئاماژە بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی رەچاوکراو لە لایەن دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نێوەراست وەک ئێران، عێراق و تورکیە دژی نەتەوە بە کەمینەکراوەکان، ئالنگاری بۆ چوارچێوەی پاشکۆلۆنیالی ئاسایی دروست دەکات. ئەو کۆلۆنیالیزمە نێوخۆییە، وەک رۆمانۆش دانی پێدا ناوە، زۆر جار خۆی لە ژێر دەمامکی بەرهەڵستکاریی دژەکۆلۆنیالیستی بەرانبەر بە ئیمپریالیزمی

ڕۆژئاوایی حەشارداوە، لە کاتێکدا سیاسەتەکانی سڕینەوەی فەرهەنگی و پاکتاوی ئەتنیکی جێبەجێ دەکات. بێجگە لەوە، ڕۆمانۆ ئاماژە بە ئالنگارییە سەرەکییەکەی توێژینەوەی ئێمە دەکات: دژوارییە تاقەتپڕووکێنەکەی لێکۆڵینەوە لە ناوچەی وەک ڕۆژهەڵات، ئەو شوێنانەی چاودێریی بەرین و کۆنتڕۆڵی چڕی دەوڵەت، توێژینەوەی ئەتنیکناسی بە توندی سنووردار دەکات و دەستڕاگەیشتن بە مێدیا و پشتڕاستکردنەوەی سەربەخۆیانەی زانیارییەکان نزیکەی نامومکین دەکات. ئەو بەربەستە تەنیا کاری ئێمە ناگرێتەوە بەڵکوو لە لایەن گەلێک لە زانایانی لێکۆڵینەوە لە پرسی کورد کە لەژێر هەلومەرجی هاوشێوەی ئێمەدا کاردەکەن، ئەزموون کراوە. بەڵام، من دەبێ جەخت بکەمەوە کە زانیارییەکانی ئێمە پشتئەستوور بە ژمارەی زۆری ئەزموونەکان و لێکۆڵینەوە ئەتنیکناسییەکانە کە لە لایەن زانایانی کوردەوە بەڕێوە چوون. سەرکوتی بەربڵاوی نەتەوەیی دژی کوردان، کە بە کوژرانی ڕۆژانەی کۆڵبەران لە سەر سنوور، زیندانیکردن و لەسێدارە دانی جیابیرانی سیاسیی کورد و هەژاری و بێکاریی سەپێنراو لە لایەن دەوڵەتەوە پشتڕاست دەکرێتەوە، نزیکەی هیچ شیکارییەکی دیکە ناخوازێ. ئەو دڕندەییانە ئێستا زۆر باش بە هەواڵەکانی مێدیا و بەڵگە فیلمەکان، ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و توێژینەوەی زانایان بەڵگەمەند کراون. بەراورد کردنی ئەزموونی کوردان لە ئێران و دۆخی فەلەستینییەکان لە غەززەش لە هەڵسەنگاندنی ڕۆمانۆدا قسەی لەسەر کراوە. ئەو ژیرانە دەبینێ لە کاتێکدا هەر دوو نەتەوەکان بەرەورووی لەگەشەخستنی سیستەماتیک دەبنەوە، ئەزموونی کوردی ڕەنگبێ لە هێندێک ڕوانگەوە دژوارتر بێ. بۆ وێنە بە پێچەوانەی دۆخی غەززە، ئێران نە تەنیا خەریکی سەرکوتی ئابووری بووە بەڵکوو هەوڵی داوە شوناسی فەرهەنگی و ئایینیی کورادنیش بسڕێتەوە. ئەو جیاوازییە، وەک ڕۆمانۆ ئاماژەی پێ دەکات، نیشانەی سروشتیی چەندتوێبوونی توندوتیژیی دەوڵەت و لەگەشەخستنە، کە هەر دوو سەرکوتی ئابووری و فەرهەنگی وەک ئامرازی کۆنتڕۆڵ کردن دەور دەبینن.

لە پێداگرییەکەی لەسەر تاقانە بوونی خەباتی کوردی لە چوار دەوڵەت-نەتەوەدا، ڕۆمانۆ نموونە مێژووییەکانی وەک کۆماری کوردستان لە مهاباد، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ئەزموونە ساوا دێموکڕاتیکەکەی ڕۆژئاوا وەک بەڵگە دێنێتەوە کە خۆبەڕێوەبەریی کوردی دەتوانێ ببێتە هۆی سەقامگیری، گشتگیری و باشتر بوونی ئابووری لە ناوچەکە. ئەو نموونانە، وەک ئەو بە دروستی باسیان دەکات، ئیدیعای ئێران ڕەت دەکەنەوە کە دەڵێ سەربەخۆییی کورد دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و کێشە. وەکوو چۆن پێشانیان داوە، بێتوو کورد هەلی خۆبەڕێوەبەریی هەبێ دەتوانێ یەکەی سیاسیی گشتگیر و فرە فەرهەنگ دروست بکات کە مافە مەدەنییەکان مسۆگەر دەکات و یارمەتیدەری گەشەی ئابووری دەبێ.

بە پێچەوانەی سێ شرۆڤەکاری یەکەم، شرۆڤەی هاشم ئەحمەدزادە لە زۆر شوێن لە باسە سەرەکییەکەی وتارەکە دوور دەکەوێتەوە. دەبێ پێداگر بم کە کاری ئێمە ناچێ لە ناخی لێکۆڵینەوە وێژەیی و مێژووییەکانەوە، بەڵکوو لە دەوری دۆخی سیاسی-ئابووریی هەنووکەی کوردان لە ئێران دەسووڕێتەوە، بە تایبەت لە ژێر

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا. وەڵامێکی ورد بە ڕەخنەی ئەحمەدزادە هەوڵی بەرچاو دەخوازێ، نە لەبەر بنەمادار بوونی ڕەخنەکانی، بەڵکوو لەبەر ئەو هەموو خراپ لێکدانەوە و بە هەڵە تێگەیشتنانە کە ناوبراو پێشکەشیان دەکات. یەکێک لە خراپ لێکدانەوە مەزنەکان دەگەڕێتەوە بۆ تێگەشتنی هەڵەی ئەحمەدزادە لە چەمکی "کۆلۆنیالیزم." وەک لە ئێنسایکلۆپێدیای فەلسەفیی ستانفۆرد (٢٠٢٣)دا پێناسە کراوە، کۆلۆنیالیزم "بەڕێوە بردنی دەسەڵاتدارییەکە، کە ژێردەستە کردنی گەلێک لە لایەن یەکی دیکەی لێ بکەوێتەوە." زانایانی وەک مەحموود مامدانی (٢٠٢٠)، ئێدوارد سەعید،[٤٣] و رابێرت یانگ (٢٠١٦)، لەگەڵ خەڵکی دیکە، گوتوویانە بۆ سەلماندنی کۆلۆنیالیزم پێویست بە نیشتەجێکردن یان داگیر کردن ناکات. کۆلۆنیالیزم لە کۆنترۆڵ/داگیرکردنی ڕاستەوخۆی خاکەوە بۆ شێوازی شاراوەتری ژێردەستەکردن، وەک تواندنەوەی پەروەردەیی، بەستراوەییی ئابووری، سڕینەوەی فەرهەنگی و دەستێوەردانی سیاسی، گۆڕدراوە. شرۆڤەی ئەحمەدزادە وا دەگەیەنێ کە ناوبراو ئەو ڕاستییە ڕەت دەکاتەوە کە کوردستان کۆلۆنییە. وەک زانایەکی وێژەی کوردی و خاوەن ئەزموونی ژیان لە ناوچەکەدا، مرۆڤ ئەو چاوەڕوانییەی لێ هەیە کە دان بەوەدا بنێ کە چۆن دەوڵەتی ئێران، لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە ١٩٢٥، سیاسەتی بە فارسیکردنی فەرهەنگی کوردی، پرۆژەیەکی حاشا لێکردن و سڕینەوە بە مەبەستی بەرتەسککردنەوە و پەراوێز خستنی زمان و شوناسی کوردیی جێبەجێ کردووە. ئەو سیاسەتە لە ١٩٧٩ چڕتر کرایەوە، کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی کردە قەسابخانەی کۆڵبەر و خەڵکی مەدەنی، سامانە سرووشتییەکانی تاڵان کرد، دارستانەکانی ئاگر تێبەردا، جیابیرە کوردەکانی زیندانی کرد و ناوچە سنوورییەکانی بە ١٦ میلیۆن مینی ژێر زەوی مینڕێژ کرد. لە چل ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشتمانی کوردانی کردووەتە هەرێمێکی ئەمنییەتیکراو و نواندنی توندوتیژیی لە ڕادە بەدەری دەرەوەی یاسا. وێژە و فۆلکلۆری کوردی پڕە لە بابەتی سەربەخۆییخوازانە و بەرخۆدان دژی ژێردەستەکردنی کۆلۆنیالیستی، ئەو بابەتانەی هەڵسانگاندنی ئەحمەدزادە دەبوو لەبەر پەیوندیدار بوونیان زۆرتر پێیانەوە سەرقاڵ با. نموونەیەک شیعری ئەحمەدی خانییە، کە لە بەرهەمە ئەفسانەیییەکەی، "مەم و زین"دا، زۆر بەر لە شۆڕشی فەڕانسە لە ١٧٨٩، بووە نوێنگەی هەوڵی کوردان بۆ سەربەخۆیی و داوای بەرخۆدان دژی تورک، عەرەب و فارسانی کردووە. وێدەچی ئەحمەدزادە لە دانپێدانان بە بێدەوڵەتیی کوردان و کۆمەڵکوژییەکانی ڕێژیمە نەتەوەپەرستەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە وەک ئاکامی ڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزم، دوودڵ بێ. من ئەحمەدزادە حەواڵەی ژمارەیەک نووسراوەی زانستیی بەرهەمهێنراو لە لایەن زانایانی کوردەوە دەکەم، کە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران نووسراون و، بە وردی ڕێکارە کۆلۆنیالیستییەکانی دەوڵەتی ئێرانیان لە ڕۆژهەڵات بەڵگەمەند کردووە. گۆڤاری کوردیی وەک تیشک، گرتە ڤیدیۆییەکانی سەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و، لەو دواییانەدا، سەرکوتی دڕندانەی سەرهەڵدانی ژینا لە لایەن دەوڵەتەوە کە هەموویان بە تێروتەسەلی سرووشتە کۆلۆنیالیستییەکەی

ڕێژیمی فارس-شیعە ئاشکرا دەکەن. لە بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکەیدا، ئەحمەدزادە نیگەرانیی خۆی لەمەڕ تۆنی وتارەکە باس دەکات کە من بە ڕێزەوە وەریدەگرم. بەڵام من پێمخۆشە چوارچێوەی بەربڵاوتری ڕەخنەکە ڕوون بکەمەوە. لە کاتێکدا کە زانا خاوەن قسەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی، کە زۆربەیان ڕۆژئاوایین، درێژە بە پشتبەستن بە چوارچێوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان دەدەن کە شوناسی کورد بە شێویەکی ساکارکراو، دادەبەزێنن و زۆرجار کەڵک لە دەستەواژەی سووکایەتیکاری ”خێڵەکی“ وەردەگرن. کەڵکوەرگرتنی بەردەوام لە دەستەواژەی وەک ”خێڵەکی“ لە زانستە ڕۆژهەڵاتناسییەکانەوە، کە زۆر دەمێکە جێپێی خۆیان کردووەتەوە و دەیان ساڵە بەسەر لێکۆڵینەوەکانی کوردیدا زاڵن، هەڵقوڵیوە. نەبوونی ڕەخنە لە لایەن کەسایەتیی وەک ئەحمەدزادە لەو پرسە مرۆڤ زۆرتر نیگەران دەکات، چونکە درێژەدەری گێڕانەوەی کۆلۆنیالیستییە. مەبەستی ئێمە لەبەرچاو نەگرتنی یارمەتییەکانی زانایان نییە، بەڵکو دروستکردنی ئالنگاری بۆ ڕوانگەی ئورووپاتەوەرە کە ئەزموونەکانی کوردان بچووک دەکاتەوە. لێکۆڵینەوە لە زمان و گریمانەکانی ئەو بەشە فرە گرینگە، بە تایبەت کاتێک پێشداوەرییە نەرێنییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی دەسەپێننەوە.

لە کۆتاییدا، ئەحمەدزادە پێی وایە بەراورد کردنی ڕۆژهەڵات و فەلەستین دەبێتە هۆی دروستکردنی ”ئالنگاری.“ بەدەر لەوە کە کوردستان ئەزموونی هاوبەشی لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی دیکە هەن، کە پێش بە گێڕانەوەکانیان گیراوە و، بەرهەمە فەرهەنگییەکانیان لەنێو براون و، مێژووەکانیان سڕاوەتەوە یان لە لایەن نیشتەجێکراوان و کۆلۆنیالیستەکانەوە داهێنانی نوێی بۆ کراوە، ئەو وتارە خۆی سەرقاڵی لێکدانەوەی بەراوردکارانەی مێژوو بە واتا تەکنیکییەکەی ناکات. بەراوردکردنی ئێمە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی گەشەکردندایە. بەڵام، من هاوبەشی نیگەرانیی ئەحمەدزادەم کە بەراورد کردنی ئەو دوو نەتەوەیە، توێژینەوەی گشتگیرتر و فرەلایەنتر دەخوازێ، واتە شتێک کە ئەو وتارە قەت ئیدیعای نەکردووە دەستەبەری دەکات. ئەحمەدزادە هۆشداریی دەدا کە ” گونجاندنی ... دەستەواژەی نوێ [وەک لەگەشەخستن و کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی]، ئەگەر باری کوردان قورستر نەکات، ناتوانێ سووکی بکات.“ من ئەو ئیدیعایە بە شتێکی گەلێک نادادپەروەرانە دەزانم. چۆن تیشک خستنەسەر نەهامەتییەکانی کوردان دەتوانێ ”باری کوردان“ کە دەیان ساڵ لەگەڵ کۆمەڵکوژی، سڕینەوە و ئەو حاشا کردنەی لەگەڵیدا هەڵیان کرددوە ژیاون، قورستر بکات؟ پێویست بە گوتن ناکات، بیرۆکەی کوردستان وەک کۆلۆنی و ئێران وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیست بە باشی باسی لێوە کراوە و لە لایەن نوخبەی کورد، زانایان، چالاکانی مەدەنی و، تاقمە بەرهەڵستکارە کوردییەکانەوە، پشتگیریی بەهێزی لێ دەکرێ، بەڵگەکەی سەرهەڵدانی ژینا لە ڕۆژهەڵاتە. ئەحمەدزادە ڕەخنەمان لێ دەگرێ بۆ قۆڵ هەڵماڵین لە توێژینەوەیەکی فرە پێویست و بە هەڵە وەک مانیفێستێکی سیاسی لێی تێدەگا کە بەتەمای دەستێوەردان لە خەباتە ڕزگاریخوازەکانە. ئەو ڕوانگە هەڵەیە دەبێتە هۆی شێواندنی ئامانجی ڕاستەقینەی وتارەکە لە لایەن ئەحمەدزادەوە، کە دروستکردنی ئالنگاری بۆ

بەرتەسککردنەوەی تیۆریک و چەمکییەکانی هەنووکەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر، پێش بە توێژینەوە لە دۆخی کوردی دەگرێ.

* ئەحمەد محەممەدپوور پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆمەڵناسی لە زانستگای بێنتلییە. کەماڵ سولەیمانی پرۆفیسۆری توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە زانستگای مەکزیکە. ئەو وتارە لە ١٦ی مارچ، ٢٠٢١ پێشکەش کرا، لە ٢٤ی فێبریوەری ٢٠٢١ پەسەند کرا و، لە ٢٥ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٤ بە شێوەی ئەلێکترۆنی بڵاو کرایەوە.

## پەراوێزەکان:

١. کوردەکان بۆخۆیان ئاماژە بە بەشە جۆراجۆرەکانی کوردستان وەک باکوور (لە تورکیە)، باشوور (لە عێراق)، ڕۆژئاوا (لە سووریە) و ڕۆژهەڵات (لە ئێران) دەکەن.

2. https://archive.ph/wip/yW-MEO

3. https://www.constitutepro-ject.org/constitution/Iran_1989.pdf?lang=en (سەردان لە ١٠ی فێبریواری، ٢٠٢٢

٤. بڕوانە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە عەفرین:

https://www.constituteproject.org/constitution/Iran_1989.pdf?lang=en

https://news.un.org/en/story/2020/09/1072752, https://www.kurdistan24.net/en/story/16515-UN-report-details-large- scale-human-rights-abuses-in-Afrin.

5. https://archive.fo/QRBxP

6. https://archive.fo/LOoAu

٧. کاتێک تورکیە دژی خەڵکی مەدەنیی کورد لە سووریە کەڵکی لە بۆمبی فۆسفۆری وەرگرت، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئانتۆنیۆ گوتێریش بە نادڵنیاییەوە ڕایگەیاند، "من نیگەرانی دۆخی مرۆییم کە نەتەینا لە پەیوەندی لەگەڵ قوربانییەکاندا بەڵکو ئەو ڕاگواستنانەشە کە ڕوو دەدەن."
(https://archive.fo/wip/4PcbT)

٨. لە دەیەی ڕابردوودا، هەزاران کوردی خاوەن خوێندەواریی باڵا، کە ژمارەیەکی زۆریان بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرایان هەیە، وەک تاقە دەرفەتی کار، خەریکی کاری سەر سنوور بوون (بە کوردی پێی دەڵێن کۆڵبەری). بەڵام، هێزە دەوڵەتییەکان تەقە لە کۆڵبەران دەکەن و لە ئاکامدا ڕۆژانە دەیانکوژن و برینداریان دەکەن. لە ٢٠١٥ بەولاوە، هێزەکانی ئێرانی ٢٥٠٠ کۆڵبەریان کوشتووە یان بریندار کردووە، کە لە نێویاندا مرۆڤی بەتەمەن و لاو دەبینرێن (بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە محەممەدپوور ٢٠٢٤؛ سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٠).

٩. ئەندامانی ئاڵقەی بەرلین لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرییەوە ئیلهامیان لە نازیسمی ئاڵمانی و بیرۆکەکەی لەمەڕ باڵادەستیی ڕەگەز و خوێنی ئاریایی وەرگرتبوو(بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە مەتین-عەسگەری ٢٠١٤، ٢٠١٨، ٢٠٢٠).

١٠. وشەی "ئێران" بێگومان بەر لە ١٩٣٤ لە هێندێک وێژە و نووسراوەی مێژووییدا کەڵکی لێ وەرگیرابوو بەڵام هێشتا هیچ ئاماژەیەک بە ڕەگەز، شوناسی نەتەوەیی، یان تاقمی ئەتنیکی نەکرابوو (بڕوانە کیا ١٩٩٨؛ سکات-ئاقایی و مەرعەشی ٢٠١٤).

11. http://archive.fo/xA8sF

12. https://iranwire.com/fa/features/40390 (سەردان لە ٢ی جانیوەری، ٢٠٢١

١٣. https://archive.ph/wip/Se٣vf
(سەردان لە ٢ی جانیوەری، ٢٠٢١)

١٤. ئێمە بۆخۆمان بەرەڕووی پرسیاری ئەوتۆ بووینەوە
١٥. بڕوانە بۆ وێنە ئاڵقە تەلەفزیۆنییەکانی فارسی وەک نون خ لە یوتیوب
16. https://archive.fo/wip/EzotQ (سەردان لە ٣ی جانیوەری، ٢٠٢١)
17. https://archive.fo/wip/N6Gdq (سەردان لە ١٧ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
18. https://ahan-news.com/news/6494 (سەردان لە ٧ی جانیوەری، ٢٠٢٥)
19. https://archive.fo/wip/2YTYo (سەردان لە ٢٦ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
20. https://archive.fo/wip/bYRkO (سەردان لە ٢٦ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
21. https://archive.fo/wip/eN7ix (سەردان لە ٢٩ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
22. https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/04/11/2530662
23. https://www.isna.ir/news/94061610261
24. https://archive.fo/wip/IU6Ub (سەردان لە ٤ی جانیوەری، ٢٠٢١)
25. https://www.radiofarda.com/a/f5_landmine_iran_killed_4/454985.html
26. https://www.radiofarda.com/a/f5_landmine_iran_killed_4/454985.html
27. https://www.etemadnewspaper.ir/fa/main/detail/28114 (سەردان لە ٣ی فێبریوەری، ٢٠٢١)
28. https://old.iranintl.com/دیدگاه/زندگی-در-آغوش-مرگ؛-معضلا-مین-در-کوردستان-ایران
29. https://old.iranintl.com/دیدگاه/زندگی-در-آغوش-مرگ؛-معضلا-مین-در-کوردستان-ایران
30. https://archive.fo/wip/pGeQc (سەردان لە ٢٢ی فێبریوەری، ٢٠٢١)
31. https://fa.chya.ir/?p=118521 (سەردان لە ١٨ی جانیوەری، ٢٠٢١)
32. https://fa.chya.ir
33. https://tn.ai/3143048
34. https://archive.fo/wip/rqeJl (سەردان لە ٢ی جانیوەری، ٢٠٢١)
35. https://www.iribnews.ir/fa/news/2836270 (سەردان لە ١٤ی جانیوەری، ٢٠٢١)
36. https://ir.voanews.com/latestnews/iran-activist-court-1 (سەردان لە ٩ی دیسەمبەر، ٢٠٢٠)
37. https://ir.voanews.com/latestnews/iran-activist-court-1 (سەردان لە ٩ی دیسەمبەر، ٢٠٢٠)
38. https://shorturl.at/YwkIZ
39. https://www.isna.ir/news/94090201206 (سەردان لە ٢٣ی دیسەمبەر، ٢٠٢٠)
٤٠. نێوەکانی تاقمەکانی خەڵک کە لە کۆمەڵگادا هەڵبەستراون (ڕەش، سپی) و دەستەواژەی دەیکەی کۆمەڵایەتی (خۆ، شوناس) بە پیتی گەورە نووسراون تا وەبیر بێنیێتەوە کە ئەوانە دەستکردی کۆمەڵگان و شتی سروشتی نین.
41. https://www.washingtonpost.com/world/2023/12/06/gaza-uninhabiable-unexploded-bombs
٤٢. کەماڵ سولەیمانی بۆ بەشداری لە وڵامدانەوەکە لەبەر دەستدا نەبوو.
٤٣. بڕوانە ئەو وانەیە: https://www.youtube.com/watch?v=tgteoJ1LihU


**سەرچاوەکان:**

framework. Kurdish Studies 9(1):11–36.
Bhabha, Homi. 1994. The location of culture. London: Routledge. Blauner, Robert. 1972. Racial oppression in America. New York: Harper & Row.
Boroujerdi, M. 1996. Iranian intellectuals and the West: the tormented triumph of nativism. Syracuse, NY: Syracuse University Press.
Burkholder, Mark A., and Lyman L. Johnson. 2012. Colonial Latin America. Oxford: Oxford University Press.
43. See this lecture: https://www.youtube.com/watch?vptgteoJ1LihU.
Caldera, Christine. 2020. Kurds in Iran: current conditions and future prospects. Institute for the Study of Human Rights. https://humanrightscolumbia.org /publications/kurds-iran-current-conditions-and-future-prospects.
Casanova, Pablo González. 1965. Internal colonialism and national development. Studies in Comparative International Development 1(4):27–37.
Césaire, Aimé. 2000. Discourse on colonialism. New York: Monthly Review.
Chakrabarti, Dilip. 1997. Colonial Indology: sociopolitics of the ancient Indian past. Delhi: Munshiram Manoharlal.
Chakrabarty, Dipesh. 2000. Provincializing Europe: postcolonial thought and historical difference. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Chatterjee, Partha. 1986. National-
Abadian, Ali. 2014. Let’s save the future of the region’s farming. Sharg Newspaper, 11 Azar. [In Farsi.]
Abdel-Malek, Anouar. 1963. L’Orientalisme en crise: par Anouar Abdel-Malek. Paris: Revue.
Agamben, G. 2005. State of exception. Chicago: University of Chicago Press. Ahmad, Aijaz. 1992. In theory: classes, nations, literatures. London: Verso.
Apter, David. 1987. Rethinking development: modernization, dependency, and post-modern politics. Thousand Oaks, CA: Sage.
Asgharzadeh, A. 2007. Iran and the challenge of diversity: Islamic fundamentalism, Aryanist racism, and democratic struggles. New York: Palgrave Macmillan.
Balzacq, Thierry, Sarah Léonard, and Jan Ruzicka. 2016. Securitization revisited: theory and cases. International Relations 30(4):494–531.
Bayat, K. 2003. Riza Shah and the tribes: an overview. In The making of modern Iran: state and society under Riza Shah. S. Cornin, ed. Pp. 1921–1946. London: Routledge.
Behdad, A. 1994. Orientalism after Orientalism. L’Esprit Créateur 34(2):1–11.
Beiras, Xosé. 1982. El atraso económico de Galícia. Vigo: Edicións Xerais de
Galicia.
Bezwan, Naif. 2021. The state and violence in Kurdistan: a conceptual

grievances against the U.S. https://www.wsj.com/articles/turkey-has-legitimate -grievances-against-the-u-s-11570576128 (accessed December 12, 2020).
Du Bois, W. E. B. 1903. Souls of black folk. Chicago: A.C. McClurg. [AR]
1945. Color and Democracy: colonies and peace. New York: Harcourt, Brace.
Durkheim, Emile. 1893. Division of labor in society. Paris: Alcan. [AR]
1912. Elementary forms of the religious life. Paris: Alcan. [AR]
Eighth Grade Farsi. 2018. Eighth grade Farsi. Organization for Research and Educational Planning, Tehran, Iran. [In Persian.]
Elling, R. C. 2013. Minorities in Iran: nationalism and ethnicity after Khomeini. New York: Palgrave.
Escobar, Arturo. 1995. Encountering development: the making and unmaking of the third world. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Esteva, G. 1992. Development. In The development dictionary: a guide to knowledge as power. Wolfgang Sachs, ed. Pp. 6–25. London: Zed. Fanon, Frantz. 1952. Black skin, white masks. New York: Grove.
1961. The wretched of the earth. Harmondsworth: Penguin.
Foucault, M. 1972. The archaeology of knowledge. London: Routledge.
Frank, Andre Gunder. 1998. ReOrient: global economy in the Asian age. Berkeley: University of California
ist thought and the colonial world: a derivative discourse. London: Zed.
1993. The nation and its fragments: colonial and postcolonial histories. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Chomani, Kamal, and Toon Bijnens. 2016. The impact of the Daryan Dam on the Kurdistan region of Iraq. Save the Tigris and Iraqi Marshes Campaign, https://www.hlrn.org/img/documents/Daryan-Dam-Report.pdf.
Cooper, Frederick. 2002. Africa since 1940: the past of the present. Cambridge: Cambridge University Press.
Crowder, Michael. 2007. West African resistance: the military response to colonial occupation. London: Routledge.
Dabashi, Hamid. 2008. Iran: a people interrupted. New York: New Press.
2017. On the Kurdish question. Aljazeera Online, https://www.aljazeera.com/opinions/2017/11/27/on-the-kurdish-question.
de Certeau, M. 1988. The practice of everyday life, vol. 1. Berkeley: University of California Press.
Deringil, Selim. 2003. The Late Ottoman Empire and the post-colonial debate. Comparative Studies in Society and History 45(2):322–323.
Dirlik, Arif. 1997. The postcolonial aura: third world criticism in the age of global capitalism. Boulder, CO: Westview.
Doran, Michael, and Michael A. Reynolds. 2019. Turkey has legitimate

resources. Journal of World-Systems Research 28(2):320–343. https://doi.org/10.5195/jwsr.2022.1081.
Hechter, Michael. 1975. Internal colonialism: the Celtic fringe in British national development. Berkeley: University of California Press.
Hind, Robert J. 1984. The internal colonial concept. Comparative Studies in Society and History 26(3):543–568.
Hoogvelt, A. 1997. Neo-colonialism, modernization and dependency. In Globalisation and the postcolonial world. Pp. 29–43. London: Palgrave. https:// doi.org/10.1007/978-1-349-25671-6_2.
Iran Report. 2020. Execution of ethnic minorities. https://www.iranhr.net/en /print/5/4718/.
Jacobs, James. 1977. Stateville. Chicago: University of Chicago Press. [AR]
Jalal al-ʿAzm, Sadik. 2000 (1981). Orientalism and Orientalism in reverse. Khamsin 8:5–26.
Kapoor, I. 2002. Capitalism, culture, agency: dependency versus postcolonial theory. Third World Quarterly 23(4):647–664.
Katouzian, H. 2003. Reza Shah's political legitimacy and social base, 1921–1941. In The Making of Modern Iran: State and Society under Riza Shah 1921–1941. S. Cronin, ed. P. 33. London: Routledge.
Kia, Mehrdad. 1998. Persian nationalism and the campaign for language purification. Middle Eastern Studies
Press.
1966. The development of underdevelopment. Monthly Review 18(4): 17–31.
Frank, Andre Gunder, and Barry K. Gills. 1992. The world system: five hundred years or five thousand? Humboldt Journal of Social Relations 18(1):1–79.
Gandhi, M. K. 1956. Thoughts on national language. Ahmedabad: Navajivan. Garfinkel, Harold. 1967 Studies in ethnomethodology. Englewood-Cliffs, NJ: Prentice-Hall. [AR]
Giddens, Anthony. 1991. The consequences of modernity. Stanford, CA: Stanford University Press.
Go, J. 2016. Postcolonial thought and social theory. Oxford: Oxford University Press.
Goffman, Erving. 1961. Asylums. Chicago: Free Press. [AR]
1983. The interaction order. American Sociological Review 48(1):1– 17. [AR]
Guha, Ranajit. 2002. History at the limit of world-history. New York: Columbia University Press.
Hassaniyan, Allan. 2021. The environmentalism of the subalterns: a case study of environmental activism in eastern Kurdistan/Rojhelat. Local Environment 26(8):930–947. https://doi.org/10.1080/13549839.2021.1933927.
Hassaniyan, A., and M. Sohrabi. 2022. Colonial management of Iranian Kurdistan, with emphasis on water

2018. Both Eastern and Western: an intellectual history of Iranian modernity. Cambridge: Cambridge University Press.
2020. Intellectual statesmen and the making of Iran's illiberal nationstate (1921–1926). In Mapping the role of intellectuals in Iranian modern and contemporary history. Ramin Jahanbegloo, ed. Lanham, MD: Lexington.
Memmi, Albert. 1965. The colonizer and the colonized. New York: Orion.
Mirsepassi, Ali. 2019. Iran's quiet revolution: the downfall of the Pahlavi state. Cambridge: Cambridge University Press.
Mirzai, Behnaz A. 2017. A history of slavery and emancipation in Iran, 1800– 1929. Austin: University of Texas Press.
Mizoguchi, Koji. 2010. The colonial experience of the uncolonized and colonized: the case of East Asia, mainly as seen from Japan. London: Routledge. Mohammadpour, Ahmad. 2021. Perso-Shia nationalism: from Berlin circle to Persianate world. Tishk Journal 59–60(23):11–23. [In Persian.]
2023. Persian Orientalism: raciolinguistic Ideologies and the construction of "Iranianness." Nations and Nationalism 30:356–375. https:// doi.org/10.1111/nana.12990.
2024a. Blood for bread: necro-labor, nonsovereign bodies, and the state of exception in Rojhelat. American Anthropologist 126(1):120–134. https:// 34(2):9–36.
Kurt, M. 2019. "My Muslim Kurdish brother": colonial rule and Islamist governmentality in the Kurdish region of Turkey. Journal of Balkan and Near Eastern Studies (21)3:350–365.
Lafont, Robert. 1971. La revolución regionalista. Barcelona: Ariel. Lefebvre, H. 1987. The everyday and everydayness. Yale French Studies 73:7– 11.
Lerner, Daniel. 1958. The passing of traditional society: modernizing the Middle East. New York: Free Press.
Lucas, Gavin. 2004. An archaeology of colonial identity: power and material culture in the Dwars Valley, South Africa. New York: Kluwer/Plenum.
Lydon, J., and U. Z. Rizvi. 2010. Handbook of postcolonial archaeology. London: Routledge.
Makdisi, U. 2002. Ottoman Orientalism. American Historical Review 107(3): 768–796.
Mamdani, Mahmood. 2020. Neither settler nor native: the making and unmaking of permanent minorities. Cambridge, MA: Belknap. Marquard, Leo. 1957. South Africa's colonial policy. Johannesburg: Institute of Race Relations.
Matin-Asgari, A. 2014. The Berlin circle: Iranian nationalism meets German countermodernity. In Rethinking Iranian nationalism and modernity. K. Scot-Aghaei and A. Marashi, eds. Pp. 49–67. Austin: University of Texas Press.

shade of colonialism: Egypt, Great Britain, and the mastery of the Sudan. Berkeley: University of California Press.
Ram, H. 2000. The immemorial Iranian nation? school textbooks and historical memory in post-revolutionary Iran. Nation and Nationalism 6(1): 67–90.
Rassam, A. 1980. Comments on Orientalism. Comparative Studies in Society and History 22:505–512.
Rawls, Anne. 1987. The interaction order sui generis. Sociological Theory 5(2): 136–149. [AR]
 1996. Durkheim's epistemology: the neglected argument. American Journal of Sociology 102(2):430–482. [AR]
 2009 (2004). Epistemology and practice. Cambridge: Cambridge University Press. [AR]
 2021. Durkheim's self-regulating "constitutive" practices: an unexplored critical relevance to racial justice, consensus thinking, and the Covid-19 pandemic. In Durkheim and critique. Nicola Marcucci, ed. New York: Palgrave Macmillan. [AR]
 2022. Situating Goffman's "interaction orders" in Durkheim's social fact lineage. Etnografia e ricerca qualitativa 2022(1):27–62. [AR]
Rawls, Anne, and Waverly Duck. 2020. Tacit racism. Chicago: University of Chicago Press. [AR]
Redfield, Robert. 1948. Folk culture of the Yucatan. Chicago: University of Chicago Press.
doi.org/10.1111/aman.13941.
 2024b. The invention of Iran: from "Iranianness" to "Persianness." Asian Studies Review. https://doi.org/10.1080/10357823.2024.2355110.
Mohammadpour, Ahmad, and Kamal Soleimani. 2019. Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East. British Journal of Sociology 70(5):1799–1824. https://doi.org/10.1111/1468 -4446.12656.
 2020. "Minoritisation" of the other: the Iranian theo-ethnocratic state's assimilatory strategies. Postcolonial Studies 24(1):40–62. https:// doi.org/10.1080/13688790.2020.1746157.
Nkrumah, Kwame. 1965. Neo-colonialism, the last stage of imperialism. London: Thomas Nelson. [HA]
Olson, Robert W. 1989. The emergence of Kurdish nationalism and the Sheikh
Said Rebellion 1880–1925. Austin: University of Texas Press. [HA]
Peckham, Robert. 2004. Internal colonialism: nation and region in nineteenthcentury Greece. In Balkan identities: nation and memory. Maria Todorova, ed. Pp. 41–59. New York: New York University Press.
Porter, Dennis. 1994. Orientalism and its problems. In Colonial discourse and post-colonial theory: a reader. Laura Chrisman and Patrick Williams, eds. Pp. 150–161. New York: Harvester Wheatsheaf.
Powell, Troutt. 2003. A different

nationalism and modernity. Austin: University of Texas Press.
Sghaier, Salhi. 2016. Internal colonialism and uneven development: regional marginalization system in Tunisia. [In Arabic.]
Shalhoub-Kerkovian, Nadera, and Rachel Busbridge. 2014. (En)gendering de-development in east Jerusalem: thinking through the "everyday." In Decolonizing Palestinian political economy de-development and beyond.
Mandy Turner and Omar Shweiki, eds. Pp. 77–94. New York: Palgrave Macmillan.
Smelser, Neil. 1966. The modernization of social relations. In Modernization:
the dynamics of growth. Myron Weiner, ed. Pp. 101–121. New York: Basic. Soleimani, Kamal. 2020. A green struggle in the path of Kurdistan. Tishk Journal of Tishk 52(22). [In Persian.]
Soleimani, Kamal, and Ahmad Mohammadpour. 2019a. Can non-Persians speak? the sovereign's narration of "Iranian identity." Ethnicities 19(5):925– 947. https://doi.org/10.1177/1468796819853059.
2019b. The securitisation of life: eastern Kurdistan under the rule of a Perso-Shi'i state. Third World Quarterly 41:663–682. https://doi.org/10.1080/01436597.2019.1695199.
2020. Life and labor on the internal
Rifkin, Mark. 2017. Beyond settler time: temporal sovereignty and indigenous self-determination. Durham, NC: Duke University Press.
Rodinson, Maxine. 1978. Islam and capitalism. Austin: University of Texas Press.
Rodríguez, I. 2001. The Latin American subaltern studies reader. Durham, NC: Duke University Press.
Rogers, Everett. 1969. Modernization among peasants: the impact of communication. New York: Holt McDougal.
Rostow, Walt. 1960. The stages of economic growth: a non-Communist manifesto. London: Cambridge University Press.
Roy, Sara. 1987. The Gaza Strip: a case of economic de-development. Journal of Palestine Studies 17(1):56–88. https://doi.org/10.2307/2536651.
1995. The Gaza Strip: the political economy of de-development. Washington, DC: Institute for Palestine Studies.
2014. Foreword. In Decolonizing Palestinian political economy dedevelopment and beyond. Mandy Turner and Omar Shweiki, eds. Pp. ix–xv. New York: Palgrave Macmillan.
Said, Edward. 1978. Orientalism. New York: Pantheon.
Saleh,A.2013. Ethnicidentityandthe stateinIran. New York: Palgrave Macmillan.
Scot-Aghaei, Kamran, and Afshin Marashi. 2014. Rethinking Iranian

Press.
1980. The modern world-system II: mercantilism and the consolidation of the European world-economy, 1600–1750. Boston: Academic Press.
1989. The modern world-system III: the second era of great expansion of the capitalist world economy, 1730–1840s. Boston: Academic Press.
Wolpe, Harold. 1975. The theory of internal colonialism: the South African case. In Beyond the sociology of development. Ivar Oxaal, Tony Barnett, and David Booth, eds. Pp. 105–120. London: Routledge.
Yadirgi, Veli. 2017. The political economy of Kurds of Turkey: from the Ottoman Empire to the Turkish republic. Cambridge: Cambridge University Press.
2018. De-development in eastern and southeastern Anatolia. In Routledge handbook on the Kurds. Pp. 139–156. London: Routledge. https://doi.org/10.4324/9781315627427-12.
Yiftachel, O. 2006. Ethnocracy: land and identity politics in Israel/Palestine. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.
Young, R. J. C. 2016. Postcolonialism: a historical introduction. Hoboken, NJ: Wiley-Blackwell.
Zia-Ebrahimi, R. 2016. The emergence of Iranian nationalism: race and the politics of dislocation. New York: Columbia University Press.
colonial edge: political economy of Kolberi in Rojhelat. British Journal of Sociology 71(4):741–760. https://doi.org/10.1111/1468-4446.12745.
2022. Sovereignty and developmental policies in Palestine and eastern Kurdistan. Estudios de Asia y África 57(2):249–288. https://doi.org/10.24201/eaa.v57i2.2738.
Soleimani, K., and D. Osmanzadeh. 2021. Textualising the ethno-religious sovereign: history, ethnicity and nationalism in the Perso-Islamic textbooks. Nations and Nationalism 27(3):741–757. https://doi.org/10.1111/nana .12705.
Spivak, Gayatri Chakravorty. 1988. Can the subaltern speak? In Marxism and the interpretation of culture. Cary Nelson and Lawrence Grossberg, eds. Pp. 271–313. London: Macmillan.
Stanford Encyclopedia of Philosophy. 2023. Colonialism. https://shorturl.at/7WX3v.
Sykes, Gresham. 2007 (1958). The society of captives. Princeton, NJ: Princeton University Press. [AR]
Toledano, Ehud R. 2007. As if silent and absent: bonds of enslavement in the Islamic Middle East. New Haven, CT: Yale University Press.
van Bruinessen, Martin. 1992. Agha, Shaikh and state: the social and political structures of Kurdistan. London: Zed. [HA]
Wallerstein, Immanuel. 1974. The modern world-system. New York: Academic